# قاســـمــلــوو

## ســوار چــاكــی خــەبات بــۆ ئــاشـــتــی و دێــمـوكــراســـی

كــۆكـردنـەوە و نـووســیــن

ئەحمەد هــەمـزە پــوور ( مـەكــڵاوەیــی )



پـــیـَــنــــاس

ناوی کتێب

قاسملوو سوار چاکی خەبات

بۆ ئاشتی و دێموکراسی

کۆکردنەوە و نووسین

ئەحمەد هەمزە پوور (مەکڵاوەیی)

تایپ

ئاوارە محەمەد پەنا

مۆنتاج

کۆمپیوتەر و فۆتۆکۆپی خاک

( کۆیە – شەقامی سەرا )


سپاس

بۆ مامۆستا ( عەبدوڵای حەسەن زادە ) کە ئەرک و ماندوبوونی ڕێزمانی و ئەدەبی سەرەتای ئەو کتێبە و بەشێکی نوسراوەکانی گرتە سەرشانی خۆی . هەروەها سپاسی مامۆستا ( حەسەن عەباس ) دەکەم کە زۆری زەحمەت کێشا بۆ ڕێک خستنی ڕستەبەندیی ئەو کتێبە .

# پێشـکــه‌ش

ئه‌م کتێبه پێشکه‌ش ده‌که‌م
به   طه‌ی 20 ساڵه‌ی
شـه‌هید بوونی قاسـملوو و
به گشـت تێکۆشـه‌رانی
دێموکرات
راسته‌قینه‌ی کوردستان و
لـه کـۆتـایــیـدا
بـه جـگـه‌ر گـۆشــه‌کـانــم
رێــبــه‌ر و رازاوه

## ســـــەرەتـــا

لە نێو نەتەوەکانی جیهاندا کەمتر نەتەوەیەك هەیە کە وەك کورد زوڵمی لێ کرابێ. بەڵام بەو حاڵەتەش کەمتر نەتەوە لە جیهاندا هەیە بە قەدەر کورد حەزی لە ئاشتی کردبێت و بکا . کورد بەگشتی سەرەڕای ئەوە کە لە لایەن ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکانەوە هـ ەمیشە زەبرو زەنگی پێ رەوا بینراوە، هەمیشە ڕێگای ئاشتیخوازی گرتۆتە بەر و لە پێناو جیگیر کردنی ئاشتی دا خەباتی کردوەو ماندوویی نەناسیوەو لەو پێناوەشدا زۆر ڕۆڵەی بە ئەمەگ و گەورەی خۆی فیدا کردووەو بە شانازی سەریان ناوەتەوە . ئەگەر بە وردی ئاوڕێك لە مێژ ووی نەتەوەی کورد بد ەینەوە و بڕوانین، دەبینین مێژووی نەتەوەکەمان پڕە لە گیان بەخشینی ڕۆڵەکانی و لە نێویاندا گەلێك سەرکردەو ڕێبەری بە ئەزموون و لێوەشاوەو خۆ ڕاگرو لێهاتوو دەبینرێن کـە بۆ گەیشتنی نەتەوەکەیان بە مافە ڕەواو ئینسانیەکانی خۆی چەندەیان خ ەبات کرد وەو زەحمەتیان کێشاوە و بە دانی خوێنی خۆیان ئاشتیخوازی میللەتی کوردیان بە گشت خەڵکی ئاشتیخوازی جیهان نیشان داوە کە یەکێك لە بەر جەستەترین و بەرچاوترینیان قاسملوویە.

شەخسییەت و کەسایەتیی سیاسیی قاسملوو هەر لە سەرەتای لاوەتیدا بنجی داکوتابوو و بە هۆی موقعییەتی تایبەت ی بنەماڵەیی زۆر زوو لەگەڵ گیروگرفتی گەلی کورد ئاشنا بوو و قۆڵی لە خەباتکردن هەڵ ماڵی و لە نێو ریزی ئەندامانی تەشکیلاتی حیزب دا بە مەبەستی رزگاربوونی نەتەوەکەی لە ژێر دەستی و گەیشتن بە مافەکانی درێژە بە تێکۆشان داو لەو پێناوەد ا زۆری کوێرەوەری دیت و زەحمەتی کێشا و نەخشی بەرچاوی گێڕا کە لەگەڵ هەڵکردنی شنەبای بەیاننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970 گەڕایەوە عیراق و بە هاوکاریی هاوڕێیانی دیکەی دانیشتووی ئەو وڵاتە تەشکیلاتی حیزبی لە

نویٚ نوێسازی کرده وەو حیزبی سەربەخۆ راگرت و له پ ەرشۆ و بڵاوی دەربازی کرد. ئەزموونی مێژوویی نیشانی داوه که کەسایەتیەکان دەتوانن له دیاریکردنی چارەنووسی گەلاندا نەخشی بەرچاویان هەبێ که د . قاسملوو یەکێك لەو کەسانه بوو که له هەل و مەرجی ئەو کاتی حیزب دا وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار درەوشایەوەو رێگ ای ون بوو ی جارێکی دیکه بەرێبوارانی به ئەمەگی ڕێبازی حیزب نیشان دایەوەو کەوتنەوه سەر رێی راستەقینەی خەبات و تێکۆشان.

به دانانی بەرنامەو ئەساسنامەی ن وێ و لاواندنەوەی هاوڕێیانی زیر بووی دەورانی سەر لێشێواو ی حیزب و دارشتنەوەی سەر له نوێی قەوارەی تەشکیلاتی حیزب و خستنەوه گەڕی، حیزبی دێموکراتی له نێو کۆڕو کۆمەڵه جۆراوجۆرەکانی ناوچەو دەوروبەر دا ناساندو به کەڵك وەرگرتن له کەسایەتی بەرزی خۆی سەربەخۆیی له دەست چووی حیزبی دێموکراتی گێرایەوه سەر دۆخی خۆی و رووحێکی تازەی به بەر حیزبدا داکردەوەو هیواو برِوایەکی زۆری خسته نێو دڵی خەڵکی کورد ستان بەگشتی و کادرو ئەندامانی حیزب به تایبەتی و تشکیلاتی حیزبیشی چاکسازی کردو دووباره حیزبی دێموکراتی وەك حیزبێکی بەرپرس و تێکۆشەر و به ئیعتبار هێنایەوه مەیدان و پێوەندیەکی سالمی له سەر پەرەپێدانی چالاکیی خۆی لەگەڵ زۆر رێکخراوی سیاسی و کۆڕو کۆمەڵی نێونەتەوەیی دا دامەزراندو پەرنسیبەکانی حیزبی دێموکراتی سەقامگیرکردن و کردنی به فەرهەنگ و بۆ پاراستنی پێی دا دەگرت و ئاماده بوو مایەیان لەسەر دابنێ.

حەزی له کاری دەسته جەمعی و رێبەر ی جەمعی دەکرد و بۆ حه لل کێشەکانیش بەگشتی ئیمانی پتەوی به دیالۆگ و وتووێژ چ له نێو حیزب و چ له پێوەندیەکانی دەرەوەی حیزب دا هەبوو.

قاسملوو زۆری هەوڵ دا مەسەلەی کورد لە رادەی نەتەوەیی دا بناسێنێ , چونکە پێی وابوو ئەگەر مەسەلەی کورد نەبێتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی چارەسەرکردنی دژ وارە. بەڵێ قاسملوو پێشمەرگەیەکی مەیدانی خەبات، ئەدیب، نووسەر، دیپلۆمات و ئاشنا بە فەرهەنگی ئورووپایی و ئێران و کورد و هیدی و ئەهلی خوێندنەوەو زمانزانێکی بە تواناو رێبەرێکی هەڵکەوتوو ، مودیرێکی کارامەو سەرمایەکی گەورە بۆ گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بوو. هەر بۆیەش ئاخوندە دڵ رەشەکانی حاکم بە سەر ئێراندا کە خۆیان کردۆتە دەسەڵاتی موتڵەقە لە وەڵاتەکەمانداو هیچ بایەخێك بە ئوسوولی ئەخلاقی و ئینسانی نادەن و کەمترین نرخ بۆ رێ و شوێنە نەتەوەیی یەکان و پێوەندییەکانی نێوان گەلان و دەوڵەتانی دنیا دانا نێن , زۆر کۆنە پەرستانەو دوور لە عەداڵەتی ئینسانی و رەوشت ی پیاوانەو عەقڵیەتی پێشکەوتوانە دەستیان لە جینایەتێکی کەم وێنەو بێ ئەخلاقی و بێ پ ڕنسیپی یەکی ئاشکرا و بێ پەردە داو لە نیازپاکی و ئاشتیخوازی گەلی کورد و قاسملووی رێبەر کەڵکی خراپیان وەرگرت و رووی دزێوی دڕ ندەیی خۆیان لە نێو جەرگەی ئورووپادا بۆ گەلانی ئێران و بەگشتی بۆ گەلانی جیهان دەرخست و لە سەر مێزی وتووێژ دەستیان بۆ درێ ژ کردو بە دەستی پڕ لە خوێن و خیانەتی خۆیان لە خوێندا سووریان کرد.

پەروەردە کراوانی خوێن و خیانەت و تینوو بە خوێ نی نەتەوەی کورد بە روونی دەریان خست چەند دوژمنی نەتەوەی کوردن و زیاتر لە رابردووش سەلماندیان کە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هیچ رێگایەك بە ناوی ئاشتیخوازیی ناناسن . وایان زانی بەو هەنگاوە غەیرە ئینسانی و بێ ئەخلاقییە دەتوانن رەوڕەوەی پێشکەوتنی نەتەوەی کورد رابگرن. نەیان زانی

که قاسملوو تاجی سەر بەرزی له سەردەنێ و ئەوانن له نێو خەڵکی وڵات و جیهانی ئاشتیخواز دا روو رەش دەبن.

هەرچەند له دەست چوونی قاسملوو بۆ نەتەوەی کورد خەسارەیەکی گەورە بوو، بەڵام رۆڵەکانی نەتەوەی کورد وەفادار به ئامۆژگاری یه به نرخەکانی رێبەری به ئەزمو ونیان نەیان هێشت جوولانەوەی کورد له رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو نشوست بڕوا و یەك دەنگ ی نەتەوەی کورد بەگشتی بەرانبەر بەو پیلانه له هەر کات و سەردەمێك زیاتر خۆی نواندو یەکبوونی نەتەوەییی کورد یان له هەر چوار پارچه ی کوردستاندا زیاتر نیشانی ج یهانیان دا.

دوژمن بەو پیلانه گلاوەی له نێو خەڵکی کوردستان و هەموو ئاشتیخوازانی جیهاندا زیاتر بێزرا، بەڵام پشتیوانیی کۆمەڵگای ئاشتیخوازی جیهان زیاتر به لای چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد کشا. هەر چەند ئەو کارەساتە برینێکی قووڵی له سەر دڵی هەموو شۆڕشگێڕ انی کوردستان و بەگشتی له سەر دڵی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد دانا، بەڵام خوێنه گەشەکەی قاسملوو داری ئاشتی و ئازادی ئاو داو بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئاشتیخوازی نەتەوەی کوردی مۆر کرد و خستییه بەر چاوی بیروڕای ئاشتیخوازی جیهان.

تیرۆر کردنی ئەو کەڵه پیاوە هەزارا ن شەخسییەتی به ناوبانگی کورد و ئێرانی و جیهانی هەژاند که دەسەڵات به دەستانی ئێرانی ئاخووندییان لەعنەت و نەفرین کردو ئەو گوللانەی له چەکی پیاو کوژەکانی سەر به ئاخوندەکان هاتنه دەر تەنیا به نیشانه گرتن و لێدان له مێشك و دڵی قاسملوویان دانەناو به لێدان له دڵ و مێشکی ئازادیخوازانی جیهان و دنیای دێموکراسی خوازیان داناو قاسملوویان به یەکێك له شێلگیرترین لایەنگر انی سوڵح و ئاشتی و دێموکراسی له سەرانسەری جیهاندا داناو دەستی خۆیان بۆ

لە ئەژنۆ داو بەشداریی زۆربەی هەرە زۆری ڕێكخراوە و حیزبە سیاسییەكانی ئێرانی و كوردستانی و نوێنەرانی زۆر حیزبی سیاسی ئورووپایی و دەیان و سەدان شەخسیەتی سیاسی، هونەری، رۆژهەلاتناسی بە ناوبانگ و كەسایەتیی ئەدەبی لە رۆژی بە خاك سپاردنی و سالیادەكانی یەك بە دوا یەكدا، لە كۆڕو كۆبوونەوەو خۆپێشاندان و ڕێپێوان و ئیعترازەكاندا بە دژی كۆماری ئیسلامی، نیشانەی وەڕێكەوتنی شەپۆلێكی گەورەی نەفرین و بێزاری لە عامیلانی ئەو جینایەتە بوو كە دەنگدانەوەی ئەو شەپۆلە بە هۆی رادیۆو تەلەفزیۆن و چاپەمەنیی دنیادا ، زیاتر لە هەر دیاردەیەكی دیكە زۆر لێكراوی نەتەوەی كوردی بۆ خەلكی جیهان دەرخست.

لەگەلْ ئەوەدا كە خۆشەویستیی قاسملوو لە نێو رۆلەكانی گەلی كورد دا بەگشتی شتێكی حاشا هەلنەگرە، بەلام پێویستە خەلكی كوردستان بەگشتی و بە تایبەتی قشری رووناكبیرو لاوان بە بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەكانی قاسملوو ئاشنا بكەین كە بۆ ئەوەش ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموكرات و كادرو پێشمەرگەو رووناكبیرانی كورد بەرپرسیارن تا بیری قاسملوو تۆزی فەرامۆشیی لێ نەنیشێ و وەچەكانی داهاتوو فەخری پێوە بكەن و لە نێو تاكەكانی نەتەوەكانی جیهاندا وەك سەمبوولی دێموكراسی خوازی باسی لێ بكەن كە ئەوە تەنیا خزمەت بە قاسملوو نیەو خزمەت كردن بە مێژووی نەتەوەكەمانە، منیش هەر بەم مەبەستە هەروەك 28 سالْ خەبات و پێشمەرگایەتیم لە پێناو وەدیهاتنی ماف و ئازادییەكانی نەتەوەكەمدایە، ئەوەشم بە ئەركی خۆم زانی و دەستم دایەو ئەوەی لە دەستم هات و لە توانا دابوو، كۆم كردەوەو نووسیم و لە چوار بەشدا خستمە بەر چاوی خوێنەران.



کۆبونەوەی قاسملوو بۆ تاقمێك لە پێشمەرگەکان
هاوینی 1364 بنکەی سەرکردایەتی
لە گەورە دێی باشووری کوردستان

## بـەشـی یـەكــەم

### شوێن و ساڵی لە دایك بوونی قاسملوو

قاسملوو لە شەوی یەڵدا , شەو زستانی ساڵی 1309ی هەتاوی بەرامبەر بە 22ی دیسامبری 1930ی زاینی، لە شاری ورمێ لە بنەماڵەیەكی ساحب ملك لە دایك بوو.

### سەرەتای دەست پێكردنی خوێندنی

پاش ئەوە كە چوار ساڵ بە سەر رۆژی لە دایك بوونیدا رابووورد، لە لایەن بنەماڵەكەی رێگەی قوتابخانەی ئای ئفی پێ نیشان دراو بۆ ماو ەی دوو ساڵ درێژەی بە خوێندنی ئایئفی دا. بەلاّم لەو تەمەنە كەمەی دا وەك زۆر لەو منداڵانەی كە دەگمەن لە نێو گەلاندا هەڵ دەكەون فێری زۆر شت بوو.

### درێژە پێدانی خوێندن و ئاشنا بوونی بە مەسەلەی كورد

پاش دوو ساڵ خوێندن لە قوتابخانەی ئای ئفی د ا، لە تەمەن ی قانوونی بۆ خوێندن دا، لە شاری ورمێ رێگەی قوتابخانەی گرتە بەر و بۆ ماوەی چەند ساڵ لەو شارەدا درێژەی بە خوێندن دا . بەلاّم ئێستا ه ەر لە قۆناخی سەرەتایی خوێندن بوو كە لەگەڵ مەسەلە سیاسییەكان ئاشنا بوو و بیری ئازادی خوازی لە مێشكی دا گەشەی كرد و بە لای مەسەلەی نەتەوەكەیدا كشا.

نموونەش بۆ ئەو راستییە ئەوەیە كە وەك خۆی (قاسملوو) لە چل ساڵ خەبات دا ئیشارەی پێ كردوە، كاتێك باوكی لەگەڵ هیئەتێكی 30 كەسیی كورد لە لایەن رووسەكان ەوە بۆ باكۆ بانگ هێشتن دەكرێ، كاتێك دەگەڕێتەوەو باس لە سەفەرەكەی دەكا، پرسیار لە باوكی دەكاو دەپرسێ : ئەدی مەسەلەی كوردان بوو بە چی؟

## یەکەمین تێکۆشانی سیاسیی قاسملوو

دروست لە تەمەنی پانزە ساڵی دا بە بیرو هەستی کوردانەو ئازادیخوازانە کە تێ گەیشتبوو لاوانی کوردستان لە رۆژهەلاتی کوردستان لە ژێر سێبەری رەشی دەسەلاتدارەتیی زاڵ بە سەر گەلانی ئێراندا و نەیان توانیوە پلەی زانیاری و هۆشیار یی خۆیان لە بوارە جیا جیاکان دا بە تایبەتی لە بواری سیاسی دا بەرنە سەر و رۆڵەکانی کورد لە مەسەلەی نەتەوایەتیی خۆیاندا زانیارییەکی ئەوتۆ پەیدا بکەن، لە شاری ورمێ لقی یەکیەتیی لاوانی دامەزراند.

## چوون بۆ نێو تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لەو کات دا کە کۆماری کوردستان پرشنگی زێڕینی خۆی بە سەر هەموو کوردستاندا بڵاو کردەوە و تاریکیی تاریک پەرستانی لە بەر چاوی پیرو جوانەکانی گەلی کورد لە گشت پارچەی کوردستاندا رەواند و چرای هیواو ئومێدی لە دڵی تەك تەكی ئەندامانی گەلی کورد دا هەڵکرد و هەستی نەتەوایەتیی لە دڵاندا زیاتر وروژاند، قاسملوو لەگەڵ ئەوەدا کە تازە لاوێك بوو، بەڵام تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ مەسەلەی کورد و کۆماری کوردستان ئاشنا ببوو و هەستی نەتەوایەتی لە مێشکی دا جوولا بوو، پاش دامەزراندنی یەکیەتیی لاوان، بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

## درێژە پێدانی خوێندن

بە دوای ئەوەدا کە بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەوڵدانی بۆ وەسەرێك نانی زانست و تێکۆشانی لە پێناو ئازادیی نەتەوەو ولاتەکەیدا کردە ئەرکی سەرشانی خۆی و خۆ پێگەیاندن و هەنگاو نانی دروست و ژیرانەی بۆ بەرەوپێش بردنی کۆمەڵی ئینسانی بە دروست دانا . هەر بۆیەش بەو مەبەستە، ساڵی 1325 کە بە داخەوە کۆماری کوردستان رووخا، پاش

ئەو رووداوە تاڵە، رێگەی پێتەختی وڵاتی ئێرانی گرتە بەرو بۆ ماوەی دوو ساڵ لە شاری تارا ن درێژەی بە خوێندن دا . بەڵام پاش ئەو دووساڵە، لە 1327 دا رێگەی هەندەرانی گرتە بەرو چووە پاریس پێتەختی وڵاتی فەرانسە.

## دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات

بە دوای ئەوەدا کە وڵاتی جێ هێشت، لە فەرا نسە درێژەی بە خوێندن دا . بەڵام لەوێش لە کاری سیاسی خافل نەبوو و پاش ماو ەیەك مانەوە لە فەرانسە، وێڕای درێژە پێدانی خوێندن، روو ی کردە کاری سیاسی و بە هاوکاریی چەند خوێندکاری دیکەی کورد لە وڵاتی فەرانسە، کۆمەڵی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا یان دامەزراند.

## هۆی جێ هێشتنی فەرانسە و هەنگاونان بۆ چیکوسلۆواکی

ساڵی 1327ی هەتاوی کە قاسملوو لە پاریسی پێتەختی فەرانسە سەرگەرمی خوێندن و کاری سیاسیش بوو، لە 15 ی رێبەندانی ئەو ساڵەدا، لە پێتەختی ئێران تەقەیان لە شا کردو بووەهۆی لەنێوچوونی ئازادیە دێموکراتی یەکان لە سەرانسەری ئێراندا.

لەو کاتەدا بە مەبەستی پشتیوانی لە ئازادیخوازان کۆبوونەوەیەکی بەرینی خوێندکارە ئێرانیەکان لە پاریس پێتەختی وڵاتی فەرانسە پێك هات و لەوێدا قاسملوو بە درێژی دژی شاو رژێمەکەی دوا.

ئاکامی ئەو کۆبوونەوەیە ، ئەوە بوو کە خوێندکاران پەیامێکی ئیعترازییان بۆ شای ئێران نارد . ئەو هەڵوێستەی خوێندکارانی ئێرانی لە پاریس بەرامبەر بە رژێمی شا بووە هۆی فشاری باڵوێزخانەی ئێران لە فەرانسە و خودی حکوومەتی فەرانسە بۆ سەر شەخسی قاسملوو کە سەر ئەنجام بووە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی ئێران لە ناردنی پووڵی بورسییەکەی بەرگری کردو ناچار

پاریسی بەجێ هێشت و وەك یەكەم بورسییەی ئێرانی "یەكیەتێی نێونەتەوەیی خوێندكاران" چووە پراگ , پێتەختی چیكوسلۆواكی.

## درێژەپێدانی خوێندن و تێكۆشانی سیاسی لە پڕاگ

قاسملوو لەگەڵ گەیشتنی به چیكوسلۆواكی لە دانشگای پڕاگ دا درێژەی بە خوێندن دا. لەوێش سەرەڕای خوێندن دەستی لە كارو تێكۆشانی سیاسی شل نەكرد و لە تێكۆشانی یەكیەتێی نێونەتەوەیی خوێندكاراندا بەشداری كرد. ساڵی 1330 بە نوێنەرایەتیی خوێندكارانی ئێران لە دووهەمین كۆبوونەوەی ئەو رێكخراوەدا كە لە شاری پڕاگ بەسترا بەشداریی كرد و هەر لەو ماوەیە دا وەك نوێنەری ئێران لە زۆر كۆبوونەوە و كۆنفرانسی فیدراسیۆنی جیهانی لاوان دا كە لە شاری بودا پێتەختی مەجارستان بەڕێوە چوو بەشدار بوو لە خوێندنیش دا واچ ووە پێش كە بووە جێگەی شانازیی هەموو خوێندكارانی ئێرانی لە پڕاگ.

## پێك هێنانی ژیانی هاوبەش

لێرەدا پێویستە ئەوەش ئیشارەی پێ بكرێ كە هەر لەو ماوەیەدا لە پڕاگ سەرگەرمی خوێندن و كاری سیاسی بوو ، لە 1952دا لەگەڵ كچێكی خوێندكاری خەڵكی چیكوسلۆواكی بە ناوی هێلین كرولیش، كە چەند ساڵ دواتر مام جەلال تاڵەبانی ناوی نەسرینی بۆ دادەنێ و ئێستاش لەنێو كورداندا بەو ناوە دەناسرێ، ژیانی هاوبەشی پێك هێنا.

## گەڕانەوەی بۆ ئێران و تێكۆشانی سیاسی

پاش وەرگرتنی لیسانسی زانستە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان لە دانیشگای پڕاگ، ساڵی 1331 لە سەردەمی حكوومەتی دوكتۆر موسەدیق و جەریانی بزوتنەوەی دژی زۆر داری و میللی كردنی سەنعەتی و ... دا چیكوسلۆواكی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ نێو خۆی وڵات (ئێران).

لەو کا ت دا کە گەڕایەوە نێو خۆی وڵات تا ڕادەیەك ڕێگا بۆ بوژرانەوەی ڕێکخراوە ئازادیخوازەکان لە نێو خۆی وڵات دا خۆش ببوو کە لە بەر لێهاتوویی ئەرکی خۆپێشا ندانەکانی دەوری پارلمانی پێ سپاردرا . بەڵام پاش شەش مانگ مانەوە لە تاران کە سەر گەرمی کارو تێکۆشانی سیاسی بوو، گەڕایەوە کوردستان و چووە شاری مەهاباد و لەوێ قۆڵی لە تێکۆشانی حیزبیدێموکرات هەڵ ماڵی و بەرپرسایەتیی کاری حیزبی بەرئەستۆ گرت.
لێرەدا پێویستە ئیشارە بەوەش بکرێ کە کاتێ لە پڕاگ را گەڕایەوە نێو خۆی وڵات و چووە تاران، هاوسەرەکەشی لەگەڵ بوو کە لەو ماوەیە لە تاران بوو، هیوای کچی لەوێ لە دایك بوو.
پاش سەرکەوتنی کودیتای 28ی گەلاوێژی 1332، ناچار بوو بە تەواوی خۆی بشارێتەوەو بە نهێنی لە تاران و لە کوردستان خەریکی کاری حیزب بێ. بەڵام بەو حاڵەش بە بەرپرسایەتی ئەو لە شاری مەهاباد کۆمیتەیەکی سەرانسەری کە بە کردەوە هەموو حیزبی دێموکراتی هەڵدەسووڕاندو شەش ئەندامی هەبوو , پێك هات.
جگە لەوەش پاش 28ی گەلاوێژی ئەو ساڵە، بوو بە بەرپرسی کوردستان "ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان " کە لە بەر هەل و مەرجی سەخت تەنیا توانی چەند ژمارەیەك دەربکا.
بە دوائەوەدا، تەقریبەن پاش ساڵێك و چەند مانگ، لە حاڵێکدا کە ساواکی شاهنشایی بەو پەڕی توانای لە هەوڵی سەرکوتی تێکۆشانی جووڵانەوەی ئازادیخوازی نێوخۆی وڵات دابوو، لە بەشی دووهەمی ساڵی 1334 دا کە کۆنفرانسی یەکەمی حیزب لە ناوچەی مەیدان لە نزیك شاری مەهاباد پێك هات و تەنیا نزیك بە بیست و پێنج کەس لە ئەندامانی حیزب تێیدا بەشدار بوون و لەوێدا کومیتەی بەڕێ وە بەری حیزب هەڵبژارد ا، وەك بەرپرسی

گشتی و پێوەندی نێوخۆ و دەرەوەی حیزبی دێموكرات هەڵبژێردرا . پاش ئەوە كە دیتی ئەركی حیزبی گرانتر بوو بە مەبەستی بەرەوپێش بردنی كاری ح یزب و پتەوكردنی تەشكیلاتی حیزب زیاتر قۆڵی لێ هەڵ ماڵی و لە مەیدانی نیوە ئاشكراو نهێنی دا تێكۆشاو چی ل ە دەست هات كردی و بەو مەبستە سەردانێكی بنەماڵەی خۆیان كردو داوای یارمەتی لە باوكی كرد. نموونە بۆ ئەو راستی یە ئەوەیە كە : ئەوانەی ئەوكات شان بە شانی خۆی لە تێكۆشانی حیزب دا بەشدار بوون، ئەوە دەگێڕنەوە كە كاتێك ئەو داوایە لە باوكی دەكا ، باوكی بە نیشانەی شۆخی كردن پێی دەڵێ: ماڵم لەگەڵ بەش دەكەی؟ خۆ من نەمردووم بەش میراتت دەوێ؟

بە دوای ئەوەدا، كە دەڵێن و گوتراوەو بیستراوەو لە زۆر كەسی خاوەن رابردووی زۆر لە حیزب دا پرسیارم كرد وە، بیست و پێنج هەزار تمەن لە باوكی وەردەگرێ كە ئەوكات پارەیەكی كەم نابێ و تایپێكی چاپی پێ دەكڕێ و ئەوەی دیكەشی كە دەمێنێتەوە هەر سەرفی بەرەوپێش بردنی كارەكانی حیزبی دێموكرات دەكات. بەڵام سەر ئەنجام سەركەوتنی كودیتای شوو می 28ی گەلاویژی 1332 وا دەكا كە مەجبوور بێت ولات بەجێ بهێڵێ.

**دیسان بەرەو هەندەران**

سەركەوتنی كودیتای 28ی گەلاوێژی 1332 كە مەیدانی تێكۆشانی لە نێو خۆی وڵاتدا بە تەواوی تەنگ كردەوە، ئەو مەیدانە بۆ قاسملوو ش زیاتر تەنگ بۆوەو سەر ئەنجام پاش پێنج ساڵ تێكۆشانی ئاشكراو نیوە نهێنی لە ئێران و لە كوردستان، لە 1336دا جارێكی دیكە وڵاتی بەجێ هێشت و رووی كردە كوردستانی باشوور و بۆ ما وەی چەند مانگ لە كەركوك لە ماڵی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر مایەوە و دواتریش رووی كردە شاری بەغدا و

بۆ ماوەیەکیش لەوێ لە ماڵی نووری شاوەیس مایەوە . بەڵام ئاخرەکەی بەغدای بەجێ هێشت و چۆوە چیکوسلۆواکی.

لەگەڵ ئەوەکە پێی نایەوە خاکی ئەو وڵاتە، رووی ك ردەوە دانیشگاو لە زانستگەی پڕاگ دا درێژەی بە خوێندن دا . بەڵام لە تێکۆشانی سیاسی خافڵ نەبوو و چاوەڕوانی هەل و مەرجی نوێ و رەخساو بۆ خەبات لە دژی رێژیمی شا بوو کە جارێکی دیکەش بۆ تێکۆشان بگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات یا دەوروبەری.

## گەڕانەوەی بۆ بەغدا بە مەبەستی کاروتێکۆشانی سیاسی

پاش سا لێك مانەوە لە پڕاگ ، لە 1337 (1958)دا، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و بوژ انەوەی کورد لە باشووری کوردستان ، یازدە رۆژ پاش گەیشتنی بارزانی نەمر بە بەغدا، لەگەڵ هێلینی هاوسەری گەڕایەوە بۆ بەغدا. لەو کات دا لەگەڵ چەند ئەندامی مەسئوولی دیکەی حیزبی دێموکرات هەوڵیان دا لە رێگەی عێراق و باشووری کوردستان، رێکخراوەکانی حیزب زیندوو بکەنەوە. بەڵام بە هێندێك هۆ لە باشووری کوردستان , لەو کارەدا سەرنەکەوت و سەر ئەنجام کەوتە بەر هەڕەشەی حکوومەتی عێراق و ناچار کرا عێراق بەجێ بهێڵێ.

دروست لەو کات و هەل و مەرجە ناسکەدا کە خەریك بوو لە عێراق دەردەکرا، چووە لای مستەفا بارزانی نەمر و پێی گووت : قاسم یاریت پێ دەکا، ئەگەر ئەمڕۆ ئێمە لێرە دەردەکا سبەینێ نۆرەی تۆش دێ . کە ئەو بۆچوونە وەڕاست گەڕاو سەرئەنجامیش خراپتر رووی دا.

قاسملوو پێی خۆش بوو هەمیشە لە نێو جەرگەی رەش و رووتانی گەلە بەش خوراوەکەی دابێت و وەك ئەوان ژیابا . ئامادەبوو لە سەر تەختە بەردان لە شاخ و دۆڵ و شیوەکانی کوردستاندا ژیان بەسەر بەرێ و شاخ و دۆڵێکی

کوردستانی پێ خۆشتر بوو لە خۆشترین وڵاتی جیهان. هەر بۆیەش کە هەل و مەرجی خەبات و تێکۆشانی پێك دەهات، خوێندنی زانستگەی بە قازانجی تێکۆشانی ئازادیخوازانە وەلا دەنا و دەگەڕایەوە نێو نەتەوە ی و وەك دانیشگا چاوی لێ دەکرد و لەو زانستگەدا بۆ فێربوون و فێرکردنی ئەو شتانەی بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەختیاریی کۆمەڵەکەی پێویست بوون خەریك دەبوو.

## دووبارە گەڕانەوە بۆ چیکۆسلۆواکی

کە گەڕایەوە بۆ بەغدا، بە دروست کردنی چەند کۆسپ لە ناحەزان ی لە کارەکانی دا سەرنەکەوت و بە دەستووری دەوڵەتی عێراق لەو وڵاتە دەرکرا و لە 1339دا چۆوە بۆ پڕاگ و درێژەی بە خوێندن داو ساڵی 1341 (1962) لە زانستگەی پڕاگ دا دوکتۆر ای زانستی ئابوور ی وەرگرت و هەتا ساڵی 1349 لە زانستگەی پڕاگ دا دەرسی "ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی سۆسیالیستی و تیئۆریی هەڵدانی ئابووری" ی گوتەوە.

## دوو بیرو دیدی لێك جیاواز

ئەو کات کاك ئەحمەد تۆفیق "عەبدوولا ئیسحاق" بیری ناسیۆنالیستی بەرچاو تەنگانە بوو کە سەربەخۆیی ح یزبی دێموکراتی کوردستانی لە دەست دابوو. لە باشووری کوردستان کێشە ی بۆ حیزبی دێموکرات دروست کردبوو و بە بیری خۆی بە رێدا نەدەڕۆیشت , بەڵام دوکتور قاسملوو لایەنگری سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبی دێموکرات بوو، بیرو باو ەڕی چەپ و پێشکەوتنخوازانە بوو زۆری هەوڵ دا کێشەکە چارەسەر بکا. بەڵام هەرچەند هەوڵی دا سەرنەکەوت و کاتێك کۆنگرەی دووی حیزبی دێموکرات لە 1342دا لە گەڵوەڕەزی سونێ لە باشووری کوردستان پێك هات، کاك ئەحمەد تۆفیق ناجوانمێرانە، سەرەڕای ئەوە کە قازی مەحەممەدی بە خیانەتکار دانا، تۆمەتی جاسووسی و خراپی دایە پاڵ

قاسملوو و نه ی هێشت له کۆنگرەدا بەشداری بکا و سەرئەنجام له عێراق دەریان کرد و چۆوه بۆ پڕاگ.

## دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان

پاش ئەوە که له عێراق دەرکرا و چۆوه بۆ پڕا گ , هەرچەند کاك ئەحمەد تۆفیق ناحەقی زۆر به سەردا کردبوو، بەڵام دەستی له تێکۆشانی حیزب ی دێموکرات هەڵ نەگرت و سەرەڕای کاری مامۆستایەتی له زانستگەی پڕاگ، به پێچەوانەی ئەحمەد تۆفیق و هاوبیرەکانی که ئەهلی سیاسەت و قەڵەم بوو، به هاوکاری هێندێك له دۆستانی له ئورو وپا بۆ ماوەی ساڵێك رۆژنامەیەکی به نێوی "کوردستان" دەرکرد. بەڵام هەرچەند بیرو باوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بڵاو دەکردەوە، چونکه خۆی به رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان دانەنابوو له سەر رۆژنامەکەی نەدەنووسی "ئورگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان".

## نووسینی کتێبی کوردستان و کورد"

ساڵی 1331 له سەردەمی حکوومەتی دوکتور موسەدیق دا که به مەبەستی تێکۆشانی سیاسی گەڕابۆوه نێوخۆی وڵات له لایەن دۆستێکی خۆی داوای لێ دەکرێت بۆ روون کردنەوەی باری سیاسی کورد نامیلکەیەك بنووسێ.

پێشنیارو داوای دۆستەکەی قبووڵ د ەکا، بەڵام زۆر زوو بۆی دەردەکەوێ که ئەو گیروگرفته به نووسینی نامیلکەیەك چارەسەر ناکرێ و بەڵێنی پێ دەدا لەو بارەوە خەریکی نووسینی کتێبێك بێ . هەرچەند سەرکەوتنی کودیتای 28ی گەلاوێژی 1332 ئەو دەرەتانەی لێ دەگرێ، بەڵام سەرەڕای کاری حیزبی دێموکرات بۆ نووسینی ئەو کتێبە، کۆکردنەوەی کەرەستەو ئاماری پێویست له هەموو ناوچەکانی کوردستان به ئەرکی خۆی دادەنێ . پاش ئەوە که چۆوه پڕا گ، سەرەڕای خوێندن له زانستگە، تا ساڵی 1341 ئەو کتێبەی

نووسی و ئامادەی چاپی کرد. ساڵی 1342 (1963) بڵاوکردنەوەی ئاکادیمی زانستی چ یکۆسلۆواکی لە پراگ بڕیاری دا کتێبەکەی کە ناوی "کوردستان و کورد" ی لە سەر دانابوو، بە زمانی چیکی چاپ و بڵاو بکاتەوە . هەر لەو کاتەدا بڵاوکردنەوەی سیاسی لە "براتیسلاوا" رادەگەیێنێ کە دەی هەوێ "کوردستان و کورد " لە بەر ئەوە کە زمانی چیکی بە ئاسانی دەتوانێ نووسراوە بە زمانی سلۆواکی بخوێنێتەوە، بە زمانی سلۆواکی چاپ و بڵاو بکاتەوە. جگە لەوەش، هەر لەو کاتانەد ا لە بنکەی ئاکادیمی داوای لێ دەکرێ رێگا بدا ئەوان "کوردستان و کورد" وەربگێرنە سەر زمانی ئینگلیسی و بڵاو بکەنەوە کە لە دەرەوەی چیکوسلۆواکیش کەڵکی لێ وەربگیرێ. سەرئەنجام لە سەر رەزایەتی خۆی، دوای زمانی چیکی لە 1944دا بە زمانی سلۆواکی چاپ و بڵاوکرایەوە و لە 1965یشدا وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیسی و بڵاو کرایەوەو لە 1967یشدا وەرگێردرایە سەر زمانی عەرەبی و بڵاو کرایە وە و چاپی کوردیشی لە 1973دا بوو.

جگە لەوانەش هێندێك بەشی "کوردستان و کورد " بە زمانی فەرانسەیی و فارسی چاپ و بڵاوکراوەتەوەو ساڵی 1969. ش لە "وەرشۆ" لە لایەن پۆلۆنی لهستانی، "کتێب و زانست " کوردستان و کورد لە رووی ئینگلیسییەوە بە پۆلۆنی وەرگێڕدراو بڵاو کرایەوە. بەڵام چاپی کورت کراوەی ع ەرەبی لە ساڵی 1970دا لە لایەن دارالنشری لووبنانی بێ ئاگاداری قاسملوو بوو. هەر بۆیەش کاتێك لەو ئاگادار بوو، لە سەر کورت کردنەوەکەی روون کردنەوەیەکی نووسی و ئەوی بە ئی خۆی دانەناو لە رۆژنامەکانی بەغدا دا بڵاوی کردەوە. نووسینی "کوردستان و کورد" سەبارەت بە ناساندنی نەتەوەی کورد و هەڵ کەتوویی جغرافیای کوردستان و بەگشتی لە بارەی هەموو لایەنە جۆراو جۆرەکانی بە خەڵکی دنیا لەو سەردەمەداو بە تایبەتی کەسانێك کە لە

زانستگەكانی ئورووپا دا سەرگەرمی خوێندن بوون و لە بارەی كوردو كوردستانیان كۆڵیوەتەوە، خزمەتێكی ئەو ەندە گەورەو بەرچاوە بە نەتەوەی كورد كە حاشا هەڵنەگرەو جێی خۆیەتی رۆڵەكان ی نەتەوەی كورد بە گشتی ئەو پیاوە مەزنە، ئەوسەركردە لێوەشاوە لە بیر نەكەن و هەمیشە بە چاوی رێزەوە بۆ هەڵوێست و رابردووی پڕ لە سەروەری بڕوان و یادی لێ بكەنەوە.

قاسملووی سەركردەمان، هەر ئەو كات كە لە ژیاندا مابوو دەی فەرموو : من ویستوومە لە رێگای ئەو كتێبەوە وشەی كوردستان و كورد باشتر بە خەڵكی دنیاو خوێنەرانی بناسێنم و لە هەموو لایەنەكانی ژیانی نەتەوەی كورد ئاگاداریان بكەم و لە ئەسڵیشدا ئەو كتێبەم بۆ بێگانە نووسیوە.

دوكتور قاسملوو كە هەموو كێشە كۆمەلایە تی و سیاسی و ئابووریەكان و یەك بە یەكی لە پارچە كوردستان دا كۆكردبۆوە و هێنای لە كتێبێك دا بە ناوی "كوردستان و كورد" نووسی و لە چاپی داو بلاو ی كردەوە، نیشانەی ئەوەیە كە لە بیری ئەو دا بە گشتی كوردستان یەك بوو هەربۆیەش ز ۆر جاران دەی فەرموو: ئەگەر رۆژێك هەر چواربەشەكەی كوردستان بیان هەوێ یەكبگرنەوە، ئەوە جیابوونەوە نیەو یەكگرتنەوەیە.

جگە لە نووسینی "كوردستان و كورد " لە ماوەی هەشت ساڵ ەدا كە لە زانسگەی پڕاگ دەرسی "ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی سۆسیالیستی و تیئۆریی هەڵدانی ئابووری"ی دەگووتەوە، چەندین كتێب و نامیلكەی لە سەر گیرو گرفتی ئابووری و كۆمەلایەتی و سیاسیەكان نووسی.

قاسملووی نەمر، جگە لەوانەش، لە ماوەی ئەو چەند سالانەدا كە لە دەرەوەی ولات بوو، فێری چەندین زمانی بیانی بوو كە ، زمانەكانی كوردی، فارسی، توركی، عەرەبی، فەرانسەیی، ئینگلیسی، چیكی و رووسی و ئالمانی و ....... باش دەزانی.

## گووتنەوەی دەرس لە كۆلێژی بەغدا

دوكتور قاسملوو لە هەر كوێ یەكی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا دەرفەتی بۆ دەهاتە پێش و هەلی بۆ دەرەخسا، لە بوار ە جۆراو جۆرەكاندا خزمەتی بە مرۆڤایەتی و بە تایبەتی بە رۆڵەكانی نەتەوەكەی خۆی دەركرد و بە ئەركی سەرشانی خۆی دادەنا . پێش ئەوەی بە دەسیسەی ئەم و ئەو لە بەغدا دەربكرێ، لە كۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا دەرسی ئابووریی دەگووتەوەو خزمەتی بە خوێندكاران دەكرد . هەر لەوكات و سەردەمانەشدا لە پڕۆژەی درێژخایەنی ئابوو ریی 25 ساڵەی عێراقدا كاری كرد . ئەوەتا محمدی مەلا كەریم دەڵێت: بە دەركرانی دوكتور قاسملوو لە عێراق، لەو كات دا قوتابیانی زانستگە لە بەغدا لە مامۆستایەك بێ بەش كران كە بۆ یەكەم جار لە "مێژووی خوێندنی ئابووریی كوردستان " كە تێكڕای كوردستانی بۆ لێك ئەدانەوەو بە پێی بەرنامەیەكی زانستییانە بابەتەكانی بۆ شی دەكردنەوە. بەڵێ، قاسملوو لە هەركات و زەمانێكدا تا لە ژیاندا مابوو بۆ زیاتر ناساندنی كوردو سەر زەوییەكەی بە گشتی تێكۆشاو خزمەتكردنی بە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بە تایبەت بە نەتەوەی خۆی بە ئەركی مرۆڤد ۆستانە و سەرشانی خۆی دانابوو و لەو بارەوەش كەمتەرخەم نەبوو و بە شارەزا بوونی ئەندامانی نەتەوەكەی شانازی دەكردو ئەوەی بۆ خۆی دەیزانی بە پێ ویسی دەزانی فێری ئەوانیشی بكا تا لە نێو گەلانی دیكە جیهاندا خۆیان ببینەوەو رێگای ئازادی و بەختەوەری نەتەوەكەیان ب ناسن و خەباتی بۆ بكەن و كۆتایی بە ژیانی ژێر دەستی خۆیان بێنن تا وەچە بە دوای وچەدا سەر بەرزانە ژیان تێ پەر بكەن.

## دۆستایەتی قاسملوو لەگەڵ دوکتور مارف خەزنەدار

قاسملوو ساڵی 1960 لە بەغدا چاوی بە دوکتور مارف خەزنەدار کەوت و بوونە ناسیاوی یەکتر و لە زۆر مەجلیسی دۆستانە دا پێکەوە دانیشتن. بەڵام کە قاسملوو لە بەغدا دەرکرا، بۆ ماوەیەکی زۆر لە دیتنی یەکتر بێ بەش بوون تا ساڵی 1344ی هەتاوی کە لە ئورووپا چاویان بە یەکتر کەوتەوە.

هەر لەو ساڵەدا قاسملوو لە سانت پیتر سپۆرگ سەردانی دوکتور مارف خەزنەداری کردو پێکەوە سەریان لە خانەی قوتابیانی لێکۆڵینەوەی بەرزی ئەکادیمی دا لەوێ وا بۆ دوکتور قاسملوو دێتە پێش کە چاوی بە ناسیارێکی کۆنی هی سەردەمی دامەزراندنی یەکیەتیی لاوان لە ورمێ کە لەو رێکخراوە دا ئەندام دەبێ و پاش رووخانی کۆم اری کوردستان ئاواری ئازەربایجابێ سۆڤیەت دەبێ و بۆ درێژەپێدانی خوێندن دەچێتەوێ، دەکەوێ. پاش ئەوە بۆ ماوەی دوو ساعەت دەچێتە موزەخانەی بە ناوبانگی "ئەرمیتاژ" و بە دوائەوەشدا هەر ئەو رۆژە لەگەڵ خەزنەدار سەردانی بەشی کورد لۆژ ی ئامۆژگاری رۆژهەڵات ناسی دەکاو لەگەڵ کرێکارە زانستیەکا ن بە تایبەتی قناتی کوردۆ ی سەرۆك بەش ئاشنایەتی پەیدا دەکا.

پاش ئەو چاوپێکەوتنە بۆ جاری سێهەم لە فەرانسە چاویان بە یەکتر دەکەوێتەوە. لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو کە کچێکی فەرانسەیی لەگەڵ دەبێ، دوکتور مارف خەزنەدار پێی دەڵێت : من فەرانسەیی نازانم کە لەگە ڵ ئەو کچەدا قسە بکەم . لە وڵامدا، قاسملوو پێی دەڵێ : دەمزرانی تۆ فەرانسەیی نازانی. بەڵام ئەم کچە باش رووسی دەزانێ و تۆش بە تەواوی شارەزای زمانی رووسیی.

دوکتور مارف خەزنەدار لە نووسراوەیەکەدا دەڵێت: من زۆر تێکەڵاویم لەگەڵ کەسانی سیاسی نەبو ە. بەڵام بۆ قاسملوو بە پێچەوانە . قاسملوو گێتیەکی

بێ پایان بوو لە سۆزو کۆشش و جوانمێری و نیشتمانپەروەری و رۆشنبیری و هەستی ناسکی شاعیرانە و گەلێك رەوشتی مرۆڤایەتی کە بە دەگمەن لە تاکە کەسێك دا کۆ دەبێتەوە . لە پاش شەهیدبوونی قاسملوو، لە پەیامی پرسە و سەرەخۆشی بۆ حیزبی دێموکرات ، سۆزو پەژارەی خۆی بۆ لە دەست دانی ئەو سەرکردە دەردەبڕێ و دەڵێ: قسە لەم بابەتە لای من زۆرە، گێتی قاسملوو بەرزو فراوانە. بەڵام جارێ با بەس بێ تا کاتی خۆی.

## دووبارە گەڕانەوە بۆ عێراق و پەرەپێدانی تێکۆشانی سیاسی

قاسملووی شارەزا لە سیاسە تی جیهانی و هێڵی رەوتی بەرە و دوا رۆژ، پاش دەرچوونی بەیاننامەی یازدەی مارسی 1970و رێکەوتنی نێوان بزوتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان و دەوڵەتی عێراق، کە ئیمکانی تێکۆشانی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر ببوو، بۆ پەرەپێدانی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و زیندوو کردنەوەی رێکخراوەکانی بەم حیزبە گەڕایەوە بەغدا.
لە بەغدا کە چاوی بە حەمەدەمین سیراجی و یوسفی ریزوانی و کەریمی حیسامی دەکەوێت.بێ راوەستان ئەمانە لەگەڵ خۆی هەڵ دەگرێ و بە بۆنەی یازدەی مارس دەچێتە لای مستەفا بارزانی نەمرو پیرۆزبایی ئەو رۆژەی پ ێ دەڵێ. لەو سەروبەندەدا مستەفا بارزانی نەمر پێشنیاری پێ دەکا لە بەغداد ببێتە نوێنەری کوردان . بەڵام ئەوەی رەد کردەوە. لەو سەفەرەدا وا رێکدەکەوێ لەوێ چاوی بە ئەمیری قازی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات دەکەوێت و باسی گەڕانەوەی قاسملوو بۆ نێ و حیزب و یەکگرتنەوەی هەموو لایەکی حیزب دەکرێ . لە سەر ئەوە رەزامەندی نیشان دەدرێ و قەرار دادەنێن ئەمیری قازی بگەڕێتەوە کۆمیتەی ناوەندی و مەسەلەکە باس بکاو دوکتور قاسملووش لە بەغدا وەمێنێ تا وەڵامی لێ

دەگیرنەوە. بەڵام هەر لەوێ قاسملوو بە ئەمیری قازی دەڵێ: من بە تەنیا نیم و کەریمی حیسامی و حەمەدەمین سیراجی و یوسف ریزانیم لە گەڵە.
ئەمیری قازی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمی تەی ناوەندی و مەسەلەکە باس دەکا و پاش کێشەو هەڵایەکی زۆری رێبەرایەتی و بە دەنەی حیزب، ئامادە دەبن چاویان بە یەکتر بکەوێ. مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادە و ئەمیری قازی و مەلا خەسەن رستگار بەو مەبەستە بەرەو بەغدا دەکەونە رێ و لەوێ چاویان بە یەکتر دەکەوێ.
پاش یەك حەوتوو وتووێژ لە سەر دوو مەسەلە ناکۆکیان دەبێ، یەکەم: نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندی لە بەر نەزەری بەدەنەکە موافقەتیان بۆ گەڕانەوەی حەمەدەمین سیراجی نەکردبوو، و ە قاسملووش بێ ئەو ئامادە نەبوو بگەڕێتەوە . دووهەم: ئەوە بوو کە قاسملوو قبووڵێ نەبوو لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دوو کە لە وێدا لە لایەن ی ئەحمەد تۆفیق و هاوبیرەکانی تۆمەتی جاسووسی لێ درابوو و رێبەری گەورەش قازی محمد بە خیانەتکار دانرابوو، کار بکاو ویستبووی ئورگانێکی تازەی دیکە جا هەر ناوێکی لە سەر دابنرێ، دروست بکرێ.
پاش چەندین رۆژ کێشەو هەرا سەر ئەنجام لە چاخانەیەکی شەقامی "ابو نواسی" لە شاری بەغدا، بە بەشداری شەش کەس کۆمیتەیەکی تازە دروست دەکەن و هەموو لایەکی حیزب یەکدەگرێتەوە و قاسملووش بە کارو تێکۆشان و پاراستنی ئوسوولی حیزبی خۆشەویستر بوو.
بە دوای ئەوەدا، قاسملوو بە ئەزموون و هۆشی کەم وێنەی کە بەو ئاکامە گەیشتبوو بێ تەشکیلاتێکی پتەو و خاوەن بەرنامەیەکی پێشکەوتوانە، پێشکەوتنی خەباتە رەواك ەی گەلی کورد بە رێبەری حیزبی دێموکرات

مسۆگەر نابێ، هەموو توانای خۆی نایە خزمەت حیزبی دێموکرات و کردییە ئەو هێزە کە خۆی بە پێویستی دەزانێ.

## زیندوو کردنەوەی حیزب و لێهاتوویی ئەو سەرکردە

پاش یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزبی دێموکرات ، قاسملوو نەی هێشت هێندی پێ بچێ کە تا رادەیەك حیزبی لە پەر ش و بلاوی و تەریك کەوتوویی و بێ سەرەوبەرەیی دەربازکردو بەرەو سەربەخۆیی بریاردانی بردو لە ئاست کوردستان و ناوچەدا ئیعتبارێکی باشی وەدەست هێنا و زیندوو کردنەوەی رێکخراوەکانیشی گرتە ئەستۆ و کەوتە خۆ بۆ هەرچی زیاتر ناساندنی لە نێو حیزب و رێکخراوەکانی کورد و ئێرانی و جیهاندا و دروستکردنی تەشکیلاتێکی رێك و پێك و خۆ ئامادە کردن بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی حیزبی.

قاسملوو کە لە یەك خستنەوەی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تەنانەت لە زیندوو کردنەوەی لە بواری سیاسی دا دەو ری گرنگ و کاریگەری گێڕا و ئەرکە گرنگەکانی کەوتبوە سەرشان، بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوە خاوەنی رێبەرێك کە بەتوانای خۆی حیزبی لە هەموو ئەو گەردەلوول و هەڵدێرگانەی کەوتبوونە سەر رێگای پەڕاندەوە.

رێبەرێك بوو نەك هەر لە نێو کورد دا بەڵکو و لە نێو گەلانی بەختەوەرو ئازاد و پێشکەوتووی جیهانیشدا بە دەگمەن هەڵدەکەون و لەو کەڵە پیاوە گەورانە بوو کە گەلان شانازییان پێوە دەکەن و مێژوو بە سەرهاتیان بە جەوهەری زێڕین تۆمار کردوەو دەکا و لەبیر ناچێتەوە . لێوەشاوەو تێکۆشەرێکی ماندونەناس بوو کە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد و گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەمتر وێنەی ئەوی بە خۆیەوە دیتووە . دژی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی بوو، بۆ لە ناو بردنیان بێ وچان خەباتی

دەکرد و لە نێو زەحمەتکێشانی نەتەوەکەیدا هاودەم و غەمخۆرێك بوو لە خۆیان و لە ریزی ئەندامانی حیزبەکەشیدا کا دریێکی بە ئەزموون و مامۆستایەکی کەم وێنە و لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کوردستان پێشمەرگەیەکی بە نەزم و لە نێو سیاسەتوانانی کورد و ئێرانی دا سیاسەتوانێکی نموونەو لەگەڵ گەورە پیاوانی زانست و سیاسەت دا زانایەکی بە تواناو دیپلۆماتیێکی بێ وێنە بوو. کەسێك بوو کە لە سەدەی رابردوو دا تا ئێستاش کەم کەس هەیە ئەو هەموو ئینسانە جۆراوجۆرە لە سەتعی جیهاندا لە بارەی شەخس یەتەکەی هاودەنگ بن.

هیچ کات لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە گرنگ نیە لە پێوەندیە گشتیەکان و لە وتوویژ و راگەی ەنە گشتیەکاندا ب ە جۆرێك بدوێ بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا ئەو قسانەی کردوونی لە بیر خۆیان بەرێتەوە.

رۆژنامە نوسانی رۆژهەلات و رۆژئاوا، ئەوانەی لەگەڵ ئەودا دیدەنی و چاو پێکەوتنیان هەبوە، باسیان لە لێهاتوویی ئەو گەورە پیاوە لە هەموو بوارەکانی جۆراوجۆری زانیاری گشتی کردوەو وەك سەرکردەیەکی بە وەج و دوربین و دێموکراسی خوازو ئازاو لە خۆبوردوو و نەترس و سەر راست و ئاشتیخوازو ئەدەب دۆست و قسە خۆش داناوە کە مایەیی شانازی و ئیفتخارە بۆ هەموو کورد بەگشتی و پێویستە و جێی خۆیەتی رۆڵەکانی گەلی کورد وەچە بە دوای وەچە دا شانازی پێوە بکەن.

لە مرۆڤ دۆستی دا ئەستێرەیەکی گەشی بەرزی ئاسمانی کوردستان و ئێران و جیهان بوو و بە تیشکی خۆی بانگی ئازاد ی و ئاشتیخوازی و پێکەوە ژیانی بە سەر جیهاندا بلاو کردەوەو لە تەك رەوی بێزار بوو، کاری دەستەجەمعی لە نێو ریزەکانی حیزب دا کردبو ە پیشەو سەرە ڕۆیی و پانخواز ی لە نێو حیزب دا لێك هەڵوەشاندبوو و ئوسوولی لە ریزەکانی حیزبدا جێگیر کردبوو

و تێزەکانی لە سەر مناسباتی سالمی نێوخۆیی ئاوێتەی سۆزو تەبایی و هاوڕێیەتی کردبوو و نەی هێشت زەوابت و رەوابت دەست درێژی بکەنە سەر هەرێمی یەکتر لە نێو ریزەکانی حیزب دا.

تێزەکانی لە سەر حزووری حیزب لە نێو کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەیەکانی دەرەوەی وڵات زۆر بە بوشت و کاریگەر بوون. پێش قاسملوو پێوەندی حیزب بە کۆڕ و کۆمەڵ و رێکخراوە نێونەتەوەی یەکان و دەوڵەتەکانەوە ئەگەر هەشبوو ئەوەندە نەبوو کە وڵامدەر ی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ. ئەو بڕیاری دابوو نەتەوەکەی لەو وەزعە ناخۆشە بێنێتە دەر و ئاواتی لەمێژ ساڵەی کە ئازادی یە بۆ بە دیاری بێنێ و لە ژێر سێبەری دا بحەسێتەوە.

## دامەزراندنی پێوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەل حکوومەتی عێراق

قاسملوو لە ن یو شەخسییەتە عێراقیەیەکاندا دۆستی زۆر بوون . پاش هەڵبژاردنی کۆمیتەی تازە و یەکگرتنەوەی هەموو لایەکی حیزبی دێموکرات، لە بەهاری 1349 (1970)دا، پێوەندی حیزبی لەگەڵ حکوومەتی عێراق دامەزراند. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، لەم بارەو ە ڕووسیویەتی و گوتویەتی: ئێستاش نازانم لە رێگای کێ وە یەکەمین ئاڵقەی پێوەند ی یەکانی حیزبی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا دامەزراند.

قاسملوو بنچینەکانی پێوندی حیزبی دێموکراتی لەگەڵ حکوومەتی عێراق دا بردبوە سەر کاغەزو کردبوونی یە عەرەبی و تەسلیم بە نوێنەری حکوومەتی عێراقی کردبوون لە لە لایەن حکوومەتی عێراق . یش پەسند کرابوون.

جێگەی خۆشحاڵی لەم بارەوە ئەوەیە کە ئەو پێوەندی یە کە قاسملوو لەگەڵ حکوومەتی عێراق دا دای مەزراندبوو، لە سەر بنچینەیەکی وەها کە لە هیچ

کات و وەلآتێکدا زەرەری بە گشتی بۆ گەلانی عێراق نەبوو کە بۆ راست ی ئەوەش لێرەدا چەند وتەی دوکتور محمود عوسمان وەك نموونە دەخەینە بەرچاوی خوێنەران.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، ساعەت 10ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە 19ی پووشپەڕی 1382، کۆبوونەوەیەکی لە ئەندامانی خۆی بۆ دوکتور محمود عوسمان لە قەلآی گەورەی نزیك کۆیە سا زدا. لەو کۆبوونەوەدا، دوکتور محمود عوسمان لە رووبەڕووی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب و سەرکردایەتی و بنەماڵەکانیان دا گووتی : شانازی یە بۆ حیزبی دێموکرات کە سەرەڕای ئەو پێوەندییانەی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی، هیچ کات زەرەری لە کوردی عێراقی نەداوە، بۆ خۆی زە رەریی کردوە و ئامادە بوە قازانج و بەرژەوەندی خۆی فیدا بکا . بەڵام قەت زیانی بە کورد ەکانی باشووری کوردستان نەگەیاند وە، ئەو هەموو فایلەی کە بە دوا رووخانی حکوومەتی عێراق دا لە ئەمن و موخابراتی عێراق دەست خەڵك و هێزە سیاسی یەکانی کەوتن، هیچ شتێکی نگەتیڤان ە لە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدا نیەو زۆر شتی پۆزەتیفیشیان بۆ حیزبی دێموکرات تێدایە . بێ شك ئەو شانازیە لە ئەوەڵ مەرحەلەدا دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی دروست و ژیرانەو سەربەخۆ بوونی قاسملوو کە بۆ ئەوە دەبێ ئێستا سەرك ردەکانی دیکەی کورد بە گشتی لێی فێربن و دەرسی سەربەخۆیی لێ وەرگرن.

قاسملووی نەمر زۆر جاران دەی گووت: ئێمە حیزبێکی سەربەخۆین و سەربەخۆیی خۆمان لە هەموو شتێکی دیکە خۆشتر دەوێ . ئەوەی بۆ خۆمان بە قازانجی بزانین جێ بە جێی دەکەین و کەس ناتوانێ نەزەری خۆی بە سەر ئێمەدا بسەپێنێ و تا ئێست اش کەس نەزە ری خۆی بە سەر ئێمەدا نەسەپاندوە.

## سەردان لە مستەفا بارزانی نەمر

زستانی 1349 بۆ باسی مەسەلەی گرتنی کۆنفرانس و دەرکردنی رۆژنامە دەچێتە لای بارزا نی نەمر و ئەو مەسەلانەی لەگەڵ باس دەکا و لە زستانی ئەو ساڵەدا بۆ بلاو کردنەوەی بیروباوەڕی حیزب ی دێموکرات بڕیاردەدا رۆژنامە دەربکا. پاش ئەوە بە پەسندی کۆمیتەی ناوەندی "کوردستان" کە پێشتریش ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ، یەکەم ژمارەی دەردەچێ و یەکەم نوسخەش بۆ رێبەرایەتی بزوتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان دەنێرێ.

## یەکەم چاوپێك کەوتنی کریس کۆچێراو قاسملوو.

سەرەتای 1350 (1971) بە مەبەستی کاروباری حیزبی دێموکرات دەچێتە دەربەندی چۆمان لە باشووری کوردستان و لە میوانخانەیەکی بارزانی رەحمەتی دا لەگەڵ کریس کۆچێرا دەبنە ئاشنا . کریس کۆچێرا کە چ اوی بە دوکتور قاسملوو دەکەوێت بێ ئەوەی بی ناسێ دەم ود ەست سەرنجی بۆ لای قاسملوو دەکشێ و بە هاوسەرەکەی دەڵێت : دەبێ ئەو کابرایە نانی بەیانی لەگەڵ ئێمەدا نەخوا؟ قاسملوو ش کە ئەوە دەبیسێ، بە زمانی فەرانسەیی وەدەنگ دێت و دەڵێت : ئەو کابرایە (من) دەیی هەوێ نانی بەیانی لەگەڵ ئێوەدا بخوات. بە دوا ئەوەدا پێکەو ە دادەنیشن و هەرچەند ئێستا قاسملوو ناناسێ , لە بارەی سیاسەتەوە دەدوێن و زۆر زوو کۆچێرا دەکاتە ئۆگری خۆی. کۆچێرا کە وای دەبینێ لە چاوساغەکەی دەپرسێ : ئەوە کێیە؟ کابرا لە وەڵامدا پێی دەڵێت: ئەوە دوکتور عبدوالرحمان قاسملوویە . کە ئەوە دەبیسێ بە قاسملوو د ەڵێت: دەتوانم لە بەغدا بت بێنم؟ قاسملوو هەر لەوێ ژمارە تەلەفۆنی خۆی دەداتێ و بەم جۆرە دەبنە ئاشنا و لە باری مێژووی

كوردستان زانیاری زۆری دەداتێ . بۆ راستی ئەوەش، ئەوەیە كە كۆچێرا دەڵێت: لە ناسینی مێژووی كوردستاندا قاسملوو یەكەم مامۆستای من بوو.
قاسملوو لەوێ ئەزموونەكانی سەردەمی خوێندنی خۆی لە پاریس بۆ دەگێرێتەوەو بناخەی دۆستایەتیەكی پتەو لەگەڵ یەكتر دادەنێن و دواتریش لە بەغدا چاویان بە یەكتر دەكەوێتەوە.
لەوكات و وەختانەدا كە باس لە مەسەلەی كورد لە ئێران دا دەكەن . قەول بە قاسملوو دەدا سەبارەت بە مەسەلەی كورد لە ئێراندا , لەگەڵ كاربەدەستانی ئێران دا وتووێژ بكا . لە سەر ئەو قەول و بەڵێنییە ساڵی 1973ی زاینی كە لە فرۆكەدا چ اوی بە تیمسار هووەیدا دەكەوێت ئەو وتووێژەی لەگەڵ دەكا كە هەر ئەو ساڵە ئەو وتووێژەی لە گۆڤاری ئیكسپریس دا چاپ و بڵاو كردەوە.
لە شوێنێكی دیكەدا كۆچێرا دەڵێت: لە سەردەمی شادا چەند جاران چوومەتە تاران و لەو هوتێلانەی لێ یان دەمانەوە بەو هۆیە كە میكرۆفۆنی شاراوەیان لێ دادەنان، هەركات باسی قاسملوومان دەكرد، پیتی یەكەمی ناوی خۆی و ناوبانگی (A-R-G)مان بە كار دەبرد و ئێستاش پاش شەهید بوونی لە ئوروپا لە مەجلیسی دۆستانەو خۆمانەدا هەر لەو پیتانە بۆ یاد كردنەوەی قاسملوو كەڵك وەردەگرین كە هاوسەرەكەشی بۆ خۆی لە كاتی قسەكردن لەگەڵ ئێمەدا هەر ئەو پیتانە بەكار دەبا.
جگە لەوەش دەڵێت : قاسملوو بوو كە هەژار و هێمنی شاعیرو هە مزە عەبدوڵڵاو زۆر كەسی دیكەی وەك ئەوانی بە من ناساند.
ئەو كات كە خومەینی لە 26ی خەزەڵوەری 1358دا لە پەیامێكی رادیۆیی دا داوای ئاگربەس و وتووێژی كردو بەڵێ نی دا مەسەلەی كورد چارەسەر بكا ، لەوكاتەدا كۆچێرا لە گوندی پشكاو لە باش ووری كوردستان میوانی قاسملوو

دەبێ كە لە هۆدە خانوێكى قوروبەرد دا دەژیا . كۆچێرا لەم بارەوە دەڵێت : ئەو رۆژە كە لە لای قاسملوو بووم، گوتی : ئەوە یەكەم جارە بوومە خاوەنی خانوویەك.

پاش چەند رۆژ دوای پەیام ەلەی خومەینی، قاسملوو كریس كۆچێرا لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و دەچێتە شاری مەهابادو رۆژی 29ی جۆزەردانی 1358 لە مەیدانی مێژوویی چوارچرا كە دەیهەوێ قسە بۆ خەڵك بكا ، بە كۆچێرا دەڵێت: ئێرە چوارچرای مەهابادە . ئەو شوێنەیە كە قازی محمدی لێ بە دار دراوە. ئەو رۆژە كە قاسملوو لە مە یدانی چوارچرا قسە بۆ خەڵك دەكا ، كریس كۆچێرا كە دەبینێ تا نكەكانی رێژیمی ئاخوندی لە تەپۆلكەكانی قەراخ شار خەڵك دەوری داون، كە ئەوە زۆری كار تێ دەكات . هەر ئەو رۆژە وێنەیەكی دوكتور قاسملووش، و یەكێك لە براكانی و مامۆستا هێمنی شاعیر دەگرێ كە دەڵێت: دوای شەهید بوونی قاسملووش ئێستاش ئەو وێنە هەر لە سەر مێز ی نووسینەكەمە . دوای شەهید بوونی قاسملوو، "كوردستان" ( ئورگانی حیزبی دێموكراتی كوردستان ) كە پرسیار لە كۆچێرا دەكاو دەپرسێ: ئایا قاسملوو سەبارەت بە كێشەی كورد هیچ كات پرسی وتووێژی بە جەنابت وەك رۆژنامەنووس و شارەزایەكی مەسەلەی كورد كردوە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: ئێمە لەو بارەوە زۆر پێكەوە دواوین . بەڵام پێم وایە ئەمن لەو ئاستەدا نەبووم كە رێنوێنی ئەو بكەم . ئەو مامۆستا بوو و من قووتابی، لە پێوەندی لەگەڵ كێشەی كورد دا كلیلێكی گرنگ بوو كە دەی توانی دەرگا گاڵدراوەكان لە پشتیوانی مەسەلە ی كورد بۆ پشتیوانی مەسەلەی كورد بكاتەوە. چونكە زانا بوو، هەستێكی قووڵی ئینسانی هەبوو . كاتێك خەبەری تیرۆركرانی ئەوم بیست لەگەڵ هاوسەرەكەم لە ئیرلەند بووین و دەستی كرد

بە شیوەن و گریان و بەو هەواڵە ئێمە بە توونَدی هەژاین. ئەمزانی چی کەم. ئەو تاقە رێبەرێکی کورد بوو لە ئورووپا خوێندبووی. خەڵکی ئورووپای باش دەناسی و دەیزانی چلۆن رەفتار بکاو تواناو لێهاتووی یەکی زۆری لە دامەزراندنی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ رێبەرانی سیاسی ئورووپا هەبوو ، پیاوێکی بە فەرهەنگ و سیاسەتمەدارێکی بە تەواو مانا بوو . بە بڕوای من ئەگەر مابایە، لە وانەبوو وەزعی کوردەکان لە باشووری کوردستان و باکووری کوردستان گۆڕابا.

## کۆنفرانسی سێ و مەسەلەی ئەحمەد تۆفیق

پێش بەستنی کۆنفرانسی سێ , قاسملوو لەگەڵ چەند کەسی دیکەدا بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی و خاڵە گرنگەکانی و ستراتیژی و تاکێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادە دەکەن . ئەو کۆنفرانسە کە جۆزەردانی 1350 (1971) لە شاری کۆیە دەبەسترێ، مەسەلەیەك کە لەوێدا دێتە گۆڕێ مەسەلەی ئەحمەد تۆفیق دەبێ کە لە کۆنفراسی دوودا لە ئەندام ی کۆمیتەی ناوەندی ئیستفای کردبوو و چەندین جاریش لە رێکەوتەکانی 1971/6/25، ـ 1971/8/5، 1971/10/14، لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژرا ردراوی گۆنگرەی دوو و کۆنفراسی دوو داوای لێ دەکرێ ئیستفاکەی وەربگرێتەوە . بەڵام ئامادە نابێ و سەرئەنجام ئیستفاکەی لێ قبووڵ دەکرێ کە پاش ئەوە دەست دەکا بە کاری شوورەیی و دەرکردنی بەیاننامەو بڵاوکردنەوەی کە لە کۆنفرانسی سێ دا بە توونَدی داوا دەکرێ لە حیزب دەربکرێ . بەڵام کاتێك لە کۆنفراس دا خەریکی ئەوە دەبن بڕیاری دەرکردنی بدەن . سەرەڕای ئەوە کە هەموو بەربەرەکانی و شتە نابەجێکانی روویان لە قاسملوو دەبێ و ئەو هەموو خراپیەیی لەگەڵدا دەکا ، وەد ەنگ دێت و دەڵێ : هاوڕێیان ئەمن دەزانم ئەحمەد تۆفیق سەرەڕۆیەو خەتایی حیزبی لە سەرە . لە نێو ئێوەشدا کەس

نیە بە قەدەر من لە لایەن ئەحمەد تۆفیق خراپەی لەگەڵدا کرابێ . بەڵام ئێستا ئێمە خەریکی دامەزراند ن و جێگیر کردنی ئوسوولی حیزبین . چۆن دەکرێ هەر لێرە بۆ خۆمان پێ شێلی بکەین. ئەو برایە ئەندامی حیزبەو دەبێ بانگ بکرێ و هەوڵ بدرێ رەفتاری خۆی باش بکا . ئەگەر نا ئەو دەم کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ دەری بکا.

بەشدارانی کۆنفرانس سێ بە تێکڕای دەنگ بۆچوونی دوکتور قاسملوو پەسند دەکەن و روون کردنەوەی وەزعی حیزبی کاك ئەحمەد تۆفیق بە کۆمیتەی ناوەندی دەسپێرن.

لەو کۆنفرانسەدا قاسملوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا بە سکرتێری گشتی حیزب هەڵبژاردرا .

لە سەر پێشنیارو بۆچوونی بەشدارانی کۆنفرانسی سێ، کۆمیتەی ناوەندی چەند جار ئەفرادی خۆی دەنێرێتە لای کاك ئەحمەد تۆفیق و قسەی لەگەڵ دەکەن کە بگەڕێتەوە . بەڵام ئامادە نابێ و درێژە بە کاری نابەجێ دەدا کە سەرئەنجام پاش هەموو ه ەوڵ و تەقەلایەك کە بگەڕێتەوە، لە بەفرانباری 1350دا کۆمیتەی ناوەندی بە بڵاوکردنەوەی ئاگاداریەکی کورت لە رۆژنامەی "کوردستان" (ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان)دا، دەرکردنی ئەحمەد تۆفیق لە حیزبی دێموکراتی کوردستان رادەگەیێنێ.

## گیرانی ئەحمەد تۆفیق لە لایەن حکوومەتی عێراق و هەڵوێستی قاسملوو

چەند مانگ پاش دەرکرانی کاك ئەحمەد تۆفیق لە حیزب ی دێموکرات ، ناوبراو لە لایەن حکوومەتی عێراق دەگیرێ و بێ سەروشوێن دەکرێ . لە هاوینی 1351 (1973)دا کە دەفتەری سیاسی حیزب لەوە ئاگادار دەکرێ , و قاسملوو داوا لە دەفتەری سیاسی دەکا بۆ ئازاد کردنی شوێن پێی بکەون. لە سەر ئەو پێشنیارەی قاسملوو , نوێنەری پێوەندیەکانی حیزب چەندین ج ار

داوا لە حکوومەتی عێراق دەکا که ئازادی بکەن کە لە ئاخرەکەی دا پێی دەڵێن لە عێراق دەرکراوە. لەو کات دا هێندێك کەس کە دوژمنایەتیان لەگەڵ قاسملوو دەبێ، بڵاو دەکەنەوە کە قاسملوو لە گیرانی ئەحمەد تۆفیق ئاگادارە . مامۆستا عبدولله حسن زادە کە نزیك بە دە ساڵ سکرتێری گشتی حیزب بووە و لەو کاتیشدا ئەندامی رێبەرایەتی حیزب دەبێ، لەم بارەوە دەڵێ : بە شاهیدی ئەو کەسانەی کە قاسملوویان لە نزیکەوە ناسیوەو زۆرتر لەگەڵی ژیاون، نەك خەتایەکی لە گیرانی دا نەبوو، بەڵکوو هەوڵێکی زۆریشی بۆ ئازاد کردنی دا. ئەوانەی ئەو تۆمەتەیان بۆ قاسملوو هەڵ بەست بوو، قاسملوویان نەناسی بوو. نەشیانتوانی رووحی بەرزی قاسملوو بناسن.

## سەردانی قاسملوو لە ئیدریس بارزانی

لە سەروبەندی دوای تەواو بوونی کۆنفرانسی سێ و هەڵبژاردنی دوکتور قاسملوو بە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات ، ئیدریس بارزانی ڕەحمتی بە کەریمی حیسامی دا وەڵام دەداتە دوکتور قاسملوو سەردانی بکا . قاسملووی رووح سووك لە بەر گرینگی پێ دانی نێوان خۆش کردنی دوو جەریانی کورد، ئەوە بە کەم ناگرێ و هەڵدەستێ و سەردانی ئیدریس بارزانی دەکا . قاسملوو وڵاتی کوردانی بەگشتی وەك یەك تەماشا دەکرد و بە هی هەموو رێکخراوەکانی کوردی دەزانی . بەڵام پێی وابوو نابێ هیچ لایەنێکی سیاسی دیکەی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا، دەست لە کاری یەکتر وەربدەن. لەگەڵ هەموو گرینگی پێ دانی بە پشتیوانی و یارمەتی دۆستانی نەتەوەکەشی، هەمیشە ئەو راستییەیی دووپات دەکردەوە کە مەرجی بنەڕەتی گەیشتنی بە ئامانجەکانی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد دەبێ بۆ خۆی بە گشتی یەکگرتوو بێ و لە مەیدان دابێ و بە خەباتی هەموو بەشەکانی پشت ئەستوور بێت.

قاسملوو نەتەوەی کورد و چیاکانی کوردستانی بەگشتیی بە یەکەم پشتیوانی راستەقینەی خەباتی حەقخوا زانەی ن ەتەوەی کورد دادەناو دڵی بەگشت کوردستان خۆش بوو و کوردستانیشی بە هی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کورد دەزانی.

## سەفەر بۆ ئورووپا

قاسملوو هەموو کات تیَ گەیشتبوو نەتەوەی کورد کە ئەو هەموو دوژمنە زۆردار و خوێن رێژ ەی هەیە ، دەبیَ دۆست و پشتیوانی زۆر بۆ خۆی پەیدا بكات. دەی زانی دۆست و پشتیوان هەر لە خۆڕا پەیدا نابیَ و دەبیَ دەنگی مەزلوومیەتی نەتەوەی کورد بە جیهانیان بگەێندریَ و ئامانجەکانی خۆی بناسێنیَ و رێگاو شێوەی راکێشانی سەرنج و پشتیوانی گەلان بۆ لای خۆی ببینێتەوەو دڵنیایان بکا ئەوەی داوای دەکا داوایەکی سەرەتایی ترین مافە ئینسانیەکانن.

لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، ئەو کارەش کەس لە خۆی شارەزاتر و لێوەشاوەتر نەبوو. هەر بۆیەش بەو مەبەستەوە زیاتر قۆڵی هەڵ دەماڵی و زۆر جاران سەفەری بۆ ئورووپا دەکرد.

پاش بەستنی کۆنفرانسی سیَ زیاتر قۆڵی لیَ هەڵ ماڵی و بۆ پەیداکردنی دۆست و پشتیوان بۆ حیزبی دێموکرات و نەتەوەکەی رووی کردەوە ئورووپاو پاش ماوەیەك لە کارەکانی حیزبی راپەڕاند دوو بلرە گەڕایەوە نێو خەباتگێڕانی حیزبی دێموکرات و بەو پەڕی توانایەوە شانی دایە بەر راپەڕاندنی کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستان.

## کۆنگرەی سێ

پاش ئەوەکە لە سەفەری ئورووپا گەڕایەوە عێراق، ب ە مەبەستی گرتنی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست بە کار بوو و لە 1973/9/22دا بە بەشداری 49 ئەندام لە شاری بەغدا کۆنگرەی سێ دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

کاتێك کۆنگرە دەکرێتەوە ، پاش خوێندنەوەی سروودی ئەی رەقیب، دوکتور قاسملوو 49 کتێبی کوردستان و کورد بە سەر هەر 49 ئەندامی بەشدار لە کۆنگرەی سێ دا، دابەش دەکا . بەڵام لەگەڵ چەند کەسی دیکە لەو باوەڕەدا دەبن کە کۆنگرەی تێی دادەبن، کۆنگرەی دووهەمی حیزبە. چونکە کۆنگرەی دوویان کە لە 1342 گیرابوو، پێ مەشرووع نەببوو . بەڵام لە بەرانبەر ئەوانیشدا مامۆستا عبدوللە حسن زادە و بەشێکی دیکە پێ یان وا دەبێ کۆنگرەی تێی دادەبن کۆنگرەی سێهەمە. چونکە مێژوو حیزبیان بە بریتی لە هەموو رووداوەکانی باش و خراپ و راست و چەپ و سەرکەوتن و تێك شکانەوە دانا بوو. سەرئەنجام بۆ هەڵبژاردنی یەك لەو دوو بۆچوونە ، پەنا دەبەنە بەر نەزەری بەشدارانی کۆنگرەو زۆرایەتی بەشدارانی کۆنگرەش، کۆنگرەی دووهەم بە بەشێك لە مێژووی حیزبی دێموکرات دادەنێن. قاسملوو لە بەرامبەر بۆچوونی زۆرایەتی بەشدارانی کۆنگرەدا را ناوەستێ و رێز بۆ زۆرایەتی مخالیفانی ئەو بۆچوونەی خۆی دادەنێ چونکە نموونەی ئینسانێکی دێموکرات بوو کە بە هەموو وجوودیەوە بۆ سەرکەوتنی حیزب تێکۆشاو دەنگی زۆرایەتی ئەندام انی حازر لە کۆنگرەدا پەسند دەکا و پاش تەواو بوونی کارەکانی کۆنگرەش کە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی دەست پێ دەکا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش لە کۆبوونەوەی کۆمیتە ناوەندی دا بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژاردرێ.

## دانانی کلاسێکی سیاسی و دەرس گوتنەوە

یەکێك لە بڕیارەکانی کۆنگرەی سێهەم کە شارەزا کردنی ئەندامانی رێبەری حیزبی دێموکرات به سەر مەسایلی سیاسی و تیئوری دا دەبێ و رۆژی 1974/2/12 بەو مەبەستە کلاسێکی سیاسی دەکرێتەوە . قاسملوو بەشێکی گرنگی ئەو کلاسە بە ئەستۆی خۆی دەگرێ و دەست دەکا به گوتنەوەی دەرسی فەلسەفە، ئابووری سیاسی و مەسەل ەی کورد و پێوەندیە نێو نەتەوەیی یەکان. بەڵام پاش ماوەیەکی کورت که مەترسی دەست پێ کردنەوەی شەڕ لە نێوان پارتی دێموکرات و حکوومەتی عێراق دا زیاد دەبێ درێژە پێ دانی ئەو کلاسە بە نرخە تێك دەچێ.

## نێوبژیوانی

لەو کات دا کە مەترسی شەڕ لە نێوان پارتی دێموکراتی باشووری کوردستان و حکوومەتی عێراق زیاد دەبێ، دوکتور قاسملوو کە وەك هەمیشە بیری بە لای مەسەلەی نەتەوەکەیەوە دەبێ و حیسابی هەموو کوردستانی دابەشکراوی کوردستانی وەك یەك دەکرد و سەرکەوتنی هەر بەشێکی کوردستانی بە هی هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان دەزانی و بۆ تێکشکانەکانیش هەر وای دادەنا و بۆ ماف و ئازاد ی یە بنچینەکانی خەباتی دەکرد و پشتیوانی لە خەباتی گشت پارچەکانی دیکەی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانی و لە شەڕو خوێن رێژی بێ زار بوو و پێی باش بوو نەتەوەکەی لە رێگەی ئاشتییەوە هەنگاو بنێ و بە مافەکانی خۆی بگا ، لە نێوان پارتی دێموکرات و کاربەدەستانی عێراق دا هەوڵێکی زۆری بۆ پێکەوە سازان دا.

**سازبوونی شەڕ لە نێوان پارتی دێموکرات و حکوومەتی عێراقداو هەڵوێستی قاسملوو**

ساڵی 1974 کە ئیدریس بارزانی ڕەحمەتی لە وتووێژی خۆی لەگەڵ حکوومەتی عێراق دا به ئاکام ناگا و دەگەڕێتەوە کوردستان و پێوەندی

بارزانی و کاربەدەستانی بەغدا تێك دەچێ، مەترسی دەست پێ کردنەوەی شەڕ زیاتر دەبێ.

دوکتور قاسملوو کە هەمیشە ئەوە سیاسەتی بوو کە دەست لە کاروباری هیچ لایەن و حیزب و رێکخراو وەرنەدا . لەو پێوەندییەشدا ساغ ببۆوە کە بێ لایێنی خۆی و حیزبەکەی بپارێزێ. کاتێك شەڕ ساز دەبێ حکوومەتی عێراق داوای لێ دەکات بە دژی بارزانی شت بنووسێ و مەحکوومی بکا ، بەڵام وەك هەمیشە سەربەخۆیی حیزب ی دێموکرات دەپارێزی و داواوی حکوومەتی عێراق رەد دەکاتەوە.

## دەرکرانی رێبەرایەتی حیزب لە بەغدا

قاسملوو کە لە کاتی سازبوونەوەی شەڕی نێوان پارتی و حکوومەتی عێراقدا زۆر مەسئوولانە و بەرپرسانە هەنگاو دەنێ و داوای حکوومەتی عێراق لەمەر مەحکووم کردن بارزانی رەد دەکاتەوە، لە لایەن کاربەدەستانی حکوومەت ی عێراق جواب دەکرێ کە بەغدا بەجێ بهێڵێ.

رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات کە ئەوە لە ح کوومەتی عێراق دەبیستێ، بۆ پاراستنی خۆیان (رێبەرایەتی حیزب ) بریاردەدا کە هێندێك بچنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە کوردستان و قاسم لووش بچێتە دەرەوەی عێراق . کە سەرئەنجام هەر واش روو دەداو قاسملوو بەرەو چیکۆسلۆواکی هەنگاو دەنێ و ئەوانەی دیکەش دە گەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی کوردستان........

## دەرکرانی قاسملوو لە چیکۆسلۆواکی و هەنگاونان بەرەو پاریس

بە دوا بڕیاری دەفتەری سیاسی حیزب ی دێموکرات کە چۆوەچیکۆسلۆواکی، لەوێ رەخنەی لە سۆسیالیزمی مەوجوود گرت و پێی وابوو دەبێ سۆسیالیزمی دێموکرات جێی بگرێتەوەو ئاڵووگۆڕی تێدا بکرێ . هەر چەند

لە دوای یەکاندا هەم لە وڵاتی سۆڤیەت لە لایەن گارباچۆڤ ـ ئەوەی ئەو دەی گوت هاتە گۆڕێ و زۆر وڵاتی دیکەش پەیڕەویان لێ کرد بەڵام لە سەر ئەو رەخنە گرتنە و پاش چوونی می وانە نەخوازراوەکانی شۆرەوی بۆ و ی لە چیکۆسڵۆواکی دەکراو ناچار بەرەو پاریس پێتەختی فەرانسە رۆیشت و پاش ماوەیەك دواتر هێلینی هاوسەری کە خەڵکی وڵاتی چیکۆسلۆواکی بوو، لەوێ دەرکراو ئەویش چووە فەرانسە بۆ لای دوکتور قاسملوو.

دوکتور قاسملوو پاش ئەوە کە لە فەرانسە جێگیر بوو، کەوتە پێوەندی گر تن لەگەڵ بەرپرسانی ئۆپۆز ێسیۆنی ئێرانی و لە جێبەجێ کردنی ئەرکی حیزبی دا زۆری خۆ ماندوو کرد. جگە لەوەش لە 1355 ڕا تا ساڵی 1357 لە زانستگەی سۆربۆنی پاریس لە بەشی ز مان و شارستانی یە کورد دا کاری کرد.

ساڵی 1355ی هەتاوی کە بە تەواوی ئاگاداری وەزعییەتی نێوخ ۆی ئێران بوو، و جموجۆڵی خوێندکاری و ....... لە گۆڕێ دا دابوو و شا مخالیفەکانی خۆی دەگرتن و لە س ەر رووناکبیران توندو تیژی هەبوو بە لێکدانەوە بە نرخەکانی تێ گەیشتبوو کە زۆر درێژە ناکێشی و لە ئێراندا ئاڵ ووگۆڕ روو دەدا. هەر بۆیەش بە مەبەستی گەڕانەو ەی سەرجەم کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لە نهێنی دا بۆ رێکخستنی کاری تەشکیلاتی و پتەوکردنی ، گەڵاڵەیەکی نووسی و بەرەو مەجارستان کەوتەڕێ و رۆژی 1976/4/13 لە کۆبوونەوەیەکی حیزب دا ( پلینۆ ) گەڵاڵەکەی پێشکەش بە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە کرد، بەڵام هەرچەند گە ڵاڵەکە پەسندکرا . بەڵام دواتر بە بیانووی ئەوە کە دەبێ قاسملوو ش بگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات، جێبەجێ نەکرا.

## گەورەیی قاسملوو و چەند رستەیەك

قاسملوو كە تەك رەو و لە خۆبایی نەبوو، لە نێو حیزبی دێموكرات دا حەزی دەكرد كادر پەروەردە بكا . پێچەوانەی كەسێكی مەكتە بی دەدواو لە كۆبوونەوەكانی حیزب دا گرینگی بە نەز ەری هاورێیانی دەداو ئەو بیرانەی خۆش دەویست كە سەرچاوەكەیان كۆمەڵی كورد و رابردووی تێكۆشەرانی حیزب بوو، چ لە رووی تیئۆری و چ لە مەیدانی كردەوە دا دژی لێك گر ێ دانی چارەنووسی بزووتنەوە لەگەڵ چارەنووسی رێبەرێك یان شەخسیەتێك یان بنەماڵەو عەشیرەتێك بوو ، هەر بۆیەش كاری بە كۆمەڵ و رێبەرایەتی دەستە جەمعی هێنایە نێو فەرهەنگی بزووتنەوەی كورد و بە هەموو توانای دژی گەورە كردنەوەی نە خشی شەخسیەت و بۆچوونی عەشیرەتی و دوا كەوتوویی راوەستاو بەو پەڕی لێ زانی یەوە بۆ بەهێز كردنی نەخشی تەشكیلاتی لە بزووتنەوەدا خەباتی كردو لە نێو تەشكیلاتیش دا دژی هەر چەشنە سەرەڕۆیی و تەك رەویەك راوەستا.

تەكیەیی لە سەر ئەوە دەكرد كە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزو رەواكانی كورد، دەبێ وەسیلەی رەوا و پیرۆز بە كاری بهێنرێن و نابێ ر ێگا بدرێ ئەو بزووتنەوە رەوایە لە نێو بیرو‌ڕای گشتی جیهاندا عەیب دار بكرێ. لەو بارەش شوێنێكی بەرچاوی لە سەر بزوتنەوەی كورد داناو ئاكامی ئەو شوێن دانانەش لە مێژە بۆ نەتەوەی كورد و بە گشتی بۆ كۆمەڵگای ئاشتی و بە تایبەتی لە ناوچەدا دەركەوتووە.

قاسملوو لە هیچ هەل و مەرجێكی سەخت و دژواردا نا ئومێد نەدەبوو و هەمیشە لە سەر پەرەپێدانی خەباتی رەواو حەق بە دژی حكوومەتی زۆرە ملەو دەسەڵاتی نابەجێ پێی دادەگرت و لەوەشدا سەركەوتنی بەرچاوی بۆ

گەلی کورد وەدەست هێنا . لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە حیزبی دێموکرات وەك حیزبێکی بەرپرس و خاوەن ئوسوول دەتوانێ لە هەموو خەباتێکی ئوسوولی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کەڵك وەربگرێ، بەڵام قەت ئوسوولی تێدا تاکتیك نەکا.

جگە لەوەش ئینسانێکی سەردەم و بێ فیزو خۆشەویست بوو کە کەیفی بە نوکتەو قسەی خۆش دەهات و لەگە ڵ هەر کەسێك دوابا و هەڵس و کەوتی هەبا چ لایەنگری بزوتنەوەی ژێر رێبەرایەتی خۆی و چ رووناکبیر، دوکتوران، سەفیرە گەورەکان و سیاسەتمەداری چەپ و راست با هەستێکی وەك یەکی تێدا پێك دێنان.

زۆر جاران دەی گوت : ئێمە دوژمنمان زۆرە، بەڵام دۆستمان کەمەو دەبێ هەوڵ بدەین دوژمنانمان کەم بکەینەوەو دۆستانمان زیاتر بکەین، هەر بۆیەش سیاسەتی "مقابلە بە مثل"ی رەد دەکردەوەو زۆر جاران رای دەگەیاند کە ئەوە سیاسەتی ئێمە نیە کە هەر کەس دۆستمان نەبێ دوژمنایەتی لەگەڵ بکەین، بەڵکوو سیاسەتی ئێمە ئەوەی ە کە هەر کەس دوژمنایەتیمان نەکا ، ئێمە بە دۆستی خۆمانی دەزان ین و ئامادەین دۆستایەتی لەگەڵ بکەین. بەڵێ تێزەکانی قاسملوو کە لە هەزارەی سێ دا دەرکەوتن و رەنگ بێ لە هەزارەی چواریشدا کەڵکیان لێ وەرگیرێ.



سەرکردەی نەمر قاسملوو

# بـــەشـــــی دووهــــــەم

**گەڕانەوەی بۆ بەغدا و پێشنیاری بە کۆمیتەی ناوەندی بۆ هەنگاونان بەرەو نێوخۆی وڵات ( ئێران )**

قاسملوو لە هاوینی 1357 دەگەڕێتەوە بۆ بەغداو لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا دەڵێ : راپەڕینی ئەمجارەی خەڵکی ئێران شتێکە کە شا حەتمەن دەڕوات و ناگەڕێتەوەو دەبێ بە و ەخت بچینەوە نێو خەڵکی خۆمان . کۆمیتەی ناوەندی بەوە رەزایەت نیشان نادا، بەڵام سەرئەنجام بە لێکدانەوەی دروست وئوسوولی قەناعەت بە کۆمیتەی ناوەندی دێنێ و کۆمیتەیەك بە ناوی کۆمیتەی زاگرۆس دادەمەزرێ و چەند رۆژ دوات ر ئەندامانی ئەو کۆمیتە کەیەکیان قاسملوو دەبێ دەگەڕێنەوە نێو خۆی وڵات و قاسملوو کە بۆ تاران دادەنرێ دەچێتە وێ.

رۆژی دووی رێبەندانی 1357، مامۆستا عبدولله حسن زادە کە یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی زاگرۆس دەبێ و بۆ شاری مەهاباد دادەنرێ ، دەی هەوێ بە ناوی خۆی قسە بۆ خەڵك بکا . بەڵام کاتێ دوکتور قاسملو و لەوە ئاگادار دەکەن موافقەت ناکا . چونکە لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا بڕیار دەدەن کە کۆمیتەی زاگ‌رۆس بە نهێنی وەمێنێ و کار بکا . لەو کاتەدا کە دوکتور قاسملوو لە تاران خەریکی کاری حیزبی دەبێ دوا حکوومەتی شا دادەمەزرێ و دوکتور شاپووری بەختیار لە یەکە م نوتقی خۆیدا هێ رشی دەکاتە سەر کورد و بە جیاوازیخوازی دادەنێ.

ئەندامانی کۆمیتەی زاگرۆس لە شارەکانی کوردستان کە خەریکی ئەوە دەبن بە دژی بەختیار شت بنووسن . بەڵام کاتێك دوکتور قاسملوو لەوە ئاگادار دەکەن، چونکە لەو نوتقە دا دەڵێ: خەڵك ئازادە حیزبی دڵخوازی خۆیان پێك بێن و لە کارو باری وڵات دا بەشداربن، موافقەت ناکا .

پاش ئەوەکە دوا حکوومەتی شا کۆتایی پێ هات، قاسملوو بۆ کارو تێکۆشانی حیزب گەڕایەوە کوردستان و قۆڵی لە تێکۆشانی حیزبی هەڵ ماڵێ، لە 1357دا کە شۆڕش سەرکەوت قاسملوو ویستی بە دامەزراندنی شووڕ ا لە گوندەکانی کوردستاندا حیزب لە خەباتدا سەرکەوتوتر بکات کە ئەوەش ئاکامی باشی بۆ حیزبی دێموکرات لێ کەوتەوە. بە دوا ئەوەدا ئێستا پادگانی مەهاباد نەگیرابوو کە هەیئەتی دەوڵەتی بازرگان لە 14ی فێوریەی 1987 , بە سەرپەرستی داریوش فروهەر گەیشتە مەهاباد و چاویان بە نوێنەرایەتی گەلی کورد کەوت.

لەو کاتەدا ژنراڵ پزیشك پوور فەرماندەی پادگانی مەهاباد و زاوای داریوشی فروهەر کە چاوی بە قاسملوو دەکەوێت دەڵێ : ئای ئەوەش تۆ ! دەمێك بوو دەمهەویست بت بینم . کاتێك پزیشك پوور ئەوەی دەڵێ، قاسملوو دەڵێت : کەواتە بە دوام دا گەڕاوی .ئێستا هەیئەتی دەوڵەت هەر لە مەهاباد بوو کە پادگانی مەهاباد گیرا . بەڵام قاسملوو ئەوەی بۆ وتووێژەکان بە باش دانەنا.

پاش گرتنی پادگانی مەهاباد و گەڕ انەوەی هەیئەتی دەوڵەت بۆ تاران لە 11ی رەشەممەی 1358 دا , قاسملوو لە متینگێکی گەورە لە ستادی ۆمی وەرزشی مەهاباد کە زیاتر لە سەدهەزار کەسی تێدا بەشدار بوو، پەیامی حیزبی دێموکراتی خوێندەوەو پشتیوانی حیزبی لە شۆڕشی گەلانی ئێران و دەسکەوتەکانی راگەیاندو سیاسەتی حیزبی دێموکراتی شی کردەوە و رایگەیاند کە حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد بەرامبەر بە پ یلانەکانی دوژمن دەست لە سەردەست دانان ێ و هەموو رێکخراوە سیاسی یەکانی بۆ یەکیەتێ و تەبایی و هاوکاری بانگهێشتن کردو داوای لێ کردن چونکە لە ئێراندا دێموکراسی ریشەی نیە، تەمرینی دێموکراسی بکەن تا هەموو کەس لەو فەزا ئازادیە کە بە رووخانی رێژیمی شا پێك هاتبوو کەڵك وەربگرن.

پاش هەموو ئاڵۆزی و شەڕەكان، قاسملوو كە هەردەم دەی هەویست لە ڕێگەی ئاشتی مەسەلە ی كورد حەل بێ و شەر زیاتر بە سەر خەڵكی كوردستاندا نەسەپێ و خەڵك تووشی كوژران و دەربەدەری و ماڵوێرانی نەبێ، لە ڕۆژەكانی 7 یا 8ی خاكەلێوەی 1358دا لەگەڵ چەند كەسی دیكە وەك هەیئەتی حیزبی دێموكرات چوو بوو قۆم و چاوی بە خومەینی كەوت و مەسەلەی كوردو گیروگوفتەكانیشی ناوچەی بۆ باس كرد. بەڵام خومەینی لە ئەسڵی مەسەلەكە دوور كەوتەوەو بەرەواڵەت مەسەلەكە حەواڵەی لای بازرگان كرد و قاسملووش ڕۆژی 11ی خاكەلێوە لە تاران چوو بۆ لای بلرزگان و مەسەلەكەی لەگەڵ باس لێدو پشتیوانی حیزبی لە دەوڵەتەكەی راگەیاندو داوای لێ كرد ڕێگای بدا لە ڕێگەی رادیۆ تەلەفزیۆن داخوازیەكانی خەڵكی كوردستان بۆ گەلانی ئێران شی بكاتەوە و داخواز ی یەكانیشیان لە قانوونی ئەساسی دا بگونجێندر ێن و ڕێگەش بدرێ نوێنەرا نی خەڵكی كوردستان لە دانانی قانووندا بەشداربن . بەڵام بازرگان و لە سەرووی هەمووان خ ومەینی لە راست داخوازییەكانی گەلی كورد خۆ یان كەڕ كردو وتووێژەكە هیچی لێ شین نەبوو و قاسملوو بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە كوردستان و ڕێژیمیش كەوتە پیلان دروست كردن.

قاسملوو بەدوا ئەوەدا كە گەیشتەوە كوردستان، بە مەبەستی كردنەوەی دەفتەری حیزب لە نەغەدە، چوو بۆ ئەو شارە . بەڵام ڕۆژی 31ی خاكەلێوەی 1358، لە ستادیۆمی ئەو شارەدا كە زیاتر لە هەزاران كوردو ئازەری تێدا بوو و ویستی لە سەر برایەتی و پێكەوە ژی انی گەلانی ئێران و زەروریەتی یەكگرتن قسە بكات، لە یەكەم رستەی وتارەكەیدا بە نەخشەی دوژمن لە دەوروبەرو ژوورەوەی ستادیۆمەوە تەقە لەو متینگەو قاسملوو كراو شەڕێكی نەخوازراو بە پیلانی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخوندی لە نێوان

کورد و ئازەری دا دەست پێ کرا. بەڵام قاسملووی ژیرو وریا بە دژی نەیارانی کورد هەنگاوی دۆستانەی تا نەی هێشت ئەو شەڕە زۆر درێژە بکێشی و پیلانی دوژمنی کردە بڵقی سەر ئاو و نەی هێشت ئەوەی دوژمن دەی هەویست پێی بگا .

پاش ئەو شەڕەش کە هەمیشە حەزی لە ئاشتی دەکرد و برایەتی گەلانی ئێرانی دەویست، بۆ باس لە سەر ئەو روو داوە و لە سەرەتای مانگی مەی 1979دا چوو بۆ قۆم بۆ لای خومەینی و داوای لێ کرد کە کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوە لە سەر رووداوەکە پێك بێ و هەر لەوێش بە خومەینی دەڵێ: لەو رووداوانەدا (توطـﮥ وتحريك) هەبوو، ئەگەر شتێك نەکەی رووداوی ناخۆشتر دووپات دەبنەوە. خومەینی بە رەواڵەت ئەوەی لێ قبووڵ دەکا و کۆمیسیۆنێك بەو ناوە دەنێرێتە کوردستان . بەڵام لە راستی دا بۆ ئازادی کردنی دو زیندانی دەبێ کە لە دەست حیزب دا دەبن . چونکە هەر کە چاویان بە قاسملوو دەکەوێ، داوای ئازاد کردنی ئەو دوو زیندانیە دەکەن. بەڵام قاسملوو لە وڵامی ئەو داوایە دا دەڵێت : بۆ لە نێو ئەو هەموو زیندانیانەدا هەر داوای ئەو دوو نەفەرە دەکەن، ئەگەر ئازاد بکەین هەمووان ئازا د دەکەین، بەڵام ئازادیان ناکەین . پاش یەك دوو س اعەت رەبانی سەر لەنوێ داواکەی لە قاسملوو دووپات دەکاتەوە، بەڵام قاسملوو لە سەرخۆ پێی دەڵێت : وا مەزانە کە نازانین تۆ تەنیا بۆ ئازادکردنی ئەو دوو نەفەرە هاتووی نەك بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر شەڕ ی نەغەدە .بە دوای ئەوەدا، رەبانی کە ئەوە لە قاسملوو دەبیسێ، مەهاباد بەجێ دەهێڵێ و بەرەو ورمێ دەکەوێتە رێ و بۆ دروست کردنی پیلانی دیکە دەچێتە لای مەلا حەسەنی خوێن رێژو ئاژاوەگێڕ.

## هەڵبژاردنی قاسملوو بۆ مەجلسی خوبرەگان

ڕۆژی 25ی گەلاوێژی 1358، تەقریبەن سێ مانگ و نیو پاش شەڕی نەغەدە کە هەڵبژاردنی ئەندامانی مەجلیسی خوبرەگان لە سەرانسەری ئێراندا بەڕێوە چوو کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی پێش ڕۆژی کاندیدای کوردەکان بە تایبەتی بۆ قاسملوو کە کاندیدای مەجلیسی خوبرەگان بوو، بۆ پێشتگیری لە چوونیان بۆ مجلیس، چیان لە دەست هات کردیان. بەڵام بەو حاڵەش قاسملوو 11/773 دەنگی وەدەست هێناو لە نێو شاری ورمێ ش دا پێش کاندیداکانی دیکە کەوت.

قاسملوو کە بۆ مەجلیسی خوبرەگان هەڵبژاردرا، کۆماری بە ناو ئیسلامی بۆ پێشگیری لە چوونی بۆ مەجلیس کەوتە دۆزینەوەی فێڵ و تەڵەکە . چونکە ئەو مەجلیسە، مەجلیسی فکری دەسەڵاتدار بوو و قاسملووش نوێنەری راستەقینەو هەڵبژاردراوی خەڵك و پارێزەری قازانجەکانی ئەوان بوو. لێرەدا بوو کە ئاژاوەگێڕی زیاتر پەرەی ستاند و پێش کردنەوەی مەجلیسی خوبرەگان بە چەند ڕۆژێك، شەڕێکی کۆنەپەرستانە لە شاری پاوە لە لایەن کۆماری ئیسلامی بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپا. لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو لە نیازی کاربەدەستانی ڕێژیم حاڵی بوو. بەڵام لە بەر ئەوە کە خەڵك متمانەی خۆی پێ دابوو، لەو حاڵەدا ئامادە بوو بچێتە تاران بۆ بەشداری لەو مەجلیسەدا . بەڵام کۆمیتەی ناوەندی ملی بۆ ئەوە رانە کێشراو پێی وابوو لە جێگەی بەشدار بوونی لە مەجلیس دا دەینێرێتە بەندیخانە.

ڕۆژی 28ی گەلاوێژی 1358، ئەو ڕۆژە کە خومەینی دەستووری جیهادی بۆ سەر کوردستان دەر کرد، مەجلیسی خوبرەگان دەست ی پێ کرد. کاتێك ئەندامانی دیکەی هەڵبژاردراوی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بۆ بەشداری لەو مەجلیسەدا گەیشتنە تاران، خومەینی دەپرسێ: ئەدی کوا قاسملوو؟ "ایکاش

امده بود خیال داشتم اگر بیاید همچنان نگرش دارم (بریا هاتبا! ئەمن نیازم هەبوو ئەگەر بێ هەر لێرە رای بگرم).

دوکتور قاسملوو باش دەیزانی خومەینی زیاتر لە رێژیمی شا دژی خەڵکی کوردستانە. بەڵام لە بەر ئاشتیخوازی دەی هەویست هەر چۆنێك بێ و بۆی دەگونجێ لە رێگەی نەرم و ئاشتییەوە نەتەوەی کورد بە مافە ئینسان ی یەکانی بگا. خومەینی ئەوە دەرك کردبوو کە بوونی قاسملوو لە مەجلیسی خوبرەگاندا چەند بە قازانجی نەتەوەی کوردەو چەندە بە زیانی رێژیمەکەیەتی. هەر بۆیەش چاوی بەریناێ نەدا وەك نوێنەری خەڵکی کورد بچێتە مەجلسی خوبرەگان. دەیزانی قاسملوو چی دەویست و چەند دڵسۆزی نەتەوەی کورد بوو و جیاوازیش لە نێوان گەلانی ئێراندا دانانێ و دەی هەوێ حکوومەتێکی مەردووم سالاری لە ئێراندا بێتە سەر کار . هەر بۆیەش 17ی ئوتی 1979 (1358) لە نوتقێکی پڕ لە هەڕەشەدا لە قۆم گوتی: رێبەرانی حیزبی دێموکرات دەبێ دادگایی و محاکمە بکرێن کە مەبەستی سەرەکی لە ناوبردنی قاسملوو بوو.

دوکتور قاسملوو کە پیاوێکی ئاشتی خوازو بە یەکەوە ژیانی گەلانی ئێرانی دەویست، لەوکاتە دا کە شەڕ بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپاو خەڵکی شارەکانی سنە و مەریوان و پاوەو سەقز کەو تنە بەر پەلاماری هێزی هەوایی و زەمینی و خەڵك بێ ماڵ و ح اڵ دەکرا هەیئەتێکی ناردە لای خومەینی و رۆژی 24ی ئوتی 1979 (1358) لە متینگێکی گەورەدا لە شاری مەهاباد گەیشتنی ئەو دەستەی لە نوێنەرایەتی بۆ لای خومەینی راگەیاندو مەرجەکانی وتووێژێکی راستەقینەی بۆ خەڵك خستە روو. بەڵام ئەو جارەش خومەینی گوتی: نابێ هیچ ئیمتیازێکی تایبەتی نە بە کوردان و نە بە هیچ کەمایەتی یەکی میللی دیکە لە ئێراندا بدرێ و حیزبی دێموکرات جیاوازی

خوازە. سەرئەنجامیش رۆژی 2ی سێپتامبری 1979 (1358) خومەینی ئۆلتیماتۆی بە حیزب دا کە رێگا بە هێزەکانی بدا بچ نە نێو شاری مەهاباد . بەڵام قاسملوو ئەوەی رەد کردەوەو دەوڵەتیش لشکری 64ی نارده سەر مەهاباد و هاوکاتیش لشکری 28 هێرشی کرده سەر بۆکان و پیرانشار . لەو کاتەدا دوکتور قاسملووش بۆ پەلاماردانی ورمێ ویستی تاهیر خانی کوڕی سمکۆی شکاك و سەرۆك عەشیرەتەکانی شیمالی کوردستان بێنێتە مەیدان و سەر لە دوژمن بشێوێنێ و مەهاباد رزگار بکا. بەڵام نەیارانی ئەو کاتی حیزب نەیان هێشت تاهیرخان ئەوە بکات.

بە دوای ئەوەدا هێزەکانی حیزب لە شاری مەهاباد پاشەکشە یان کردو چەند رۆژ دواتریش قاسملوو لە پارکی شاری سەردەشت لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا قسەی بۆ خەڵك کردو پیلانەکانی دوژمنی بۆ خەڵك روون کردەوەو باسی ئەرکی خەڵکی بەرامبەر بە حیزب ی دێموکرات کرد. بەڵام پاش گرتنەوەی مەهاباد و بۆکان و چە ند شوێنی دیکەی کوردستان، هێرش کرایە سەر شاری بانەو دواتر یش لە 6ی سێپتامبردا شاری سەردەشت گیراو قاسملوو وێڕای رێبەرایەتی و بەدەنەی حیزب رێگەی چیاکانی کوردستانی گرتەبەر.

لەو کاتە سەختەدا بوو کە قاسملوو رایگەیاندو گوتی: پارتیزانەکانی حیزب چەك و تەقەمەنیان لێ نابڕێ و خۆ بۆ شەڕێکی درێژخایان ئامادە دەکەن کە لە هەموو کوردستاندا شەڕی پارتیزانی وێرای تێکۆشانی دیکە درێژەی دەبێ . بە دوا ئەوەدا لە رۆژەکانی 18 تا 21ی ئۆکتۆبەری 1979 لە نێو شاری مەهاباد دا شەڕ دەست ی پێ کردو نۆ شەقامی شار کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان . بەدوای ئەوەدا رۆژی 23 ئۆکتۆبەری 1979، خومەینێ دەوڵەتی بانگ کرده قۆم و چوار وەزیر ی بۆ وتوێژ لە سەر چارەسەری بە رەواڵەتی کێشەی کوردستان دیاری کرد.

پاش شکستی هێزەکانی رێژیم لە کوردستان و کۆبوونەوەی دەوڵەت لە 23ی ئۆکتۆبەر لە قۆم، رۆژی 26ی خەزەڵوەری 1358 خومەینی کە دەیزانی هێزەکانی لە کوردستان شکستیان خواردوە، لە پەیامێکی تەلەفزیۆنی دا پێی لە شکستی هێزەکانی لە کوردستان ناو داوای ئاگربەست و وتوویژ ی کردو بەڵێنی دا مافی گەلی کورد بدا . هەرچەند قاسملوو زۆر زوو لە پیلانەی خومێنی گەیشت ، بەلام لە بەر ئاشتی خوازی و ئیمان بە یەکەوە ژیانی گەلانی ئێران و رێگە چارەی هەر کێشەیەك دانیشتن و وتووێژە رۆژی 29ی خەزەڵوەر، سێ رۆژ دوای پەیامەکەی خومەینی ، کە تازە لە باشووری کوردستان ڕا گەڕابۆوە مەهاباد، پێشوازی لە پەیامەکەی خومێنی کرد.

**وتووێژو نەزەری قاسملوو**

قاسملوو ئەوکات کە با سی نێوەڕۆکی وتووێژەکانی دەکرد، گوتی: میللەت خودموختاری دەوێ ئێمە نابێ لەوە پاشگەز ببینەوە . لە کوردستان کەس نازانێ خودگەر دانی چی یە، مەجلیس و هەیئەتی ئیجرایی و وشەکان گرینگییەکی کەمتریان هەیە و ئەوەی گرنگە نێوەڕۆکە . ئێستا ئەو هەیئەتە ئیجراییە ناو دەنێن "حکوومەتی ناوچەیی" یان "کۆمیتەی ئیجرایی" یان "مەجلیسی میللی دەبێ یا ناوچەیی " وشەکان زۆر گرنگ نین . بەلام دەبێ ژاندارمەری و پۆلیس کورد بن، مەسەلە ئەوەیە کە کێ فەرماندەکانیان دیاری دەکا. ئێمە دەڵێین: هەیئەتی ئیجرایی "کوردستان" ئەوان دەڵێن: دەوڵەتی ئێران دیارە ئەرتەشی ئێران لە کو ردستان جێگیربێ بۆ ئەوەی پارێزگاری سنوورەکان بکا . بەلام نابێ دەست لە کاروباری نێوخۆیی کوردستان وەربدا . پادگانی مەهابادیش کە نیوەی شارەکەی داگرتووە نامێنێ . بۆ زەمانەت کردنی داهاتووی خودموختاریش پێشمەرگەکانمان رادەگرین لەو بارەوە هیچ پاشەکشەیەکمان نابێ. سەبارەت بە داهاتیش دەوڵەت 40 ـ 30٪ی بۆ خۆی

وەگێریێ و پاشماوەکەشی بە شێوەیەکی رێژەیی بە سەر خەڵك دا دابەش بکرێ. ئەوان ئەگەر بیانەوێ کوردستان لەگەڵ ئێران بمێنێتەوە ، دەبێ بەشێك لە داهاتی نەوتیشمان بدەنێ.

لەو سەروبەندەدا قاسملوو پێوەندی توندو گەرم و گوڕی بۆ دورخستنەوەیان لە رێژیم، لەگەڵ زۆر لە ئەرتەشیەکان گرت و زۆری بێ لایەن کردن و حازر نەبوون گوندەکانی کوردستان بدەنە بەر رەهێڵەی تۆپخانەو لە ئاکامیشدا چەند کەسیان هاتنە نێو رێزەکانی حیزب و بە نیشتمان وەفادار مانەوە کە بەداخەوە چەندیان لە پێناو رزگار بوونی خاك و نەتەوەکە یاندا گیانیان بەخشی. لە کاتی وتووێژدا دەوڵەت حازر نەبوو لەگەڵ چریکەکان و کۆمەڵەدا وتووێژ بکات. لەو کاتەدا قاسملوو کە وەك وتەبێژی نوێنەرایەتی گەلی ك ورد لە وتووێژەکاندا بەشدار بوو لێوەشاوانە و بەرپرسانە راو یژی نەرم و هێمنانەی بەکار بردو قسەی هەیئەتی دەوڵەتی سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر بە کۆمەڵ و چریکەکان رەد کردەوەو گوتی : من پێشەکی لە هەموو دۆستان ئیزن دەخوازم و بە خێرهاتنی هەیئەتی دەوڵەت دەکەم . لە قوڵایی دڵمانەوە خۆشحاڵین کە توانیومانە دوای تێکهەڵچوونە د اخاوێیەکان لێرە لە سەر مێز برایانە لێك کۆببینەوە و لە بارەی ئەو مەسەلانەوە کە پێوەندییان بە کوردستان و نیشتمانی خۆشەویستمان ئێرانەوە هەیە پێکەوە قسان بکەین. دیارە بۆ بەروپێشچوونی وتووێژەکان نیاز پاکی پێویستێیەکی سەرەکێیە، ئێمە بەو پەڕی نیازپاکێیەوە ، بەراستی بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی و دۆستایەتێیەوە بۆ ئەم وتووێژە هاتووین . هەروا کە ئاغای فروهەر فەرموویان، هیوای ئێمە ئەوەیە کە هەیئەتی تایبەتی دەوڵەتیش هەر بەو هەستەوە هاتبێتە سەر مێزی وتووێژ.

بە داخەوە هێزی ئەوتۆمان هەن کە هەوڵ دەدەن شەڕو تێ کهەڵچوون وەڕێ بخەن. ئێمە بە هەموو هێزمانەوە بەوپەڕی نیازپاکیەوە تا ئێستا هەوڵمان داوە و هەوڵ دەدەین کە خوای نەخواستە لە ماوەی وتووێژەکان دا چووکترین تیکهەڵچوون روونەدا. بەڵام پێمان وایە کە ئەو جۆرە هەوڵە دەبێ لە هەردوو لاوە بێ تا بگەینە ئاکامێکی بەراستی لێ براوانە.

بەڕێز ئاغای "صباغیان" یەك دوو جار فەرموویان کە دەوڵەت لەو پەڕی بەهێزی دا لە (مەوزعی قودرەتەوە) وتووێژ لەگەڵ کوردان دەکا، پێم وایە لێرەدا بە کارهێنانی وشەی لە (مەوزعی قودرەتەوە قسە کردن) لە نێو یەك وڵات و بەرامبەر بە گەلێك کە بەشێکە لە خەڵکی ئەو وڵاتە، ئێمە دەخاتەوە یادی سەردەمانی پێشوو. لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەبێ لە ڕێگای دۆستایەتی و خۆشەویستیەوە نەك لە (مەوزعی قودرەتەوە) قسە بکرێ. ئێمە پێمان وایە ئەو تێکهەڵچوونانەی لە کوردستان روویان داوە بۆ هەموومان جێگای داخ و نەخوازراو بوون و بە سەرماندا سەپان، بەلام ئێمە گوتوومانەو ئێستاش دووپاتی دەکەینەوە کە لە شەڕی براکوژی "براو و سەرکەوتوو "و شکاومان نیە. ئەو شەڕە، شەڕێکی براکوژیە، هیوادارین دووپات نەبێتەوە.

راستیەکەی ئەوەیە کە ئەو پاستدار نەی ئێستا لە مەهاباد ـ ن هیچ تەئسیرێکیان لە ئەمنیەتی ئەو شارە دانیەو لە راستی دا ئێمە ئەوان وەك برای خۆمان کە بەجۆرێك لە جۆرەکان زیندانی کراون چاو لێ دەکەین و پێمان وایە چوونە دەریان لە مەهاباد و شارەکانی دیکە ی کوردستان یارمەتی یەکی زۆر بە لەباربوونی هەل و مەرجی وتووێژ ەکان دەکاو بە خەڵکی کوردستانیش نیشان دەدا کە داخواز یەکانی ئەوان لە لایەن هەیئەتی تایبەتی دەوڵەتەوە هەروا کە لە پەیامی ئیمامدا هاتووە قبوولکراوە.

با ئیشارە بە مەسەلەیەکی ئەسڵیش بکەم ئەویش رادیۆو تەلەفزیۆنە کە دیارە لە ئیختیار دەوڵەت دایە . ئێمە پێمان وایە لە هەر روانگەیەکەوە سەیری مەسەلەکە بکەین چ لە روانگەی ئینساف و دادپەروەرییەوە چ لە روانگەی ئازادی فەردی و کۆمەڵایەتییەوە کاتێك هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت ئیمکانی ئەوەی هەیە داخوازەکانی ئێمە بخاتە بەر هەڵسەنگاندن و توێژینەوەو، بیروڕای دەوڵەت و بەرپرسانی بە هەموو خەڵکی کوردستان بڵێ، چی تێ دایە کە دەرفەتێکی ئەوتۆش قەیدی ناکا بە ماوەکەشی کەمتر بێ، پاش چەند مانگ بە ئێمە بدرێ، ئێمەش لە بەرامبەر خەڵکی ئێران و وڵاتی خۆماندا بەرپرسیارین و هەروەها کە هەیئەتی دەوڵەت هەقی قەزاوەت و داوەری کردن بە خەڵ ك لە بارەی قسەکانی خۆیە وە دەدا رێگە بە ئێمەش بدەن و ئەو هەقەمان بدەنێ کە داخواز ییەکانی خۆمان لە چوار چێوەی نیشتمانی خۆشەویستمان ئێراندا بێنینە گۆڕێ تا خەڵك بەڕاستی بزانن ئێمە چمان دەوێ. باشە ئەوە خەڵك و مێژوون کە دەبێ قەزاوەت بکەن . بەڵام لە بارەی مەسەلەیەك کە لێرەدا هاتە گۆڕێ، ئێمە لە سەر ئەو بڕوایەین کە لایەنێك لەگەڵ ئەوەش دا کە من لەگەڵ ئاغای فروهەر هاودەنگم کە ئێمە یەك لایەنین نەك دوو لایەن و هیوادارین کە تەنانەت لە سەر مێزیش یەك لا بین ـ بە گوێرەی رێوشوێنەکان بۆ خۆی هەیئەتی نوێنەرایەتی خۆی دیاری دەکا. ئەم هەیئەتی نوێنەرایەتییە کە لێرە دانیشتووە خەڵکی کوردستان قبووڵیەتی. زۆربەی خەڵکی کور دستان پشتیوانی لەم هەیئەتە دەکا . بەڵام ئەگەر هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت و دۆستانی ئێمە دەڵێن کە ئێمە لەگەڵ حیزب و رێکخراوەکان وتووێژ ناکەین، باشە ئێمە وەك هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ وتووێژ هاتووین و ئێوەش لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد وتووێژ بکەن . چ حیزبی دێموکرات، چ فیداییەکان، چ کۆمەڵە، کاتێك

(ببینن) کە هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت قبووڵ دەکا کە لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد وتووێژ بکا و بەڕاستی ش (قبووڵ دەکا) ئەو هەیئەتە نوێنەرایەتیيە جێگەی تەئیدی زۆربەی نزیك بە تەواوی خەڵکی کوردستانە، من پێم وایە ئیدی مەسەلەی شکڵ نابێ ببێتە کۆسپی درێژەدانی وتووێژەکان و دیسان دەگەڕێمەوە سەر قسەکانی ئاغا فروهەر کە فەرم وویان هەرچی زووتر بچینە سەر ئەسڵی مەسەلەکە کە نێوەڕۆکی وتووێژەکانە، لە راستی دا ئێمە لەو پەڕی چاوەڕوانی داین و دەمان هەوێ ئەوەی هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت وەك گەلاڵە لەگەڵ خۆی هێناویەتی بی دا بە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد . ئێمە وەك نوێنەرانی گ ەلێکی کە بەراستی وەك منداڵێك چاوەڕوانی دیاری وەرگرتنی لە کەسێکی نزیکی خۆیەتی، چاوەڕوانی ئەو گەلاڵەیەین و هیوادارین کە پاش دیتنی ئەو گەلاڵەیەو پاش خوێندنەوە، مەسەلەی شکڵی و بچووکەکان بە ئاسانی چارە سەر ببن . من دەمهەوێ بە ناوی وتەبێژی هەمووو ئەم دۆس تانە، هیواداری دەربېرم داخوازە بنەڕەتی یەکانی گەلی کورد کە لە راستی دا نە تەنیا هیچ ناتەبایی یەکیان لەگەڵ ویستەکانی سەرانسەری خەڵکی ئێراندا نیە، بەڵکوو بە پێچەوانە ئەگەر جێ بەجێ بکرێن یارمەتی بە یەکیەتی ئەرزی ئێران دەکەن (قبووڵ بکەن) ئەو داخوازییانەی گەلی ئێمە لە سەر یەك لە وشەی خودموختاری دا خۆ دەنوێنن. کاتێك گەلاڵەی دەست نووسی دەوڵەت دەگاتە دەست قاسملوو، پاش خوێندنەوەی دەڵێت: ئەو بەڵگەیە زیاتر "لامەرکەزی"یەکی ئیداری پێشنیار کردوە نەك خودموختاری یەکی راستەق ینە. ئەو نوسراوەیە کوردەکان وەك "گەل" و تەنانەت "رەگەز" ناناسێ کوردەکان داوای هەر چوار ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام دەکەن لە ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بێ بەڵام دەوڵەت ئوستا نێ ئازەربایجانی رۆژئاواو کور دستانی لەو

نووسراوەدا بەکار بردوەو دەڵێ: ئەو دوو ئۆستانەی دیکە "کوردی شیعەیان لێ دەژی". هەروەها بەشێکی گەورەی ئۆستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا کە ئازەری لێ دەژین لە ناوچەی خودموختار جیا کراونەوەو گەلی کورد ناتوانێ بەو "خودگەردانیيە" رازی بێ گەلی کورد لە کاتێك دا بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری خوێنی داوە قبووڵ ناکا سە رزەوی کورد بکرێتە ئوستانێك و واحیدێکی ئیداری کە شۆڕایەکی ئیجرایی هەڵ قوڵاوی مەجلیسی هەڵبۆێردراو بە دەنگی گشتی خۆی نەبێ.

بەڵێ دەوڵەت لە نیازپاکی دا نەبوو کە دەی گووت: خواستەکانی گەلی کورد جێ بەجێ دەکەم. بەڵکوو بۆ سازماندانەوەی هێزە شکست خواردوەکانی بوو کە بەدەستی پێشمەرگەی کوردستان خوارد بووی . سەرەڕای هەموو نیازە دوور لە پاکیەکانی رێژیم , تێك هەڵچوونەکان لێرەو لەوێی کوردستان لە لایەن هێندێك رێکخراوی کوردستان و گیرانی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران لە چواری نوامبر و ئیستفا کردنی دوکتور بازرگان لە شەشی نوامبر لە سەرۆك وەزیری و هەڵوەشانەوەی پەیمانی 1921ی ئێران و سۆڤیەت لە لایەن ئێرانەوەو یەك دەست نەبوونی هەموو حیزب و رێکخراوەو شەخس یەتە بەرزەکانی کوردستان، بێ تەئسیر نەبوون لە مەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان کە پشت گوێ خران.

## کـــۆنـــگـــرەی چـــــوار

لە سەروبەندی وتووێژەکاندا کە نیسبتەن کوردستان کەمێك ئارام بوو و
هێزەکانی رێژیم لە توانایان کەم ببۆ وە، پاش سێ مانگ و نیو دوای
پەیامەکەی خومەینی، لە 26ی خەزەڵوەری 1358دا، رۆژی 3ی رێبەندانی
ئەو ساڵە، کۆنگرەی چواری حیزب بە بەشداری 310 ئەندام لە ساڵۆنی سینما
ئومێد لە نێو شاری مەهاباد دا دەستی بە کارەکانی کردو دوکتور قاسملوو
راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی خوێندەوە . لەو کۆنگرەدا کە
خەباتی ئاشکرای حیزب زۆر لە مێژ نەبوو دەستی پێ کرد بوو، نەك هەر
کادرو پێشمەرگەکان، بەڵکوو زۆربەی ئ ەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش ، باش
یەکتریان نەدەناسی، ئەو کات جەوی حاکم بە سەر رووناکبیران و تەنانەت بە
سەر بەشێکی ش لە حیزب دا جەوێك بوو کە حیزبی توودەی ئێران
سەپاندبووی. لە کۆنگرەدا باس لە سەر ئەوە بوو چونکە کۆماری ئیسلامی
دژی ئیمپریالیزمە ، دەبێ شەر لەگەڵ ئیمپریالیزم بکرێ و شەڕیان لەگەڵ
ئیمپریالیزم پێ گرنگتر بوو لە دێموکراسی کە بیری قاسملوو بوو . پێ یان
وابوو کە دوای تێك شکانی ئیمپریال یزم دێموکراسی پێك دێ و بە کور تیش
پێ یان وابوو دەبێ شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە کوردستانی کر دبوو
هەیە گۆڕستان، نەکرێ.

حەوت کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە ئەو کات دەست پەروەردەی
توودەیەکان بوو ن پشتیوانیان لەو سیاسەتە چەوتە دەکرد و لە ژێر
رێنوێنیەکانی حیزبی توودەدا دەیان هەویست حیزب ببەنە ژێ ر رکێفی
خۆیان. بەڵام بە هۆی لێهاتوویی دوکتور قاسملوو لەوەدا سەر ن ەکەوتن. بە
دوا ئەوەدا نووکی تیژی هێرشە نابەجێ کەیان کردە قاسملوو و هەتا
بوختانیشی پێ کرا و درۆیان بۆ هەڵ دەبەست. بەڵام قاسملوو کە کۆماری

ئیسلامی و داهاتووەکەی باش ناسی بوو، لە سەر بڕیاری خۆی قوورس و قایم ڕاوەستا و دیفاع و تەبلیغی خۆی کرد و سەر ئەنجامیش سەرکەوت و بە سەر وەزعەکەدا زاڵ بوو و دۆست و دوژمنی گەلی کوردی جارێکی دیکەش ناساند و داوای لە نوێنەرانی کۆنگرەش کرد کە یەکیەتی ریزەکانی حیزب بپارێزن و ئاکامە بەرچاوەکانی کۆنگرە بۆ هەموو خەڵکی ناوچەکانی کوردستان باس بکەن.

لەو کۆنگرەدا بۆ جارێکی دیکە ش بە سکرتێری گشتی حیزب هەڵبژا ردراو ئەرکە گرنگەکانی هەرو ا لە سەر شان مایەوە و زیاتر قۆڵی لە تێکۆشانی حیزبی هەڵ ماڵی. پێش ئەو کۆنگرە کە پاشگری دێموکراتیك بۆ سوسیالیزم دانابوو هەرچەند بەشێکی زۆر لایەنگری لە نێو حیزبدا پەیدا کردبوو , سەر نەکەوت. بەڵام لەو کۆنگرە شدا ئەوەی هێنایەوە گۆڕێ و سەرەنەکەوت بوو بەڵام ئامانجی دوارۆژی حیزب بوو بە پێك هێنانی کۆمەڵێکی سۆسالیستی . بەڵام دیسان دەستی لە سەردەست دانەناو و بۆ چەسپاندنی سۆسیالیزم ی دێموکراتیك لە حیزب دا هەروا هەوڵی دا. پاش کۆنگرەی چوار تاقمی حەوت کەسی دژی قاسملوو بە توندی سەنگەریان گرت و دەستیان کرد بە تەبلیغی خراپ. لەو سەروبەندەدا کە بنکەی سەرکردایەتی حیزب لە ناوچەی سەرشاخانی نزیك مەهاباد بوو , دوکتور قاسملوو پاش ئەوە کە ئامادەکاری بۆ کرا , بەرەو مەهاباد کەوتە ڕێ و لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد کە زیاتر لە شەست هەزار کەسی لێ دەبێ لێکدانەوەیەك لە سەر وەزعی سیاسی وڵات بۆ خەڵك باس دەکا و پاشان بە کورتی لە سەر تاقمی حەوت کەسی دەدوێت و لە ئاخرەکەشی دا لە یەك ڕستەدا کورتی دەکاتەوەو دەڵێ: خەڵکینە فەلسەفە بافی پێ ناوێ، مەسەلەکە ئەوەیە: چەك دابنێین یا دای نەنێین ؟ کە دوکتور

قاسملوو ئەوەی دەڵێ , زیاتر لە شەست هەزار کەس، یەك دەنگ دەڵێن : چەك دانانێین و بە گەرمی پێشوازی لێ دەکەن.
چەند رۆژ پاش ئەوە ، تاقمی حەوت کەسی لێوەشاوەترین و خۆشەویسترین کەسی خۆ ئلن بە ناوی ئەحمەد عەزیزی کە بە خۆشیەوە لە دوای ی دا گەڕایەوە نێو ریزەکانی حیزب و ئێستاش ئەندامی دلسۆزی حیزبە، دیاری دەکەن کە لە مەهاباد قسە بۆ خەڵك بکا بەڵام کاتێك هەر لەو شوێنە خەڵك کۆدەبێتەوەو دەست بە قسەکردن دەکا هەر کە ناوی دوکتور قاسملوو دەبا، خەڵکەکە لێی وەدەنگ دێن و سەرئەنجام‌یش مەیدان چۆڵ دەکەن.
بە دوای پرۆژەی "دەوڵەت بۆ خودگەردانی" کە رێژیم هیچ هەنگاوێکی باشی نەنا و بەبێ لەبەر چاوگرتنی هەستی خەڵکی کوردستان درێژەی بە دامەزراندنی دام وودەزگا سەرکوتکەرەکانی خۆی لە کوردستان داو هیچ ئەهمییەتێکی بە گەلاڵە بیست و شەش مادە ییەکەی کوردان کە لە 1979 (1358)دا لە رۆژنامەی "بامداد" دا بلاو کرایەوە نەدا و لە سەرەتای مانگی ژانویەدا بڕیاری یەکجاری دا پاستارەکانی لە کوردستاندا بهێڵێتەوە، کوردەکان بڕیاریان دا کە لە هەڵبژاردنی سەرکۆماردا بەشداری نەکەن.
لە 25ی ژانویە ی 1980دا کە هەڵبـژاردن دەستی پێ کراو بنی سەدر بە سەرکۆمار هەڵبژا ردراو دەستووری بە پاستارەکانی دا بەندی پۆتینەکانیان نەکەنەوە تا کوردستان داگیر دەکەن هاوکاتیش خومەینی شەڕەکەی گەورەتر کردو رووداوی زۆر ناخ ۆش لە رۆژەکانی 29 و 30ی ژانویە ی 1980 لە کامیاران و سلماس و بیجار روویانداو زۆر لە خەڵکی بێ دیفاع کوژران.
دکتور قاسملوو کە ئەوەی دیت، لە دووی فیوریەی ئەو ساڵەدا بۆ ئەوەی زیاتر لەوە خەڵکی کوردستان بێ هیچ تاوا نێك نەکوژرێن، داوای لە خومەینی کرد ئەو پیلانە دژی خەڵکی کوردستان کۆتایی پێ بێنێ . بەڵام هەرچەند بۆ

ماوەیەکی کورت وەزع ەکە ئارام بۆوە . خومەینی ئەهەمییەتی بە قسەکانی قاسملوو نەداو زۆری پێ نەچوو کە زیاتر هەنگاوی جینایەتکارانەی ناو ئاژاوەگێڕی و لشکر کێشی لە شیمال و جنووبی کوردستان دەستی پێ کرا و بەرەبەرە تەنیەوەو لە یەکەم مانگەکانی بەهاری 1359دا لە زۆر شوێنی کوردستاندا شەرێکی کۆنەپەرستانەی وەرێ خست و پاسدارەکانی لە هیچ جینایەتێك لە کوردستاندا دەستیان نەپاراست و لە ئاوریلی ئەو ساڵەدا ئاگری شەڕ لە کوردستاندا زیاتر بلێسەی ساند و شارەکانی سنەو سەقزو بانەو هیدی زۆر بە تووندی کەوتنە بەر بۆمبارانی هێزی هەوایی و زەمینی خومەینی و هەتا نەخۆشخانەکانیش کەوتنە بەر راکێتی فڕۆکە شەڕکەرەکانی و زۆریان لە خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان کوشت.

دوکتور قاسملوو کە ئاوای د یت لە رێگەی ئاژانسی فرانس پرێس خەڵکی ولاتانی ئاشتیخوازی جیهانی لە جینایەتەکانی خومەینی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان ئاگادار کردو هەڵوێستی دەوڵەتی بۆ درێژەدانی شەڕ بە سەر کوردستاندا بۆ روون کردنەوە . بە دوا ئەوەشدا وەزعییەتی ناخۆشی کوردەکانی لە هەموو بوارەکاندا بە هەواڵدەری رۆژنامەی لۆمۆند ڕاگەیاند و سووربوونی خەباتی رەوای گەلی کوردی بە دژی هێزەکانی رێژیم بە شێوەی پارتیزانی راگەیاند . لەوکاتەدا کە لە نێو شاری سنەدا شەڕ تووند بوو قاسملوو پێی وابوو لە بەر ئەوەکە خەڵکی بێدیفاغ نەکوژرێ و لە دەرەوەی شاردا زەبر وە دوژمن بکەوێ، شار بە جێ بهێڵن. بەڵام هێندێك کەس لە رێکخراوی دیکەدا ئەوەیان رەد کردەوە کە لە ئاخرەکەید ا زەرەرو زیان بە خەڵکی شار گەیشت ، هەر بۆیەش لەو کاتەدا بڕیاری دا تا لە ژیاندا مابێ نەهێڵێ حیزبی دێموکرات کات و شوێنی شەڕی بۆ دیاری بکرێ.

لەو کاتەدا کە شەڕ لە کوردستاندا زۆر گەرم بوو و خەڵکی بێ دیفاع لە هەموو بارێکەوە گەمارۆ درابوو، ڕۆژی 1359/2/5 بۆ ئاگادار کردنەوەی هاواری خەڵکی کوردستان بە گوێ گەیاندنی ڕێکخراوە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی جیهان و شەخسی یەتە سیاسی یە بەشەر دۆستەکان و ئەنجوومەنە ئینساندۆستەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ ، نامەیەکی نووسی و لە پیلانە تازەکان و وێران کردنی کوردستان و ئاگربارانی گوند و شارەکانی کوردستان و قەستی لە ناوبردنی بزووتنەوەی دێموکراتیکی کوردستان و بێ شتوومەکی خواردن و دەست ڕانەگەیشتن بە دەواو دەرمان و سووتەمەنی ئاگاداری کردن و داوای لێ کردن کە بێزاری خۆیان دژی تاوانەکانی فەرمانڕەوا لە تاران بەرز بکەنەوەو بیروڕای گشتی جیهان دژی جینایەتەکانی ئەرتەشی ئێران کە بە دەستووری سەرکۆمار دەجوڵایەوە هان بدەن تا نەهێڵن بوونی نەتەوەی کورد کە تەنیا تاوانی دیفاع لە دێموکراسی لە ئێران و مافی نەتەوایەتی یە بکەوێتە مەترسی لە نێو چوون و داوای کۆمەکی ماد دی و معنەوی بۆ خەڵکی زۆر لێ کراوی کوردستان کرد تا لە بەرچاوی مرۆڤایەتیدا لە خاك و خوێن نەنێژرێن.

ئەگەر چی ئەو نامەیە ئەودەم دەموودەست تەئسیرێکی دانەنا، بەڵام بوو بە یەکەم هەنگاو بۆ ئاگادار بوونی خەڵکی دنیا لە مەینەتی خەڵکی کوردستان و دواتر کۆمەك و هاوکاری و هاودەردی کۆڕو کۆمەڵە ئینساندۆستەکان بۆ لای گەلی زۆر لێ کراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە دوای شەڕەکانی سنەو سەقزو بانەو ئیدی دا، پێش ئەوەکە ڕۆژی 25ی ئووت ئەرتەشی ئێران مەهابادی گرت ڕۆژی 1359/3/27، قاسملوو پەیامی کۆمیتەی ناوەندی بە نێوی گەلانی ئێران و شەهیدانی کوردستا ن و ڕێزگرتن لە شۆڕشی سەرانسەری ئێران، لە دەنگی کوردستان خوێندەوەو گوتی : ئەمجارەیان حیزبی دێموکرات

لە سەنگەرێکی دێکەشدا خەبات درێژە پێ دەدا و قسەی خۆی لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەکا.

لەو سەروبەندەدا تاقمی حەوت کەسی کە لە رێگای حیزبی توودەوە هەروا خەریکی بەدناوکردنی قاسملوو بوون لە ناو خەڵکی کورد دا ، رۆژی 18ی پووشپەڕی 1359، رۆژنامەی ئیتلاعات هەواڵێکی بێ پایەو پڕ لە تۆمەت و درۆی کە لە رۆژنامەی ئۆرگانی کۆمیتەی ن اوەندی حیزبی توودەی هەڵگرتبوو و بە خەتی درشت لە سەری نووسیبوو بڵاوکردەوەکە قاسملوو نۆ مەلیۆن دۆلاری لە ناتۆ وەرگرتوە. بەڵام دوکتور قاسملوو رۆژی 1359/4/20 بە ناوی کۆمیتەی ناوەندی نامەیەکی توندو زۆر بەجێی بۆ رۆژنامە ی ئیتلاعات نارد و ئەو هەواڵە رەد کردەوەو بە پێی یاسای چاپەمەنی و ئوسوولی ئەخلاقی رۆژنامەوانی داوای وەدرۆ خستنەوەی ئەو هەواڵە ی پووچەی کردو رق و کینەی توودە ییەکانی لە جوولانەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان، شی کردەوەو ئەوەی بە سووکایەتی کردن بە خەباتی رەسەنی گەلی کورد داناو رادەی نفووزی توودە ییەکانیشی لە کوردستاندا بۆ روون کردنەوە . لەو شەرایەتە سەختە دا کە خومەینی شەڕێکی بێ ئەمانی بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندبوو، کریس کۆچێرا کە لەبارەی پێوەندی حیزب و حکوومەتی عێراقەوە پرسیار لە قاسملوو دەکا، قاسملوو دەڵێت: تا ئێستا ئێمە چەك و چۆڵمان لە عێراق وەرنەگرتووە . ئەگەر لە داهاتووشدا یارمەتی لە ع ێراق وەربگرین ئەوە بە د وو مەرج دەبێ یەکەم: ئەوە کە ئەم یارمەتییە نابێ بە زیانی کوردی عێراق و میللەتی عێراقی تەواو بێ واتە قبووڵ ناکەین لە بەرامبەردا دژی تاڵەبانی و بارزانی بجووڵێینەوە. دووهەم: ئەوە کە ئێمە نابێ بە هیچ قیمەتێك خۆمان لە بارەی بەستراوەیی بە عێراق دابنێ ین. جارێ عێراقی یەکان پێشنیاری دانی

پەرەشووت ـ مان پێ دەکەن کە مۆدێل نوێی کۆنە تفەنگی برنووەیەکە ئێمە پێویستیمان پێی نیە. ئێمە پێویستمان بە سام ـ 7 و دۆشکای رووسی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لە بەرامبەر هێرشی فرۆکە و هێلی کۆپتەردا راوەستین .... بەڵام ئەمن پێم وانیە عێراقی یەکان ئەو چەکانەمان بدەنێ. بە هەر حاڵ دووپاتی دەکەمەوە ئێمە نابێ بە هیچ جۆر، بۆ نموونە بۆ موهیمات خۆمان بخەینە باری بەستراوەی یەوە.

قاسملوو باش دەیزانی کە کاربەدەستانی بەغدا دەیان هەوێ بەوجۆرە لەگەڵ کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بجووڵێنەوە کە شای ئێران پێش رێکەوتنی 6ی مارسی 1975 لە دژی کوردەکانی ئێران لەگەڵ کوردەکانی عێراق جووڵایەوەو سەدام حوسێنی زیاتر مەبەستی وەلەرزە خستنی ئێرانە نە یارمەتی دانی کوردەکان بۆ وەرگرتنی خودموختاری . لێی حاڵی ببوو کە عێراقی‌یەکان چەك و چۆڵ بە مەبەستی تێکدانی وەزعەکە دەدەن بە هەموو کەس و هەر چەشنە بەراورد کردنی پێوەندی حیزبی دێموکرات ی لەگەڵ حکوومەتی عێراق و پێوەندی حیزبەکانی دیکەی کوردستانی باشوور لەگەڵ رێژیمی تاران رەد دەکردەوەو هیچ چەشنە وێك چوونێکی لە نێوان ئەو دوانە نەدەدی کە لە لایەن کریس کۆچێراش دەڵێ : ئێمە دەمانهەوێ سەددام و خومەینی بروخێنین، بەڵام لەپێش دا خومەینی.

## سەفەر بۆ ئورووپاو سەرکەوتن لە کاری دیپلۆماسی دا

چەند مانگ دوای گەمارۆدانی کو ردستان لە لایەن هیزەکانی خومەینی ، قاسملوو لە 1359/4/25دا بە مەبەستی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات سەفەری بۆ ئوروپا کردو لە زستانی ئەو ساڵەدا لە سەرداخوازی خۆیان، چاوی بە نوێنەری مجاهیدین کەوت و لاپەرێکی تازە لە پیوەندی نێوان حیزب و مجاهیدین دا کرایەوەو "مجاهیدین" بڵاوکراوەی ئەوان وتووێژێکی

دوورو درێژی لەگەڵ ق اسملوودا پێك هێناو بڵاوی کردەوە کە ئەو کات ئەو بڵاوکراوەیە بە شێوەی نیوە ئاشکراو نهێنی لە سەدان نوسخەدا لە سەراسەر ئێراندا بڵاو دەکرایەوە. ئەو کارەی " مجاهیدین" ئەو پیلانە بێ دەنگی یەی تێك شکاند کە بە دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات وەڕێ خرابوو. چونکە نەی دەویست خەڵکی ئێران لە رووداوەکانی کوردستان بە تەواوی ئاگاداربن کە ئەوە کۆمەگی زۆری بە روونکردنەوەی زەینی هاونیشتمانان لە رووداوەکانی کوردستان کرد.

پاییزی 1980 (1360) مجاهیدین و حیزب ی دێموکرات زۆر لێك نزیك بوونەوەو هەرد وولا دەیان هەویست حیزب بچێتە نێو شۆڕای نیشتمانی بەرگری. بەڵام کە مجاهیدین دەی هەویست لە دەرەوەی وڵات حکوومەتی کاتی دروست بکرێ . قاسملوو دروست کردنی دەوڵەتی لە تەبعید دا پێ دروست نەبوو و دەی گوت: حکوومەت بۆیە دروست دەکرێ کە کاروباری وڵات بەرێوە بەرێ، بەڵێ دوکتور قاسملوو لەو سەفەرە بۆ ئورووپا گەلێك چوەپێش و لە رێگەی کاروتێکۆشانی ئەو دا دوکتورە فەرا نسەوی یەکان بە مەبەستی هاوکاری کردنی گەلی کوردو حیزبی دێموکرات هاتنە کوردستان و دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەت و میللەتی فەرانسەدا خۆش کردو لەگەڵ هەڵبژاردنی فەرانسۆ میتران سیاسەتمەداری ناود ارو رێبەری حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە بە سەرۆك کۆمار، رۆژی 1360/2/21 وەك سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات پەیامێکی پیرۆزبایی گەرمی بۆ نارد و لە لایەن هەموو خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتەوە پیرۆزبایی پێ گوت و هیواداری دەربڕ ی کە هەڵبژاردنی ئەو تەنیا نەبێتە هۆی ئاڵو وگۆڕێکی بەرچاو لە کۆمەڵی فەرانسەدا بە بەرژەوەندی زەحمەتکێشان، ئازادیەیە دێموکراتیکەکان و پیشکەوتنی کۆمەڵ و لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیدا، فەرانسە بخاتە کۆڕی هێزەکانی سوسیالیست و

دێموکراتیك و خەباتی رزگاریخوا زانەی گە لانی زۆر لێ کراوی جیهان، هەروەها خۆشحالی حیزب و خەلکی کوردستانی دەربڕی کە حیزبی سوسیالیستی فەرانسە بە رێبەری ئەو لە خەباتی رەوا ی خەلکی کوردستان پشتیوانی کردبوو و کە لە پرۆژەی سۆسیالیستی دا بە ئاشکرا ڕ ای گەیاندبوو و هیواداری دەربڕی بوو کە لە داهاتوودا هاوکاری لە نێوان حیزبی سۆسیالیست و حیزبی دێموکرات دا بەر بلاوتر بێ و بە هەلبژاردنی ئەو بە سەرکۆماری فەرانسە، هەم میللەت و هەم دەولەتی فەرانسە چالاکانە لە خەباتی خەلکی کوردستان بۆ دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستانی ئێراندا پشتیوانی بکەن.

قاسملوو لە ماوەی تێکۆشانی کاری دیپلۆماسی دا زۆری هەولێ دا لە فەرانسە دەفتەری حیزب بکاتەوە. سەرئەنجام کە چەپ لە فەرانسەدا دەسەلاتی گرتە دەست، هەولەکەی هاتە دی و بڕیاریان دا کە حیزبی دێموکرات بەڕەسمی بناسرێ و رۆژی 25ی نوامبری 1981، قاسملوویان لەوە ئاگادار کرد کە دەفتەری حیزبی خۆی لە پاریس پێتەختی فەرانسە بکاتەوە.

پێش ئەوەش دوکتور قاسملوو لە لایەن لی ۆنێل ژوسپەن سکرتێکری یەکەمی حیزبی سوسیالیستەوە وەرگیرابوو . بەلام لەوە بەولا بەرێك و پێکی بۆ کۆنگرەکانی حیزبی سوسیالیست بانگهێشتن دەکرا کە لەو کاتانە دا پێوەندی دۆستانەی لەگەلێ رێبەرانی چەپی ئورووپادا، دامەزراند.

## کۆنگرەی پێنج

ساڵی 1360 کە کۆنگرەی پێنج ەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شیوەجۆی ناوچەی رەبەت پێك هات، قاسملوو پاشگری دێموکراتیکی بۆ سۆسیالیزم هێنایەوە گۆڕێ . بەڵام لەو کۆنگر ەشدا مخالفانی ملیان بۆ ئەوە ڕانەکێشاو لەوەدا سەرنەکەوت و ئامانجی دوارۆژی حیزب بوو بە پێك هاتنی کۆمەکێکی سۆسیالیستی کە وەلامدەری هەلومەرجی بابەتیی وڵاتەکە بێ .

بەڵام سەیر ئەوە بوو کە بۆ ئەوە، کە بیری قاسملوو بوو مخالیفەتیان دەکرد ، بەڵام کاتێ دەهاتنە سەر ئەوە کێ شەخسی یەکەمی حیزب بێ، ناو هەر ناوی قاسملوو بوو کە لە کۆنگرەی پێنجەمیش دا ب ە سکرتێری گشتی حیزب هەڵبژاردرایەوە.



**سەرکردەی نەمر قاسملوو**

**شیوەجۆ** 1360

## پەیام بۆ خەڵکی کوردستان

لە مانگی خەرمانانی 1361دا کۆماری ئیسلامی گەلاڵەیەکی هێرشی بە بەرینی و هەموو لایەنەی بۆ سەر کوردستان ئامادە کرد و ئێستا چەند رۆژێك لەو مانگە رانەبوورد بوو کە ئەو هێرشە کرا و بە تۆپ و هێلی کۆپتەرو تەیارە بەربو ە گیانی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان و لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە دەستی نەپاراست.

دوکتور قاسملوو بەو بۆ نەوە کە خەڵکی کوردستان بە هەموو هێزو تواناو ئیمکاناتیانەوە بە گژ دوژمندا بچ نەوە، لە پەیامێکی رادیۆیی دا 20ی خەرمانانی تا 20ی رەزبەری 1361 وەك مانگی دیفاع لە ئازادی و مەوجوودییەتی گەلی کورد راگەیاندو داوای لە کۆمەلانی هەموو ناوچەکانی کوردستان کرد بۆ دیفا ع لە ئازادی و شەرەفی خۆیان وەکار کەون و کچ و کورو ژن و گەنج و پیر لەو دیفاعەدا بەشداربن.

قاسملوو لەو پەیامەدا ئەرکەکانی کۆمەلانی خەڵك و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی بەرگری میللیی و بەرپرسانی حیزبی بە وردی دەست نیشان کرد ك ە بەم جۆرە پوختەی کردبوو. بە کورتی تەواوی خەڵکی کوردستان دەبێ هەموو ئیمکاناتی خۆیان بۆ جەبـهە تەرخان بکەن، هەموو شتێك بۆ ج ەبهە و هەموو ئیمکاناتێك بۆ سەنگەر، ئەوەیە شیعاری ئەمڕۆی سەرانی کو ردستان. قاسملوو دەی گوت : خومەینی بەرامبەر بە گەلی کورد کینەی لە دڵ دایە، چونکە دێموکراسی و ئازادی دەوێ. خومێنی بە قەدەر ترسانی جینۆکە لە بسم الله لە ئازادی دەترسێ لە بەر ئەوە دەزانی کە وەدی هاتنی خودموختاری یانی نەمانی زۆرداریی و ویلایەتی "فقیە" و لە نێو چوونی کۆڵکەی رێژیمی خومەینی یە. بۆیە خوازیاری نابوودی گەلی کوردەو شەڕی خومەینی لەگەڵ گەلی کورد،

شەڕی مان و نەمانە . لە بەرانبەر ئەو هێرشە دا تەنیا ڕێگایەك هەیە، ئەویش ڕاوەستان لە بەرامبەریاندا و خۆڕاگری و هێرشە لە بەرامبەر هێرشەکانیان دا .

لە بەشێکی ئەو پایامەیەدا کە تا سەر بۆ خۆی ئەو ڕێگایەیی بڕی، بانگی خەڵکی کوردستان کردو گوتی : وەرن با هەمووومان بە یەکەوە بە خوێنی ڕۆڵەکانی شەهیدی گەل کە گیانی خۆیان بەخت کردوە، سوێند بخۆین کە تا سەرکەوتنی یەکجاری ڕێگایان درێژەبدەین . بەڵێ ئەوە نە جارێك، بەڵکوو هەمیشە شیعاری قاسملوو بوو کە دەی گوت : باشترین پاداش بۆ شە هیدان درێژە پێدانی ڕێگایانە کە سەرئەنجام خۆی بوو بە یەکێك لە شەهیدانی کوردستان و بە خوێنی گەشی ئەو ڕێگاو ڕێبازەی سوورتر کردو و ڕێگەی سەخت و تاریکی خەباتی گەلی کوردی نزیك و ڕوونتر کرد بۆ وەچەکانی دواخۆی. مانگێك دوای ئەم پەیامە کە ئامانجی ڕێژیم داگ یرکردنی هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بوو و شەڕ لە کوردستان زۆر گەرم بوو و کوردستان کوتبووە بەر سەختترین هێرشی نیزامی هێزەکانی خومەینی قاسملوو ڕۆژەکانی نێوان 21ی ڕەزبەری تا 20ی خەزەڵوەری وەك مانگی هێرش بۆ سەر دوژمنانی ئازادی ناو دێرکرد کە بە دەنگ هاتنەوەی خەڵکی کوردستان لە مێژووی گەلی کوردو گەلانی ناوچەدا کەم وێنەبوو و لە زۆربەی شوێنە گشتییەکان دروشمی هەموو شتێك بۆ جەبهە و هەموو ئیمکاناتێك بۆ سەنگەر لە سەر دارو دیوارو کاغەز نووسرابوو لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو بۆ خۆی چەندین جار لە شوینە ج ۆراوجۆرەکانی کوردستان سەردانی جەبهەکانی شەڕی کردو لە شەڕگە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا چاوی بە پێشمەرگەکانی کوردستان و بەرپرسانیان کەوت.,

لەو سەروبەندەدا حەسۆ ئەمیرخان لە پارتی دێموکراتی کوردستانی باشوور کە لەوکات دا لە کوردستانی رۆژهەلات بوون، داوای لە ح یزبی دێموکرات کرد کە مێ حوەری پیرانشار سەردەشتیان بۆ چۆل بکرێ. بەلام قاسملوو ئەو داوایەیی رەدکردەوە و بە دەست تێوەردان لە کاروباری حیزبی دێموکراتی دانا.

لەو وەختە ناسکەدا قاسملوو رۆژی 3ی سەرماوەزی ئەوسالە بۆ بەرپەرچ دانەوەی فروفیشالەکانی رێژیم لە سەر گرتنی جادەی پیرانشار بۆ سەردەشت و ناوچەکانی دیکەی کوردستان زیانەکانی دوژمنی بە 6197 کوژراو بریندارەکانی بە 8272 و گرتنی 267 چەکدار و 528 دەزگا ماشێن و پەردانەوەی 17 هێلی کۆپتەرو گرتنی 113000 فیشەك و 681 تفەنگ و 19 دەزگا بێسیم و 14 قەبزە چەکی قورس و 10 ئارپی جی و زۆر کەلووپەلی دیکە مەزندە کردو زیانی هێزی پێشمەرگەشی بە 268 کەس لە قەلەمدا کە لە بەرامبەر شەهیدبوون ی هەر پێشمەرگەیەك دا 23 کەس لە بەکرێگیراوان کوژرابوو. هەر لەوکاتە سەختە دابوو کە قاسملوو داوای هێزی لە یەکیەتی نیشتمانی کردو سەرکردایەتی یە کیەتیش بە دلەوە بە تایبەتی مام جەلال ئەوەی قبوول کردو 1500 پێشمەرگەیان لە سەرداوای قاسملوو نارده رۆژهەلاتی کوردستان کە بەداخەوە بیست پێشمەرگەیان لێ شەهید بوو کە لە مێژوو و خەباتی حیزبی دێموکرات و خەلکی رۆژهەلاتی کوردستاندا دیارن و لەبیرناچنەوە .

**رۆژی هاوپێوەندی**

قاسملووی نەمر کە هەمیشە لە بیرو پەیداکردنی فکری پشتیوان بۆ گەلی کورد بوو بەو مەبەستەوە 7ی جۆزەردانی 1362ی وەك رۆژی هاوپێوەندی لەگەل گەلی کورد راگەیاندو داوای لە گەلانی ئاشتی خواز کرد کە پشتی وانی

خۆیان لە نەتەوەی کورد بکەن کە لەو کاتەدا پێشوازی گەرمی لێ کراو لە لایەن زۆر شەخسییەتی جیهانەوە پشتیوانی لە خەباتی ئازادیخوازانەی کورد کرا.

**بەشدار بوون لە کۆنگرەی ئامستردامی هولەندداو چەند بۆچوونێکی**

لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری 1983 (سەرەتای خەزەڵوەری 1362) دا کە لە شاری ئامستردامی هوڵەند کۆنگرەیەك لە سەر فەرهەنگی کورد و ستراتیژی جوولانەوەی نەتەوەی کورد پێك هات، دوکتور قاسملوو راستەوخۆ بۆو کۆنگرە بانگهێشتن کراو وتارێکی پڕ نێوەڕۆکی پێشکەش کرد کە لە لایەن بەشداربووانی لۆنگرەکە پێشوازیەکی گەرمی لێکرابوو کە لە وتارەکەیدا پاش شی کردنەوەیەکی سەرنج راکێش سەبارەت بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و فەرهەنگی کوردستان , باسی پێوەندی فەرهەنگی لەگەڵ جووڵانەوەی شۆڕشگێرانە کوردستان کردبوو.

قاسملوو لەو باوەڕەدا بوو کە پێشکەوتن و پشکوتنی فەرهەنگ جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بەهێز دەکا و ئەویش لە بەرامبەردا شوێنەوار دەخاتە سەر بوژانەوەی فەرهەنگ و لەو بارەوەش دەی گوت: فەرهەنگ دەبێ لە تەواوی قۆناخەکانی مێژوودا گەشە بکا . چونکە یەکێك لە بناخەیترین پەیامەکانی فەرهەنگ لە ریشە هێنانی نەخوێندەواریە.

ئەو سەرداره کوردە، خەباتی بۆ لە نێو بردنی نەخوێندەورای لە گەشەکردنی فەرهەنگ دا بە نەخشی سەرەکی دەزانیی و پێی وابوو تەنیا پەروەردەو فێرکردنی سالم دەتوانێ هۆی پەرەپێدانی پێشکەوتنی فەرهەنگی و شێوەیەك لە ژیانی فەرهەنگی بۆ هەمووان و بۆ کۆمەلانی خەڵك قابیلی تێگەیشتن بێ.

لەوباوەڕەدابوو کە گەشەکردن و پەرەئەستاندنی فەرهەنگ لە وڵاتانی دواکەوتوو ها وکات لەگەڵ لایەنە دێموکراتی ئینسانیەکانی هەمووکۆمەڵدا

دەتوانێ بچێتە پێش . پەروەردەوفێرکردنی کەسانی لێهاتووی چ بەشێوەی فەردی و چ بە کۆمەڵ لە بناخەوە بە پێویستی دێموکراسی وئازادی دەزانی و هەربۆیەش بۆکۆنگرە پڕ بایەخەکانی دنیایی دەرەوە بانگهێشتن دەکراو لە نەزەرەکانی کەڵك وەردەگیرا . قاسملوو عەلاقەو ئۆگری تایبەتی بە هونەرو ئەدەبیات هەبوو کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شارەزایییەکی زۆری لە جیهانی هونەرو ئەدەبیات دا هەبوو و بە زانیاری دەوڵەمەندی خۆی لە سەر ئەدەبیات و سینەماو فەرهەنگ تامووچێژی بە کۆری خۆش دەویست و یارانی دەبەخشی. هەرچەند لەبەر کاروباری سیاسی و ئەرکی قورسی رێبەرایەتی کردنی حیزبەکەی بۆی نەدەکرا بەوجۆرە پێویستە و پێی خۆش بوو لە سەر مەسەلە ئەدەبی و هونەری و فەرهەنگییەکان بنووسێ ، بەلاّم بەو حالّەش ئێستا کە چاو لە چاپەمەنی چەندین ساڵ لەوەپێشی حیزب بخشێندرێ هێندێك باس و نووسینی ئەدەبی ئەو دەبینرێن و دەناسرێنەوە.

لە شێعری کوردی، فارسی، عەرەبی دا شارەزا بوو، ئەویندارى کتێب بوو، چاوپۆشی پێ لێ نەدەکراو هەمیشە کتێبخانەی لەگەڵدا بوو. لەو بڕوایە دابوو کە حیزب لە بواری ئەدەبی و هونەردا دەبێ ئەو تواناو ئیمکاناتە ی بێ کە وەلاّمدەری ئەم بزووتنەوە پان و بەرینەی گەلی کورد بێ و حەزی دەکرد لە رێگای ئەدەبیات و هونەر بتوانێ هەم گەورەیی و هەم لە شکان نەهاتوویی خەباتی رزگاریخوازانەی کو رد بە خەڵکی کوردستان و جیهان نیشاندا .

سەرەڕای ئەو هەموو ئەرکە قورسە کە وەك سکرتێری گشتی لە سەر شانی بوو، چالاکانە لە هەموو قۆناغەکانی تێکۆشانی حیزبی دا بۆ پەرە پێدانی خوێندن و نووسینی کوردی لە نێو خەڵك و پێشمەرگەدا بەشدار بوو و بە رێنوێنییە بە نرخەکانی هاورێیانی حیزبی، پسپۆران و مامۆستایانی لە جێ

بەجێ کردنی ئەم ئەرکە پیرۆزەدا یارمەتی داو بۆ فێرکردنی کاری رۆژنامەنووسی لە نێو حیزب دا و پێگەیاندنی نووسەرە لاوەکان زۆر تێکۆشا. جیا لەوەش چەندین ساڵ و جاری واش بە تاقی تەنیا و بە نهێنی ئەرکی دەرکردنی "کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی بەڕێوە برد و هەمیشە یارو یاوەرو یاریدەدەری نزیکی بەشی تەبلیغ و چاپەمەنی حیزب بوو.

نووسەرێکی بە ئەزموون بوو و بە سەخاوەتەوەش ئەزموونەکانی خۆی لە ئیختیار هاوڕێیانی دەنا، هەم لە بارەی فەنی نووسین و لە بارەی خەتە گشتی یەکان موبەلغ و هەم لە بواری ئەو وردە کاریانەدا کە بۆ بوێرو نووسەری حیزبی بۆ باشتر بوونی کارە کانیان وەبەر چاوی بگرن رێنوێن و نیشاندەری بوو.

عەلاقەیەکی زۆری بە نووسین بوو، عەلاقەی بە کاری نووسین و چاپەمەنی بە رادەیەك بوو کە تەنانەت رۆژنامە دیواری‌یەکا نی قوتابخانەکانی شۆڕش و بنکەی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشی لە چاو ون نەدەبوون و دەی خوێندنەوە.

بۆ کۆڕو ناوەندە زانستی و فەرهەنگی و هوونەری‌یەکانی جیهان شەخسیەتێکی ناسراو بوو، ئەو ناسرانە بە هۆی ئەو شارەزای یەیی بوو کە لە سەر مێژوو و فەرهەنگ هەی بوو، لەگەڵ فەرهەنگ و داب و نەریتی گەلانی دیکە ئاشنا بوو کە لە نێو هەر میللەتێك دا بە ئاسانی دۆستی بۆ خۆی دەدۆزیەوە.

تەرکە دنیاو لە ژیان بێزار نەبوو، ژیانی بە هەموو وجوودی یەوە خۆش دەویست و کاتی حەسانەوەی خۆی بە خوێندنەوەی کتێب و بە تەماشای فیلم و بە گوێگرتن لە مۆسیقی و بە هاونشینی لەگەڵ دۆستان و ئۆگرانی خۆی و بە کورتی کارێکی بە سوود بە سەر دەبرد.

قاسملوو لە كوردستان پارتیزان و لە ئوروووپا دیپلۆمات بوو، لەگەڵ زەحمەتكێشانی نەتەوەی كورد بە باشی لێك حاڵی دەبوون و لە نێو زانایان و رووناكبیرانی وڵاتانی پێشكەوتوو دا سەری لە نێو سەراندا دیار بوو . قاسملوو كە هاوسەنگەرانی خۆی بە شۆخ و شەنگی و پاك و خاوێنی دەدی، كە چاوی بە گەڕی شایی و رەشبەڵەكی كوردی دەكەوت , دەگەشایەوەو لە تازیە باری و رەشپۆشی بێزاربوو . شادی كردنی بە نیشانەی زیندوو بوونی نەتەوەی كورد دەزانی و بە شێوەیەك لە خەبات بە دژی كۆنەپەرست انی حاكم بە سەر ئێراندا دەزانی خۆشی و جوان یەكانی سر ووشتی بە تەواوی خۆش دەویست . بەڵام پێی وابوو ژیان بە بێ شادی مانایەكی نی یە.

قاسملوو لە مێژوو، فەرهەنگ و داب و نەریتەكانی كۆمەڵی كوردەواری بە چاكی ئاگادار بوو و وەك ئەمانەتێك كە لە نەسڵەكانی رابردوو بە جێ ماوە، سەیری دەكردن و هەوڵی زۆری دا نەهێڵێ تۆزی غەوریان لە سەر بنیشێ و هەمیشە هاورێیانی رێنوێنی دەكرد كە دەبێ لایەنە باش و بە كەڵكەكانی ئەو فەرهەنگ و داب و نەریتانە بەهێزو بە هێزتر بكرێن و لایەنە ناپەسەند و ناحەزەكان و بێ كەڵكی كە زیا ن بە بوونی نەتەوە دەگەیێ ن و نیشانەی دواكەوتوویی كۆمەڵی كوردەوارین ولا بنێن.

لە بارەی خەباتی فەرهەنگی و نەتەوەیش دەی گوت : ژیانی فەرهەنگیی خەڵكی كوردستان لە حاڵی پێشكە وتن و بووژانەوە دایە، پشك ووتنی فەرهەنگ، جووڵانەوەی رزگاریخوازیی ئێمە بە هێز دەكا و ئەوە ش لە بەرامبەردا شوێنەوار دەخاتە سەر بووژانەوەی فەرهەنگی . تەنانەت ئەگەر بڵێین شوێنەواری ئەم دوو دیاردەیە لە سەر یەكتر شوێ نەوارێكی راستەوخۆیە، هیچ موبالیغەمان نەكرد وە و بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە دوو بەڵگە لە دەست دایە یەكەم: ئەوە كە خەباتی ئێ مە خەباتێكی نەتەوە ییە،

خەڵکی ژێر ستەمی ئێمە کە بۆ دیفاع لە مانەوەی خۆی شەڕێکی چەکدارانەی دەست پێ کردوە. هەر لەو کاتەشدا ئەرکی سەرشانیەتی کە فەرهەنگی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ و ببوژێنێتەوە . دووهەم: ئەوە کە ئێمە لە کوردستاندا لەگەڵ رێژیمێکی یەکجار زۆر دواکەوتوو، رێژیمی ئایەتوڵاکان کە لە تاریکی چەرخەکانی نێوەڕاست سەریان وەدەرناوە بەرەوڕووین.

شەڕی ئێمە لە دژی رێژیمی نەزانی و خورافات پەرستی درێژەی هەیەو لە بەرەی شەڕدا و هەم لە مەیدانی فەرهەن گ و پەروە ردە کردندا، ئەو دوو دیاردەیە پێکەوە گرێ دراون، دیاردەی یەکم بەبێ دووهەم سەرکەوتوو نابێ و دووهەمیش بەبێ یەکەم ناتوانێ وجوودی هەبێ.

## ئامادە کردنی کورتەباس

لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی پێنج ی حیزبی دێموکرات دا کە بە باش زانرابوو بۆچوونەکانی خۆی (قاسملوو) لە بارەی سوسیالیزمی دێموکراتیك بباتە سەر کاغەز بۆ ئەوەی هاوڕێیانی حیزبی بیخوێننەوەو لێی ئاگاداربن و نەزەری لە سەربدەن.بە دوای ئەوەدا قاسملوو ئەو باسەی لە ژێر ناوی کورتە باسێك لە سەر سوسیالیزمی دێموکراتیك گەڵاڵە کرد و دایە کومیتەی ناوەندی حیزب و دواتریش درایە گش ت کومیتەکانی حیزب و بە کورتە باس ناوی دەرکرد.

## کۆنگرەی شەش

لەو کات دا کە دوژمن زۆربەی خاکی کوردستانی داگیر ك ردبوو و دەفتەری سیاسی حیزب چووبوە گەڵاڵە لە ناوچەی شینکایەتی باشووری کوردستان لە رێبەندانی 1362دا لەوێ کۆنگرەی شەشی حیزبی دێموکرات پێك هات . لەوێدا کێشەی سوسیالیزمی دێموکراتیك هاتەوە گۆڕ ێ و کێشەیەکی زۆر لە سەر تەئید کردنی یا رەدکردنەوەی کرا. بەڵام پاش دژایەتیەکی تووند بە

هەوڵ و تێکۆشانی لێ بڕاوانەی قاسملوو، سەرئەنجام سوسیالیزمی دێموکراتیك بوو بە ئامانجی دوارۆژی حیزب و هاتە نێو بەرنامە حیزبی دێموکرات . بەدوا هەموو کارەکانی کۆنگرەشدا ن کار گەیشتە هەڵبژاردنی کومی تەی ناوەندی قاسملوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژاردراو دواتریش بۆ جارێکی دیکە بە سکرتێری گشتی هەڵبژاردرایەوە. لەو کاتەدا کە رێژیم بە خ ەستی گەلاڵەو شوێنی کۆنگرەی تۆپ باران دەکرد، قاسملوو بە هاوکاری چەند کادری بەوەجی حیزب لە ناوچەی سەردەشت لە تاکتیکێك دا توانی پیلانی دوژمن بۆ تۆببارانکردنی کۆنگرەی شەش خونسا بکاتەوە.

## وتوویژی نێوان یەکیەتی نیشتمانی و مجاهیدینی خەڵقی ئێران

لە کاتی کردنەوەی لۆنگرەی شەش دا کە نوێنەری مجاهیدین و مام جەلال تاڵەبانی وەك میوان بۆ کۆنگرە بانگهێشتن کرابوون . نوێنەری مجاهیدین پێشنیار بە قاسملوو دەکا کە چاوی بە مام جەلال ، کە ئەوکات نێوناخۆشیان هەبوو بکەوێ. قاسملووش لە ماوەیەکی کورتدا ئەو دیدارەی لە نێوان ئەواندا سازدا . بەڵام هەرچەند پێکەوە دانیشتن و قاسملووش لە دانیشتنەکەیاندا بەشداری کرد، بە تەوافق نەگەیشتن و نێوان ناخۆشییەکەیان هەروا باقی مایەوە.

## سەرکەوتن لە کاری دیپلۆماسی دا

قاسملوو کە دیپلۆماتێکی بە تەواو مانا بوو، لە ماوەی ژیانیدا زۆر سەرکەوتنی بە دەست هێناو بۆ زۆر کۆڕو کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لە وڵاتی جیا جیا لە دەرەوەی وڵات بانگهێشتن کرا . ساڵی 1363 (1984) لە لایەن دەستەی پارلمانی سەوزەکانەوە بۆ مەجلیسی میللی ئەڵمان لە "یۆن" بانگهێشتن کراو جگە لەوەش جارێکی دیکە بۆ کۆنگرەی حیزبی سەوزەکانی ئەڵمانی فیدراڵ کە لە هامبۆرگ بەسترا، بانگهێشتن کرا یەوە بەشداری تێدا

کرد و لەوێدا لە سەر ژێردەست بوونی کوردەکان لە ئێراندا قسەی کرد .
هەروەها جگە لەوەش جارێکی دیکەش هەر لە ئەڵمان لە بارە مەسەلەی کوردەوە وتووێژێکی دوورو درێژی لەگەڵ کرا.

**باشتر قاسملوو بناسە کە چەند ئاشتی خواز بوو**

پاش هەموو نێوان ناخۆشی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات و تێکهەڵچوون و ئاشت بوونەوەکان، کۆمەڵە کە لە نیاز پاکی حیزب کەڵکی خراپی وەرگرت و لە شەشی رێبەندانی 1363دا هێرشی بردە سەر بنکە کانی حیزب لە جنووبی کوردستان حیزب و نۆزدە پێشمەرگە ی حیزبی شەهید کردن . لەو کاتەدا بنکەی سەرکردایەتی هەردوولا لە گوندی گەلاڵەی ناوچەی شینکایەتی باشووری کوردستان بوو، کۆمەڵە بەرانبەر بە پێشمەرگەکانی حیزب سەنگەر لێ دەداو راست رووبەڕووی چادری دوکتور قاسملوو بە مەودایەکی کەمتر لە سەد مەتر دۆشکایەکی روو دادەبەستێ.

لەو کاتەدا یەکێك لە رێبەرانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە زۆریش بە دۆستی کۆمەڵە دەناسراو میوانی حیزبی دێموکرات دەبێ و بۆ ناوبژیوانی دەچێتە وێ . کە چاوی بە هەڵوێستی کۆمەڵە دەکەوێ، بە دوکتور قاسملوو دەڵێ: ئەوە بۆ لێ یان نادەن ؟ ئەمن بم ئەمشۆ نای خەمە سبەینێ و خریان دەکەمەوە، بەڵام قاسملوو لە وەڵامی ئەو نوێنەری یەکیەتی نیشتمانی دا دەڵێ: جا ئەگەر ئێمەش وا بکەین فەرقی ئێمەو کۆمەڵە لە چ دادەبێ؟

قاسملوو کە لە شەڕو خوێن رێژی بێزار بوو، ئێستاش پاش نەمانی هەمیشە لە بەرچاوی ئاشتیخوازانی ج ەهاندا وەك ئەستێرەیەکی گەش لە د نیایی ئاشتیخوازدا دەدرەوشێتەوە کە حەتا د وژمنانیشی نەیاتوانی خۆ لەو راستیە وەدزن.

## ئەوەی قەت لەبیر ناچێتەوە

ئەو وەختەی کە قاسملوو لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە عێراق و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی وەئەستۆی خۆی گرت ، شتێك لە پەرش و بڵاوی زیاتر بەناو حیزب نەمابوو و هەموو بڕیارەکانی حیزب لە دەست کەسێکی دیکە دابوو.

قاسملوو بەڵێ زانی خۆی وای کرد کە ڕێبەرایەتی حیزب بۆ هەتا هەتایە سەربەخۆیی سیاسی حیزبەکەی و سەربەخۆیی تەسمیی حیزبەکەی لە هەموو ئیعتبارێك، تەنانەت لە پێوەندیی لەگەڵ هەر خیزب و ڕێکخراو شەخسیەتێکدا بە بەرزتر و بە نرختر بزانێ کە ئەو ئەسڵەی جۆرێك لە حیزب دا جێگر کرد کە ئێستاش هەر بەردەوامە . پاراستنی رووحی نەتەوایەتی بە ئەرکێکی گرنگ دادەنا و پێی وابوو نابێ دۆستایەتی لەگەڵ هەریەك لەو دەوڵەتانە کە کوردیان تێدا دەژی، بە زیانی کوردی ئەو بەشەی کوردستان بێ کە لەم بارەشەوە حیزبی دێمو کراتی سەر بەرز راگرت کە ئێستاش حیزبەکەی هەر ئەو سیاسەتە بەڕێوە دەبا .

مێژووی حیزبی دێموکرات شاهیدی ئەو راستیەیە کە هەرچی ئوسووڵی جوان و پەسند و جێگای ڕێزی هەموو کەسانی ئاشتیخوازە ، زیاتر لە هەموو کەس لە قاسملوو بەدی دەکرا.

قاسملوو قەت لە یاد ناچێتەوە . دەرسی بە نرخی بۆ ڕێبوارانی خۆی لە نێوخۆی حیزبی دێموکرات و بەتایبەتی بۆ گشت نەتەوەی کورد لە خۆی بەجێ هێشت و سێبەرەکەی بە سەر ی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردەوە ماوەو دەمێنێتەوە و لە ئاگرو قینی دوژمنانی دەیانپارێزێ. ئەو ئەدەبیاتە خاوێنەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کاری برد وە و دەبا ئی قاسملوویە کە بە میرات بۆ بەجێ هێشتووە.

قاسملوو لە قسەکردن و نووسین دا دایمە ئەدەب ی بە ئەرکی ئینسانی شۆڕشگێڕ دادەنا و بە پێویستی دەزانی نەسڵێکی نوێ لە حیزبی دێموکرات دا پەروەردە بکا کە بۆ میللەتەکەی جێگای هیواو ئومێدو سەربەرزی بێ.

**نامەی هاودەردی**

لە مانگی رەزبەری 1363دا دوکتور قاسملوو بە مەبەستی کاروباری حیزبی دێموکرات سەفەری بۆ ئورووپا کرد و چوو بۆ پێتەختی فەرانسە. لەو کاتەدا خەبەری کۆچی دو ایی کونستانتن جیرنیکوی، سکرتێری گشت ی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی بیست.

لەگەڵ ئاگادار بوون لەوە، رۆژی 12ی مارسی 1985 (21ی رەشەممەی 1363) بە ناوی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان نامەیەکی پرسەو سەرەخۆشی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی ناردو لە خەم و پەژا رەیاندا خۆی بە شەریك دانا.

**پیرۆزبایی**

بە دوای کۆچی دوایی کونستانتن چیرنیکو کە گارباچۆڤ بە سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەت ی سۆڤیەت هەڵبژا ردرا، رۆژی 12ی مارسی 1985 (21ی رەشەممەی 1363) هاوکات لەگەڵ ناردنی نامەی پرسەو سەرەخۆشی کونستانتن چیرنیکو، نامەیەك ی پیرۆزبایی بۆ گارباچۆڤ ناردو دڵنیایی خۆی پێ راگەیاندن کە لە ژێر بەڕێوەبەری و لێوەشاو ەیی ئەودا گەلانی یەکیەتی سۆڤیەت رۆژ بە رۆژ پتر رێ گای بەختیاری و پێشکەوتن دەبڕن و لە دروست کردنی کۆمەڵێکی پێشکەوتووی سوسیالیستی و پاراستنی ئاشتی جیهاندا سەرکەوتنی گەورەتر وەدەست دێنن.

قاسملووی قاڵ بووی مەیدانی سیاسی و خەباتی گەلی کورد قەت لە کاروتێکۆشانی حیزبی و جێگ یرکردنی دێموکراتیك بۆ باشتر ناساندن و

بەرەوپێش بردنی حیزبی دێموکراتماندوو بوونی نەدەناسی و بۆ پەیداکردنی دۆست و پشتیوان بۆ حیزب لە نێو کۆڕو کۆمەڵە جیهانی یەکاندا تێ دەکۆشا. بەڵام پێی وابوو گەلی کورد دەبێ پێش لە هەموو شتێك پشت بە هێزو توانای خۆی ببەستێ و تێ بکۆشێ و بە خەباتی بێ وچان مەسەلەی خۆی بکاتە مەسەلەیەکی گرینگ و جی ددی لە لێکدانەوەی وەزعی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا و بتوانێ لە ئالوگۆڕی ناوچەیی و دنیا بە قازانجی خۆی کەڵك وەربگرێ . بەڵام لە پەنا ئەوەشدا بایەخی بە پشتیوانی نێونەتەوەیی لە داخوازە بەر هەقەکانی گەلی کورد دەدا . هەر بۆیەش لە هەر شوێنێکی دنیا بۆ گەلان و حکوومەتەکانی ئاشتیخواز خۆشی یان ناخۆشی هاتبایە پێش لە شایی و شینی ئەوان دا ڕێبەرایەتی حیزب و گەلی کوردو جووڵانەوەکەی بە شەریك دادەنا . ئەوەتا ساڵی 1363 کە هەواڵی کۆچی دوایی "ئێریکو پیرلینگویر" ی سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیای زانێ لە رۆژی 1986/6/13 پەیامی سەرەخۆشی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا دەنێرێ و پێ ناخۆش بوونی حیزبی دێموکرات و گەلی کوردیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێ ڕادەگەیەنێ و بە ڕێبەرێکی زاناو خەباتگێڕێکی کۆڵنەدەری ڕێگای دێموکراسی و سوسیالیزمی وەسف دەکا و هیواداری دەربڕی بوو کە ئیتالیا بەو ڕێگایەدا بڕوا کە بیرلینکویر بڕی و سەرانسەری ژ یانی بەختی ئەو کرد.

دوکتور قاسملوو کە لە نێو حیزب دا لە ڕێبەری کردندا بێ وێنە بوو، لە مێژووی ئەو حیزبەدا بۆ هەمیشە تێکۆشانی دیار دەبێ و دەدرەوشێتەوە . قاسملوو لە نێو حیزب و دەرەوەی حیزب دا حیسابی ت ایبەتی لە سەر دەکرا، چونکە شەخسیەتێکی بەرزی زانستی و سیاسی بوو.

زانینی کۆمەڵێك لە زمانە گرینگەکانی د نیا، ئاشنایەتی لەگەڵ گروە ناودارەکانی جیهان و شارەزایی لە دیپلۆماسی و فەرهەنگی میللەتان، لە راکێشانی سەرنج و پشتیوانی دنیا بۆ پەیداکردنی دۆست بۆ حیزبی دێموکرات و بە گشت ی بۆ لای میللەتە بەشخوراوەکەی ت ەئسیری لە رادەبەدەری هەبوو و بە باشی یارمەتیان دەداو ناسرابوو.

بۆ سەرنج و راکێشانی دەوڵەتان، رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان، رێکخراوە سیاسیەکان و کۆڕو کۆبوونەوەو شەخسییەتە سیاسیەکان و کۆمەڵانی جیهانی بۆ لای مەسە لەی کورد لە هیچ کات و ساتێکدا خ افڵ نەدەبوو و بە هەموو توانایەوە لە کاناڵی جۆراوجۆر کە مەجالی بۆ پەیدا بوایە خواستەکانی گەلی کورد و هێرشەکانی دوژمنی بە گوێی جیهانیان دەگەیاندو داوای پشتگیری دەکرد و هەڵوێستی حیزبەکەی بۆ روون دەکردنەوە . قاسملوو لە بەر هەستی مرۆڤدۆستانەو ئاشتیخوازی و پێکەوە ژیانی بە تەبایی لە نێو کۆمەڵگای ئازادیخوازی دنیادا لە رادەبەدەر خۆشەویست بوو و وەك سەردارێکی بە توانای کورد چاوی لێ دەکراو لە لایەن زۆر ئەحزابی بەرجەستە لە وڵاتانی جیهان کە زۆریان لە وەڵاتی خۆیاندا حکوومەتیان بە دەستەوە بوو بۆ کۆڕو کۆبوونەوەکانیان بانگهێشتن دەکراو بە چاوی رێزەوە سەیریان دەکرد و گوێیان دەدایە بۆچوونەکانی لە سەر وەزعی سیاسی و جیهان و پشتیوانیان لە گەلی کورد بۆ دەردەبڕی

ئەوەتا لە ساڵی 1984دا حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ساڵانەدا بانگهێشتنی دەکا .

**دەعوەت نامەی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ساڵانەیدا**

حیزبی سۆسیالیست

سکرتێری یەکەم.

کاك عەبدوالرحمن قاسملوو

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کاك سکرتێری گشتی

کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە لە رۆژەکانی 11و12و13ی مانگی ئۆکتۆبەری داهاتوو دا لە شاری "ئولوز" دەبەسترێ.

راست پێش بەڕێوەچوونی دەورەیەکی گرینگی هەڵبژاردنی مەجلیس لە ساڵی 1986ی زاینی دا، حیزبی سۆسیالیست دەی هەوێ هەر لەو کاتەدا کە لە ئاکامی بەشێکی دەوڵەمەند لە مێژووی ژیانی دەکۆڵێتەوە، بەرنامەی سیاسی خۆی بۆ دەورەی داهاتووی مەجلیس دیاری بکا . لەم نەزەرەو ە کۆنگرەی "ئولوز" گرینگی تایبەتی هەیە . لە رێکخراوی ئێمەدا هەر لە ئێس تاوە باسێکی بەربلاو وەرێ کەوتو ە کە ئەم باسە بە بۆنەی کۆنگرەوە لە سەر هەموو ئەو مەسەلانەی لە گۆڕی دان و ئەو ئاسۆیانەی لە پێش چاوی حیزبی سۆسیالیست دان بەربلاتر و پەرەگرتووتر دەبێ، ئێم ە خوازیاری هاتنی نوێنەری ئێوە بۆ ئەم کۆنگرەیەین هەتا کارەکانی کۆنگرە بخەنە ژێر سەنج و چاودێری، لە سەر هێندێك هۆ کە بۆخۆتان دەیان زانن، قەرار دانراوە کە ژمارەی ئەو نوێنەرانە لە دوو کەس تێ نەپەڕێ . هیوادارین تا ئەو جیگایە بۆتان دەگونجێ ئەو قەرارە بەڕ یوە بەرن . ئیمکانی ئەوەمان نی یە کە خەرجی و مانەوەی نوێنەرانی ئێوە وە ئەستۆ بگرین . بەلام بۆ دارشتنی بەرنامەی مانەوەتان لە ئیختیار ئێوەداین . تکاتان لێ دەکەین هەرچی زووتر نەزەری خۆتانمان سەبارەت بە بەشداری حیزبەکەتان پێ راگەیێننەوە.

کاك سکرتێری گشتیی بە دەربڕینی پێ خۆشبوونی خۆمان لەوە کە لە مانگی "ئۆکتۆبەر" دا چاومان پێك دەکەوێ هەستی دۆستانەی خۆمان پێشکەش دەکەین.

لیونێل ژوسپەن ژاك هونتزینکر

سکرتێری یەکەم سکرتێری نیستمانی بۆ پێوەندی یەکانی نەتەوەیی

بەڵێ قاسملوو رابیتەی کەم وێنەی لەگەڵ سەدان و بگرە هەزاران حیزب و سازمان و کۆمەڵ و شەخسی یەتەکانی نێونەتەوەیی , سیاسی ، کۆمەڵایەتی، عیلمی و هونەری هەبوو کە لە نزیکەوە بیرو فکری ئاشتیخوازانەی ئەویان ناسی بوو کە لە مێژووی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و خە لکانی دیکەی ناوچەدا کەمتر شەخسی یەتی وا هەبوو کە لە گەڵ دنیای دەرەوە بە و شێوە رابیتەی بەربلاوی هەبێ. سەفیرێکی هەڵسوور و بە هەست و چاو وریابوو بۆ بزوتنەوەی کورد و بۆ بلشتر ناساندنی حیزبی دێموکرات لە هەر چوار سووچی دنیادا ناسرابوو کە لە هەر کۆڕو کۆمەلێك دا دیفاعی لە گەلانی ژێر دەست و یەك لە وان گەلی کورد دەکرد. سازمانی نێونەتەوەیی چەندین جا ر دەعوەتی کرد تا لە ئەجلاسی پڕۆژ ەکانی ئەو لەگەڵ ئەو سازمانە هاوکاری بکا بەڵام قبووڵی نەکرد و گەلی خۆی بەجێ نەهێشت و لە لای هاوسەنگەرانی ما یەوە. هەر بۆیەش کە کۆنگرەی حەوت کە لە 26ی سەرماوەزی 1364دا بەسترا وەك هەموو جارەکانی پێشتر لە لایەن ئەندامانی حیزب بەشدار لە کۆنگرەدا بە سکرت ێر هەڵبژاردرایەوە. قاسملوو کە خۆی دێ موکراتێکی واقعی بوو، دێموکراسی یەکی ناتەواوی شێ وەك دێموکراسی بورژوازی یانی ئەوەی پێی دەڵێن دێموکراسی سیاسی لە باشترین سەرەڕۆی بوون و باشتر ین دیکتاتۆری خەلکی و پرولیتاریا پێ باشتر بوو، هەربۆیەش سوسیالیزمی دێموکراتیکی هێنایە بەرباس و سەرئەنجامیش لە بەرنامەی حیزب دا گونج ێندرا. بەلام دیکتاتۆری مەحکووم دەکردو دژی راوەستاو لە هەر ناوو شیعارێك دا رەدی کردەوەو پێی وابوو دەبێ لە نوتفە دا خەفە بکرێ. قاسملوو هەر بەو مەبەستە خەباتی بۆ وەدی هێنانی

دێموکراسی دەکرد و بە تەنیا ڕێگای ڕەهایی گەلانی ژێر دەستی دەزانی و بە زامنی پاراستنی ئازادیی دادەنا و پێی وابوو کە بەبێ ڕێژیمێکی دێموکراسی ڕاستەقینە مافی گەلانی ژێر دەست وەدی نایە لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە جێگیرکردنی دێموکراسی دا بەدی دەکرد و بۆ ئەوەش پتەوکردنی یەکیەتیی سیاسی و فکری بە ئەرکی بنەڕەتی دەزانی و ئەوەی ڕەد دەکردەوە کە خەبات بۆ دێموکراسی بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی و دژی دەمار گرژی و بەرچاوتەنگی میل‌لیی و ناوچەیی و حیزبی بوو و بە بۆچوونی چەوتی دەزانی و دژی ڕاوەستاو فەرهەنگی دێموکراسی و پلۆرالیزمی لە نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دا هێنایە کایەوەو توانی خەباتی گەلی کورد لەگەڵ بایەخە جیهانیی یەکانی وەك دێموکراسی و ئازادی یەکدیگەر بوون لەگەڵ دنیای دەرەوە ئاوێتە بکا.

قاسملوو بۆ چەسپاندنی هەموو خسڵەتە بەرزەکانی لە نێو حیزبی دێموکرات دا ئامادەبوو هەرچی تاڵە بی چێژێت. لە ڕێبەرایەتیی حیزب دا کارە سەخت و گرینگەکان بەو دەسپاردران و بە گەرمیش بە ئەستۆی خۆی دەگرتن و بەرێوەی دەبردن و تێیاندا سەرکەوتوو دەبوو کە لە پێناو رزگار کردنی نەتەوەکەیدا گاڵتەی بە مردن دەکردو لە کاتێکدا شەڕو پێکدادانەکان دەگەیشتنە پلەی سەختی و دژواری , وەکو کوێستانە گەردنەکانی کوردستان دەبوو بە پاڵپشتی شۆڕشگێڕان و ورەی شۆڕشگێڕانی دەگەیاندە پلەی گڕگرتن و هێرش بردنە سەر دڵ ڕەشان. بەڵام لە پەنا ئەوەشدا هەستی بە بەرپرسایەتیی یەکی گەورە دەکرد و هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگایەکدا بوو کە ڕادەی قووربانیی یەکانی ڕێگەی ئازادی کەم بکاتەوەو بۆ پێوەندی ئوسوولیش لە نێوان هێزە سیاسیی یەکانی گشت کوردستان و ئێران هەوڵی دەداو بە زەروور ییەتی دەزانی و پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ هەموو

بزووتنەوە رزگاریخوازی‌یەکانیشی پێ خۆش بوو . لەو رێگەوە زۆری کە لەو رێگەوەش پشتیوانی ئەحزاب و شەخسییەتی جیهان بۆ لای خەباتی خەڵکی کوردستان راکێشا. رۆمای پڕشنگداری جوولانەوەی کورد بوو . هەمیشە ئاگای لە خەباتی هەموو نوختەکانی جیهان لە پێناوی مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا هەبوو و پێوەندی ئەوانی لەگەڵ مەسەلەیەك کە بۆ خۆی خەباتی بۆ دەکرد بە روونی دەرك دەکرد. هەرچەند سیاسەتمەدارێکی جیهانی بوو، بەڵام قەت نیشتمانی خۆی و نەتەوەکەی فەرامۆش نەدەکردو بە پێچەوانەی هێندێك کە دوژمنانی گەلی کورد بە دۆست ناودەبەن و دۆستایەتی بە کێشی دوژمن هەڵدەسەنگێن و بەو چەشنە راستیەکان لە خەڵك دەشێوێنن، بۆ جارێکیش نە بە نووسراوە نە بە قسە ستایشی دوژمنانی گەلی کوردی بە گشتی نەکردو ئەوانی لە جێی دۆستان دانەناو لە روونا کی نەتەوە پەروەری خۆیدا سنووری نێوان دۆستان و دوژمنانی گەلی کوردی لێ دیار بوو کە تا مردن ئەو سنوورەی تێك نەدا. هیچ کاتێك ئامادە نەبوو پێوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە لە سەر حیسابی کوردەکانی ئەو بەشە و بە زیانی ئەوان دابمەزرێنێ. قاسملوو قەت جیاوازی لە نێوان میللەتی کورد لە کوردستانی دابەشکراودا دانەدەکردو لەو بڕوایەدا بوو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا کێشەی بەشێکی میللەتی کوردو رێگا چارەسەرکردنی بەشەکانی دیکەی کوردستان خۆش دەکا . عیشق و عەلاقەی بە کوردستان بی ئەندازەو بێ سنوور بوو کە کەس بەر لەو نەی توانی و لە دەستی نەهات بە رادەی ئەو تینی ئەو عیشقە پیرۆزە بگەیێنێتە ناو خەڵکی ئورووپاو هەستی دەیان سیاسەتمەدارو کەسایەتی و رۆژنامەنووسی بە ناوبانگی ئورووپایی بۆ لای کێشەی نەتەوەیی کورد راکێشێ . مناسباتی حیزبیشی لەگەڵ رێکخراوو ئەحزابی کورد بە چەشنێك تیئۆریزە کردبوو کە

دامەزراندنی ئەو هاوپێوەندیانە وەك زەروورەتێکی مێژوویی ئێستاش هەڵدەسەنگێندرێن. بڕوای وابوو کە مناسبات دەبێ لە سەر ئەساسی رێزگرتن لە یەکتر و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری یەکتر دابمەزرێ و هیچ حیزبێکی کوردی بۆی نەبێ لە سەر حیسابی حیزبێکی دیکەی کورد و هەتا هیدیش پێوەندی ناوچەیی و نێونەتەوەیی لەگەڵ دەوڵەتەکاندا پێك بێنێ.

باوەڕی زۆری بە یەك پارچەیی نەتەوەی کورد بوو. هەر لەو روانگەشەوە بوو کە کتێبی کوردستان و کوردی نووسی بوو . بەڵام جیهان بینی ئەو لە سەر مەسایلی کورد زۆر وردو واقع بینانە بوو کە هەموو ئەو کەندو کۆسپانەی کە باری نالەباری هەڵکەوتوویی ج غرافیایی کوردستانی پێك هێناوە دەی دیتن . ئەو هەموو زانیاریە کە بە درێژایی تەمەنی وەدەستی هێنابوو لەگەڵ هەموو ئەزموونەکانی کە لە مەید انی سیاسی دا وەسەرێکی نابوو بە سەخاوەتە لە پێناوی رزگاری و ئازادی گەلی کورد دەکاری دەبرد و فێری هاوخەباتیانی خۆی دەکرد کە بە دەگمەن رێبەری وا هەڵدەکەون . کە دەی دیت گەلی کورد بە درێژایی مێژوو باری زووڵم و زۆری و چەوسانەوە لە سەر شانی قوورسایی کردوە، زیاتر قۆڵی هەڵدەماڵی و دەستە وەستان دانەدەماو بۆ بەربەرەکانی زیاتر خۆی ئامادەتر دەکردو لە رێگای جۆراوجۆرەوە بە گژ دوژمنانی کورددا دەچوو و هەڵوێستی جیددی دەگرت و وەك کۆمەڵناسێکی بە تواناو شارەزاو پسپۆڕ، رێگای چارەسەری گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکانی ک ۆمەڵی کوردەواری دەست نیشان دەکردو هەمیشە بۆ لە نێو بردنیان ئازایانەو دڵسۆزانە هەنگاوی زۆر بە کەڵکی دەنا بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە داخوازە رەواکانی تەنیا لە شێوە خەباتێك کەڵکی وەرنەگرت و لە سەر ئەو راو بڕوایە بوو کە لە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد دا ز ۆر رێگای جۆراوجۆر هەن کە دەکرێ و دەگونجێ تاقی بکرێتەوە کە لە پێوەندی گرتنی دەرەوەشدا بۆ ناساندنی گەلی کورد و

پشتیوانی و نزیك کردنەوەی بیری ئاشتیخوزان بە گشتی چ وەك رێبەرانی حکوومەتی چ وەك شەخسی‌یەتی تاکە کەسی و ئیدی بۆ لای مەسەلەی کورد وەستاو پسپۆڕ بوو . یەکەمین کورد بوو کە گرینگی و بایەخی پشتیوانی نێونەتەوەیی لە داخوازە بەر حەقەکانی گەلی کورد بەوجۆرە ی پێویستە تێگەیشت بوو و بەشێکی بەرچاو لە وەخت و کاروتێکۆشانی بۆ وەدەست هێنانی ئەو پشتیوانیە تەرخان کردبوو . قاسملوو لە نێو کۆمەڵگای جیهانیدا هاواری دەکرد و دەی گوت: کوردان شەڕخوازنین. ئەوان خوازیاری سوڵح و ئاشتین بەڵام ئەگەر مەوجوودییەتیان بکەوێتە مەترسی , دیفاع دەکەن و ئەو دیفاعەش بۆ پاراستنی هوویەتی میللی و شەخسی یەتی خۆیان دیفاعێکی مەشرووعە. بەڵێ، رێبەری بەرجەستەو شۆڕشگێڕی کورد هەمیشە وەك م ەلێکی دەرکراو لە لا نەی خۆی دڵی بۆ نیشتمان لێ ی دەداو کورستانی پێ لە هەموو دنیا خۆشتر بوو، قاسملوو بە گشتی ئەوەندەی کوردستان خۆش دەویست کە زۆر جاران بەدروستی دەزانی قازانجی کاتی حیزبی دێموکرات فیدای قازانجی ستراتیژیکی گەلی کورد بێ . ئەوکات کە تەنیا داوا کردنی مافی نەتەوایەتی بۆ کورد بە گوناح دەژمێردراو دوژمنانی کورد ناوی جیاوازیخوازیان لە سەر دادەنا ، قاسملوو لە کتێبی بە ناوبانگی خۆی کوردستان و کورد دا هاواری کردو نووسی : کورد نەتەوەیەکە جیایە لە هەموو نەتەوەکانی دیکە و ئەگەر رۆژیك بێ وەك هەموو گەلانی ئازا دیخوازو بەختەوەری جیهان چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ، ئەمە یەکگرتنەوەیە نەك جیابوونەوە.

دوکتور قاسملوو بێ وێنە بوو . لە نێو حیزبی دێموکراتیشدا لە هەموو ئەندامانی حیزب بیر تیژترو ورد بینتر بوو، ئایندەنگەر و دووربین بوو . مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە نووسیو یەتی: جارێك کە ئەوکات رێبەرایەتی

حیزب یازده کەس دەبن دەیان هەوێ کارێك بکەن : ده نەفەریان م ووافیقی ئەوه دەبن ئەو کاره بکەن . بەڵام قاسملوو مخالیف دەبێ. کاتێك ساغ دەبنەوه ئەو کاره بکەن پرسیاریان بۆ دێته پێش که ئەو کاره به کێ بسپێرن . که دەبینن کەسیان له ئەو باشتر نیه، داوای لێ دەکەن که ئەو ئەرکه بەڕێوەبەرێ. بەڵام دەڵێ: من مخالیفی ئەو کارەم، چۆنه به منی دەسپێرن؟ بەڵام ئاخرەکەی قبووڵی دەکات و هەرچەند به توونديش مخالیفی ئەو کاره دەبێ. به باشترین شێوه ئەنجامی دەدا . بەڵام هێنده ناخایێنێ که هەموو ئەو ده نەفەرەی رێبەرایەتی پەشیمان دەبن لەوه که دەبوایه ئەو کاره ئەنجام نەدەن و نەکرێ.

با هەموو ئەو کەسانەی که دژی قاسملوو دەدوان و قسەیان بۆ هەڵدەبەست ، بێن چاو تەنیا لەو نموونه چووکه بکەن له سادقی و ئیمان به دێموکراسی بوونی و ئیحترام دانانی به دەنگی زۆرایه تی که ئەوه تەنیا نموونەیەکی چووکه له هەزاران هەزار نموونەکانی له نێو حیزبی دێموکرات دا که ئێستاش شانازی پێوه دەکرێ.

## نووسینی کتێبی چل ساڵ خەبات

به دوای کۆنگرەی حەوت ەمی حیزبی دێموکرات دا که پێشتر له لایەن دەفتەری سیاسی پێشنیاری پێ کرابوو مێژووی چل ساڵ خەبات له پێناوی ئازادی دا بنووسێ و له رێبەرایەتی حیزبیش دا زیاتر له هەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسی تێکەڵاوی مێژووی حیزب بوو، ئەو ئەرکەی به دڵفراوانی گرته ئەستۆی خۆی و دەستی دایه و لێ براوانه مێژووی چل ساڵ خەباتی له پێناوی ئازادی دا نووسی و له رێبەندانی 1364دا چاپی یەکەمی دەرچوو و بڵاوکرایەوه.

## ناوبژیوانی

لەگەڵ ئەوەدا کە لەو باوەڕەدا بوو بزووتنەوەی کورد بەگشتی دەبێ بە باشترین شێوە بەرامبەر بە پەلاماری دوژمن رابوەستێ کە هەڕەشە لە مان و مەوجوودییەتی نەتەوەیی کورد دەکا، بە تەواویش ئیمانی بەوە هەبوو کە مەسەلەی لە مێژینەی کورد رێگا چارەسەری نیزامی نیە. بۆیە هەموو تواناو لێزانی خۆی بە کارهێنا تا مەسەلەی کورد لە رێگای ئاشتی یەوە چارەسەر بکرێ. هەر بەو مەبەستەوە نێو بژ یوانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان باشوورو حکوومەتی عێراق ی وەئەستۆی خۆی گرت تا بەڵکوو لەو بەشەی کوردستاندا گەلی کورد بە مافی خۆی بگا و ببێتە سەنگەری سیاسی بۆ دیفاع کردن لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

دوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی وە بە وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی عێراق هەیئەتی یەکیەتی بەو مەبەستە دەچێتە بن کەی سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات کە ئامادەیی خۆی بۆ وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی عێراق بە قاسملوو رابگەیێنێ بەلام لەو کاتەدا کە دوکتور قاسملوو لە دەرەوەی وڵات بوو , مامۆستا عەبدوالله حسن زادە لەوە ئاگادار ی دەکاو قاسملووش لە بەر گرینگی مەسەلەکە بە پەلە دەگەڕێتەوە عێراق و هە ر بە گەیشتنەوەی بۆ کوردستان، دەچێتە لای سەرکردایەتی یەکیەتی و لەگەڵیاندا کۆدەبێتەوەو مەسەلەی وتوویژ دێتە گۆڕێ، قاسملوو کاتێك لەگەڵیاندا دادەنیشێ و قسە دەکەن، بە سەرکردایەتی یەکیەتی دەڵێ : ئێوە دەزانن چی تان دەوێ؟ دوا ئەو دانیشتنە قاسملوو دەگەڕێت ەوە بەغدا بۆ رێکخستنی ئەو وتووێژەو سەرئەنجام ئاتەش بەس لە نێوانیاندا بەرقەرار دەکرێ و لە سەرەتای کانوونی یەکەمی 1983دا دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەبوو سەرحان یەکێك لە گەورەبەرپرسانی موخابراتی عێراق بە سواری دوو کۆپتەر دەچنە

بنكەی سەركردايەتی يەكيەتی نيشتم انی له "زيخان" و نو ێنەرايەتی يەكيەتی نيشتمانيش لە گەڵياندا سواردەبن و بەرەو بەغدا دەكەونە رێ و وتووێژ دەست پێ دەكا كه دوای دانيشتنەكه مام جەلال تاڵەبانی دەچێتە لای سەدام و سەدام ستايشی قسەكانی مام جەلال دەكا . بەڵام لە سەر مەسەلەی كەركووك پێك نايەن و سەدام بە مام جەلال دەڵێ : با ئەوە ی لەسەری رێككەوتووين لە تەلەفزيۆن دا بلاو بكەينەوە، بەڵام مام جەلال بەوە ڕازی نابی .

به هەرحاڵ ئەو وتووێژە هيچی لێ شين نەبوو . بەڵام قازانجی يەكيەتی نيشتمانی لەوەدابوو كە بۆ ماوەيەكی زۆر كادرو پێشمەرگەكانی حەسانەوەو پشوێكيان داو تەنزيماتی خۆشيان پتەوتر كرد . بەڵام قاسملوو ئەوكات تەئكيدی كردبوو لەو خ ولەی گفتوگۆيەدا ئەكرا بەيان ىيەكی سياسی لەو بابەتە لە سەر گفتوگۆو ئەو مەسەلانە لە سەری رێككەوتبوون بلاو بكرێتەوە كە بۆ شەخسی مام جەلال لەو كات دا دەبوە سەركەوتنێكی گەورە. لەو كاتەدا كاك ئەنووشيرەوان لە سەر مەسەلەی نەخشەی كوردستان كە حكوومەتی ئەو كاتی عێراق ويستبووی نەخشەی كوردستان تێك بدا. دەچێتە لای قاسملوو و نەخشەی كوردستان كە دەوڵەتی عێراق چووكی كردبۆوە ، دەردێنێ و نيشانی قاسملووی دەداو دەڵێت ئەوەتا جوغرافيای كوردستانيان چ لێ كردوە. قاسملوو دەی كاتە پێكەنين و ئەم نوكتەی بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێ: سەربازێك ئەچێ بۆ حەمام لە ژووری خۆگۆڕين جل و بەرگەكەی دادەنێ و ئەچێ بۆ ژووری گەرماو خۆی بشوا. دوای خۆشتن دەچێ ّتەوە ژووری خۆگۆڕين، ئەڕوانێ جل و بەرگ نەماوە پۆستاڵەكانی لە پێ دەكا و ئيتاقەكەشی ئەبەستێ و ئەچێتە لای كابرای حەمامچی و بەو جۆرە رادەوەستێ و دەڵێت : من ناڵێم شتەكانتان دزيوە. بەڵام تووشەرەفت كە من هاتم ئاوەهابووم؟ بە دوای ئەوەشدا دەڵێت :

ئێوەش بچن ئەم خەریتەیە نیشان سەدام بدەن و لێی بپرسن : ئێمە ناڵێین کوردستان تەعریب کراوە. بەڵام تووشەرەفت کوردستان پێش ئەوەی حوکمی زاتی بدرێتی وەهابوو.

قاسملوو بە دڵی گەرمەوە دەی هەویست ئەرکی نیشتما نی خۆی بەوجۆرە لەسەرش انیەتی راستەقینەبەئەنجام بگەێنێ 0

قا سملوو وەك رێبەرێکی ئازاو شەخسی یەتێکی هەڵکەوتووی نێو بزوتنەوەی کورد هەمیشە جانانەو بوێ رانە بەرامبەر بە مێژووی کورد و بەگشتی لەگرتنە پێش ی هەرسیاسەتێکدا هەستی بە بەرپرسایەتی‌یەکی گەورە دەکردو ئەو هەست و بە رپرسایەتی کردنەی کردە بەشێك لەفەرهەنگی سیاسی لەنێوبزوتنەوەی کورد 0

بە لێکدانەوەی وردو زانست ی‌ی وەزعی دنیای لەکا تی خۆیدا بۆدەرکەوتبوو کەقازانج و ئەرکەکانی ئێستاو دوارۆژی بز وتنەوەی کوردلەگەڵ قازانج و بەرژەوەندی زل هێزان وهێزە کۆنە پەرستەکانی ناوچە ناتەبا ی‌ی هەیە و ئەگەربزوتنەوەی کورد بەرەو پێشەوە بچێ ئاڵووگۆرێکی زەق ودیارلەناوچەی خاورمیانەدا بەدی دێنێ 0

**پەیام بۆخەڵکی کوردستان**

نەورۆزی 1365، دوکتور قاسملوو بە بۆنەی نەورۆزەوە پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی خەڵکی کوردستان و کادرو پێشمەرگەکا نی حیزب کردو لە کۆتایی وتارەکەیدا گوتی : لەم شۆڕشەدا نابێ بنەماڵەی شەهیدەکانمان کە منداڵەکانی ان لە رێگای ئازادی دا فیدا کرد وە لە بیر بچێ . نابێ زیندانیانی سیاسی لە بیر بەرینەوە کە بە سەرفرازی و دلێرانە لە بەرامبەر ئەشکەنجەو ئازاری ئیستبدادی رەش دا راوەس‌تاون و بە ئارمانی بەرزی دێموکراسی و خودموختتاری وەفادار

ماونەوە . دوکتور قاسملوو بە تەنیا ئەو کەسانەی بە خەباتگێر دانەدەنا کە چەك لە شان لە مەیدان دابوون و لەم باوەڕەدابوو کە خەباتگێرانی ڕێگای رزگاری ئێران هەر ئەوانە نین کە چەکیان لە شانەو لە بەرەکانی شەڕدا دژی ڕێژیمی ئاخووندی شەڕ دەکەن، بەڵکوو تێکڕای ئەوانە کە بە گوێرەی توانای خۆیان بە گیان و دڵ بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەربەرەکانی دژی ڕێژیمی ئاخووندی دا بەشدارن بە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی دادەنان.

## پەیام بە بۆنەی دووی ڕێبەندان

لە دووی ڕێبەندانی 1365، لە بۆنەی دووی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دا قاسملوو گوتی : دەرسێکی کۆماری کوردستان ئەوەیە کە بە هیچ جۆرێك و بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ هەل و مەرجێکدا نابێ ڕێگا بدەین ئەوەی کە بە داخەوە لە کۆماری کوردستان رووی داو لە باشووری کوردستان تیکرار کرایەوەو ئەوەی میللەتەکەمان ناوی نا ئاش بە تاڵ، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان تیکرار ببێتەوە . قاسملوو دەی گوت : تێکۆشەرانی کوردستان لە رابردوودا چاوەڕو انیان کە فێرکرابوون لە سۆڤیەتی یەکان بوو بێن ئازادیان بکەن. بەڵام حیزبی ئێمە ئەو راستیەیەی بۆ ئەندامانی خۆی و گەلی کورد و گەلانی ئێران روون کردۆتەوە کە ئێمە خۆمان دەبێ وڵاتەکەمان ئازاد بکەین. نابێ چاوەڕوانی ئەوەبین کە یەکیەتیی سۆڤیەتی یا هەر کەس و جێگایەکی دیکە لە دەرەوە رابێ و دێموکراسی و خودموختاریمان بۆ وەربگرێ.

## بیرەوەری

دوکتور قاسملوو زۆر رووح سووك و لە سەرخۆو بێ فیز بوو و بە چاو ێك چاوی لە هەموو ئەندامانی حیزب دەکرد.

ساڵی 1365 بە مەحەووریەت لە دەورووبەری بنکە ی دەفتەری سیاسی لە گەوەردیّ و گە ڕەدێی باشووری کوردستان بووین و مەبەست لە بوونی ئێمە لەویّ پاراستنی سەرکردایەتی و سازماندیی نو یّ لە هێزو کۆمیتە شار ستانی رەبەت دابوو. لە کۆتایی مەحەوورەتی یەکەدا بووین کە دوکتور قاسملوو لە کۆبوونەوەیەکدا قسەی بۆ کردین . دوای باسێکی سیاسی لە سەر هەل و مەرجی سیاسی حیزب و ناوچە، زۆر رووخۆشانە لەگەڵ کادرو پێشمەرگەکان کەوتە شۆخی کردن و بە عینوانی شۆخی و بە دەمی پڕ لە پێکەنین گوتی : ئەوە ئێوەن ئاسن خۆرەکان، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر کورت دووبارە گوتی : لەو کۆبوونەوەدا کە لە نزیکەوە چاوم کەوت پێتان ئێستا دەزانم کە بە نەزمترین هێزی حیزبی دێموکراتن لەو هێزانە کە تا ئێستا هاتوونەتە پارێزگاری لە دەفتەری سیاسی. زۆرمان پیّ خۆش بوو کە زیاتر لە ناوماندا بیّ بەڵام لە بەر کاری حیزبی لە سکرتارییەت زیاتر لە دوو سەعات بۆی نەکرا لە لامان بێت و بۆمان بدویّ.

لە کاتی پرسیارو وەڵامەکاندا، پێشمەرگەیەکی کەم تەمەن بە ناوی عەلی پرسیاری خۆی لە دوکتور قاسملوو کرد . لەو کاتەدا کە خەریك بوو وەڵامی عەلی بداتەو ە پێشمەرگەیەکی دیکە دەستی بەرز کردو ویستی پرسیار لە قاسملوو بکا. بەڵام کاك دوکتور زەرد ەێکی هاتیّ و گوتی : کاکە برا !!! پەلە مەکە، ئێستا نۆرەی کاك عەلیّیە کە وەڵامی بدەمەوە . مەبەست لە گێڕانەوەی ئەوە، ئەوەیە کە قاسملوو قەت حازر نەبوو بە چاوی دوور لە بینینی حورمەت بۆ کەس بڕوانی و بە کەمی بگریّ و بە ناوی سادەی خۆی بانگی بکات، مەگەر کەسێك شۆخی و رەفیقایەتی لەگەڵدابا . لەویّ بۆ من باشتر دەرکەوت کە قاسملوو کیّیە و چەندە گەورەیە کە لە راست هیچ کەس خۆی بە بەرتەر نەدەزانی، بەڵام هەبوون و ئێستاش زۆرن ئەوانەی مابەینی

خۆیان و ئەندامێکی سادەی حیزب بە قەدەر ئەرزو ئاسمان داناوەو دادەنێن
کە قەت ئەوانە رێبواری راستەقینەی سەرکردەی ناوداری کورد قاسملووی
نەمر نەبوون و نین.

## سەبارەت بەگشت ئێران

سەداقەت و راستوێژی د. قاسملوو لە سیاسەتی ئێرانی بووندا ئەوەندە بەهێز
بوو کە تەنانەت شەڕی ژمار ەیەکی بەرچاو لە ئێرانی یە
شۆئینیستی یەکانیش وەك ئیتهامی جیاوازیخوازی نەیانتوانی کەمترین شوێن
لە سەر بیرو باوەڕی بکەن و یەکێك لە خۆشەویسترین چێهرەکانی سیاسی
بوو لە نێو ئازادیخوازان و رووناکبیران و دڵسۆزانی ئێرانیدا .
نیشتمانپەروەرێکی ئێرانی بوو کە لە نێو دنیای سیاسەت و لە نێو کۆڕو
کۆمەڵە و رێکخراوە دێموکراتە نێونەتەوەیی‌یەکانیشدا بە شارەزای دیپلۆماسی
و پیاوی ئاشتی ناوبانگی هەبوو کە ئەم خسڵەتە باشانە ئیعتباری جیهانی پێ
بەخشیبوو.

لە نێوان "دێموکراسی سەرانسەری" و خودموختاری ناوچەیی پێوەندی‌یەکی
دیالیکتانەی بەدی دەکردو ئەسلووبی راست و دروستی پێوەندی‌یەکانی
حیزبی لەگەڵ رێکخراوە سەرانسەری‌یەکانی ئێراندا دیاری کردبوو و
پێوەندی‌یەکانی لە سەر بنەمای دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و رێز لە یەکتر
نان و نەچوونە ژێر قورسایی هێژموونی هێزێکی سەرانسەری دا، دامەزراند.
خەباتگێڕێکی سەرسەختی سەربەخۆیی ئێران بوو کە سەربەخۆیی ئێرانی
خۆش دەویست و بەمەرجی ی ەکەمی پێشکەوتنی و هەست بە شەخسی یەت
کردنی دانیشتوانی دەزانی و بە هەموو تواناو وجوودیەوە لە بەستراوەیی
ئێران بە هەر دەسەڵاتێکی بێگانە بێزار بوو و هەوڵی رزگار بوونی دەداو دژی

هەر چەشنە هەوڵ و تەقەلایەکی دەسەڵاتی بێگانە بۆ کەندو کۆسپ دروستکردن لە سەر ڕێی سەربەخۆیی ئێران بوو.

لە ماوەی تەمەنی خەباتگێرانەو تێکۆشانی خۆیدا ئەم ئەسڵە پیرۆزو گرنگەی لە بیر نەکرد  کە بڕیار لە بارەی چارەنووسی گەلانی ئێران حکوومەتێکە کە نوێنەرایەتی ویست و داخوازەکانی ئەوان بکا . بەلگەش بۆ ئەوە  ئەوەیە کە: کارنامەی دەیان ساڵ   خەباتی بێ وچان    و نووسراوەو لێدوانەکانی ڕێبازی سیاسی و کردەوەکانی حیزبی دێموکرات کە ئەو ڕێبەری دەکرد، ئەم ڕاستییە بە باشی وەك ڕۆژی ڕوون نیشاندەدەن.

سەربەخۆیی ئێرانی  بە یەکەم ئامانجی هاوبەشی   هەموو  هێزە شۆڕشگێرو ڕەسەنەکانی وڵات و هۆیەکی گرنگی لێك نزیك کردنەوەو یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخوازی وڵات دادەنا   .  لە زەمانی شادا دژایەتی د     .

قاسملوو لەگەڵ ڕێژیمەکەی لە سەر ئەوە بوو کە نەیتوانی لەگەڵ سەربەخۆیی ئێران و جێگیر کردنی دێموکراسی لە ئێراندا موافق بێ و نە لە ماهییەتی دابوو وەلامی داخوازە میللیی و کۆمەلایەتی  یەکانی ژێر دەست و چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی نیشتمان بداتەوە.

زۆر جاران وەبیر ئێرانیانی ها و وڵاتی دێنایەوە کە داگیر کەران و  دیکتاتۆران لە ئێراندا پێگەی کۆمەلایەتیان نیەو    سەرئەنجام  وڵات بەرەو بەستراوەیی دەبەن بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان.

لایەنگری ئێرانێکی کۆماری بوو و نیزامێکی کۆماری بە ئالتێرناتیوێیەك دەزانی و بە پێویستی دەزانی کە هێزە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی وڵات بۆ هێنانە سەر کاری خەبات بکەن . بۆ ئەوەی هەم  خەلکی وڵاتەکەی هەست بە ئازادی و بە کارهێنانی ئیرادەی خۆیان لە دیاری کردنی چارەنووسی وڵاتەکەیان بکەن و خودموختاری گەلی کوردیش لە کوردستانی ئێران دا لە

داهاتوو دا دەستەبەرێکی دڵنیایی هەبێ و نیزامێکی کۆماری ئەو تۆی دەویست کە بناخەکەی لە سەر پلۆرالیزم دامەزرابێ و لە و بڕوایە دابوو تەنیا حکوومەتێکی دێموکراتیك و نیزامی چەند حیزبی دەتو انێ وڵاتەکەی ئێران، بەو هەل و مەرجە تایبەتی یە کە هەیەتی بەرەو پێشکە وتن و بەختەوەری بەرێ.

زۆر جاران ئەو مەترسی یەیی وەبیر حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکانی ئێران دێنایەوە کە لە وڵاتێکی وەك ئێران کە لە نە تەوەو ئایینی جۆراوجۆر پێك هاتوە، خۆ سەپاندنی هەر نەتەوەیەك و ئایینێك بە سەر ئەوانی دیکە دا بە کورتی هەر چەشنە پاوانخوازیەك لە دەسەڵات بە دەستەوە گرتن دا یەکیەتی نیشتیمانی وڵاتی ئێران دەخاتە خەتەر و ئێران بەرەو شەڕێکی نێوخۆیی دەبا.

گرینگی تایبەتی دەدا بە یەکیەتی هێزە خەباتگێڕەکانی ئێران و گرێدانی بزوتنەوەی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێرانی لە گەڵ بزوتنەوەی سەرانسەری ئێران بۆ ئەوەی ڕێگا نەدرێ لە داهاتوو دا هیچ دەستەو تاقمێك بە تاقی تەنیا دەسەڵاتی ئێران لە پاوانی خۆی بگر ێ بە باش دەزانی و نەی دەشاردەوە کە بە دەستەوەگرتنی حکومەتی ئێران بە تەنیا ماڵی تایبەتی ڕێکخراوو دەستەیەکی تایبەتی نیەو پێویستە هەموو

حیزب و ڕێکخراوەی بەشەکانی کۆمەڵی ئێران بەگشتی و بە گوێرەی نفوزی خۆیان لە دیاریکردنی و بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی وڵات دا نەخشیان هەبێ.

لابردنی ستەمی نەتەوایە تی لە سەر گەلانی ئێرانی بە ئوسولی دێموکراسی دەزانی و پێی وابوو کە ستەمی نەتەوایەتی گ ەر لە سەر گەلانی ئێران لە

لایەن دەسەڵاتی تاکەوە لابچێ . گەلانی ژێر دەست خۆیان بە هاونیشتیمانی دەرەجە دوو دانانێن و ئێران زیاتر بەرەو ئاوەدانی و گەشە ساندن دەچێ. پێی وابوو ئەو حکوومەتانەی گەلان لە ئێران دا لە ژێر دەستی دا ڕادەگرن وڵات بەرەو لەت لەت بوون دەبەن، دەنا لە نیشتیمانێکدا کە هەموو گەلانی پێك هێنەری ئەو نیشتیمانە هەست بەوە بکەن کە ئازادن و چارەنووسی خۆیان بە دەستەوەیە هیچ گەلێك بیری جیاوازیخوازی بە مێشك دانایەت.

د. قاسملوو دەیگوت : گەلی کورد کە لە کوردستاندا خاوەنی مێژوو و فەرهەنگ و داب و نەریت و قازانجی سیاسی هاوبەشە، ئەگەر ستەمی نەتەوایەتی لە سەر لابچێ ئەو بەستراوەییە بە کۆمەڵ و وڵات پتەوتر و چەسپاوتر دەبێ.

وەك پێشتریش باسی لێکرا، تەنیا خوازیاری چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بە تەنیا نەبوو و بۆ وەدی هاتنی مافە میللییەکانی هەموو گەلانی ژێر دەستی ئێران تێدەکۆشا و لە هێنانە گۆڕی هە ر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ یەکگرت ن لە نێو هێزە سیاسییەکانی ئێراندا لە سەر گونجاندنی مافە میللییەکانی گەلانی بن دەستی ئێر ان پێی دادەگرت و بە خەباتی گەلانی زۆر لێکراوی وەك بلووج و ئازەری و عەرەب و توورکەمەن دڵخۆش بوو و هەرجۆرە جم و جۆڵێکی رزگاریخ وازانەی ئەو نەتەوانەی بە پاڵپشتێکی قایم و بەهێز بۆ بزوتنەوەی سەرانسەری بۆ ئێران دادەنا.

هەمیشە تێدەکۆشا کە حیزب بۆ دامەزراندن و قایم کردنی پێوەندی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی گەلانی ژێر دەستی ئێران و یا رمەتی کردنیان دەست نەگەڕێتەوە. چونکە ئیمانی بە نیزامێکی فیدراڵیی هەبوو و بە باشتر و چاکترین چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ ئێران دەزانی.

د. قاسملوو لەو شەخسیيەتە بەرجەستەو بوێرو بە توانا ئێرانیيە گەورانە بوو كە هەمیشە ئالأهەلگری هاوپێوەندی و یەكگ رتن لە نێو هێزە خەباتگێڕەكانی ئێراندا بوو، كە راستیش بۆ ئەوە، ئەوەیە كە حیزبی دێموكرات كە بۆ خۆی رێبەری دەكرد و كوردستانی كردبوە سەنگەری ئازادی سەرانسەری ئێران، بەو پەڕی تواناوە هاوكاری لەگەڵ هەموو هێزە سیاسی یەكانی مخالیفی كۆماری ئیسلامی كرد كە هیچ هێزێكی نیزامی نیە كە بەشێك لە كارو تێكۆشانی خۆی هێنابێتە كوردستان و قاسملوو و حیزبەكەی كە رێبەرایەتی دەكرد، هاوكاریی ەكی باش و بێ درێغی لەگەڵ نەكرد بێ چونكە ئەو هەنگاوانەی بۆ لێك نزیك بوونەوەو یەكگرتن لەگەڵ هێزە سیاسیيەكانی ئێراندا بە شتێكی باش دادەنا.

پێی وابوو كە باشترین و بەكەڵكترین شێوەی یەكگرتن و هاوكاری بۆ لادانی دەسەڵاتی رەشی ئاخوندی لە ئێراندا لە نێوان هێزو رێكخراوەو شەخسیيەتە دێموكرات و پێشكەوتنخوازەكانی ئێراندا بەرەیەكی دێموكراتیكە . بەرەیەك كە بتوانێ هەم رێژیمی ئاخوندی بروخێنی و هەم ئالتر ناتیێویكی دێموكراسی وەك وەڵامدەری ئامانجەكانی شۆڕشی گەلانی ئێران بێ، لە ئێراندا سەقامگیر بكا.

قاسملوو كە بۆ حیزبی دێموكرات رێبەرێكی لێوەشاوەو كارزان بوو، بۆ گەلانی ئێران بەگشتی و بزوتنەوەی سەرانسەری ئێران گەورەو رێنوێنێكی زۆر مەزن بوو كە گومان لەوە دانیە خەڵكی ئێران بەگشتی شانازی بە بوونی هاووڵاتی یەكی وەك ئەو دەكەن و بۆچوونەكانی لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری ئێراندا دەكەنە رێنوێنی و رێ نیشاندەری خۆیان . لەو پێناوەدا ئەوەندەی كار كرد كە بۆ حیزب و رێكخرا وەكانی ئێرانی و بۆ بەشێكی

بەرچاو لە حیزب و ڕێکخراوەکانی بێگانە و بیروڕای گشتی جیهان روون و ئاشکران.
لە ئاخرین قسەکانی خۆیدا لە سەر دنیا بە چەند سەعاتێك پێش ئەوەی لە لایەن تیرۆریستانەوە بکەوێتە بەر دەستڕێژی چەکە شاردراوەکانیان لە لیباسی دیپلۆماسی دا، لە سەر مێزی وتووێژ، دەڵێت : دەبێ ئەو ئازایەتی یە هەبێ کە بە پێی ئوسول و قانوونی وەك یەك مەسەلە نێوخۆیی یەکانی ئێران بۆ هەمووان بۆ عەرەبەکان، بلووچەکان، تورکەکان و کوردەکا ن چارەسەر بکرێن. ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانرێ ئەو گیروگرفتە چارەسەر بکرێن لە داهاتوودا دەبنە کارەسات بۆ وڵاتەکەمان.
بێ شك ئەو قسانەی و هەزاران ـ هەزار وشە ی لەو بابەتەو هیدی لە بارەی گشت ئێران لە مێژووی یەك بە یەکی گەلانی ئێراندا تۆمار دەکرێ و لە نێو هەموو نەتەوەکاندا رێز لە کەسایەتیەکەی دەگیرێ. نەك تەنیا سەبارەت بە دیفاعی ئەو لە مافەکانیان ـ بەڵکوو سەبارەت بە نیشاندانی رێگای راست بە تاریك بیران و هەموو ئەو کەسانە چ لە ر ووی تێگەیشتنەوە چ لە رووی نەزانی یەوە حاشا لە بوونی چەند نەتەوە لە وڵاتی ئێرانی فرە گەل و چەند فەرهەنگی و چەند زمانی دەکەن.
قسەکانی د . قاسملوو پڕ لە ئازایەتی و دانەنواندن بوون بەرامبەر بە نوێنەرانی کۆماری بە ناو ئیسلامی کە دیفاعی ئەو کەسایەتی یە کورد ە بێگومان وەك دوایین قسەو دیفاع ی خەباتگێڕێك دەچێ کە بەر لە گوللە بارانکردنی بۆ دیفاع لە بیروباوەڕو ئامانجەکانی خۆی دەی لێ .
د. قاسملوو ئەوەبوو و ئاوا ش ناسرابوو، بۆیە کە تیرۆر کرا، گەلانی ئێران و خەڵکی کوردستان بەگشتی دەستیان بۆ لە ئەژنۆدا.

بۆ گەلانی ئێران شەخسی یەتێك بوو لە ناو كۆمەڵگای جیهانیدا كە دوای دوكتور موسەدیق دەكرێ شانازی بەوی‌یەوە بكا ، كە شەهیدیان كرد، گەلانی ئێران و خەڵكی كور دستان بە تایبەتی یەكێك لە شەخسییەتە بەرزەو گەورەكانی خۆیان لە دەست چوو و گیانی لە پێناوی سەقامگیر كردنی دێموكراسی لە ئێراندا و دابین كردنی سەرەتاترین مافە ئینسانی‌یەكانی گەلە زۆر لێكراوەكەی فیدا كرد.

لێرەدا بۆ زیاتر نیشاندانی ئەم ر استی‌یە كە لێرە دا باسی لێكراوە، ناوی ئەو شەخسی‌یەت و حیزب و رێكخراوە ئێرانیانە دێنین كە لە كاتی شەهید بوونی قاسملوودا، وێڕای باسیان لە سەر شەخسی یەتی لە هەر بوارێكدا، پرسەو سەرەخۆشیان بۆ رێبەرایەتی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران نارد، دەخەینە بەرچ اوی خوێنەران.

لێۆمیتەی ناوەندی رێكخراوی فیدایی كۆمیتەی ناوەندی ح یزبی دێموكراتیكی خەڵكی ئێران كۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودەی ئێران كۆمیتەی ناوەندی رێكخراوی فیدائیانی خەڵكی ئێران (اكثریت) كۆماری خوازانی میللی ئێران رێكخراوی جووڵانەوەی گەلی بلووج (بلووج راج زرمبش) ئێران یەكیەتی بۆ ئازادی و جوولانەوەكا نی ئازەربایجان بۆ رزگاری ئێران كانوونی نووسەرانی ئێران (لە تەبعیددا) كۆمەڵەی دیفاع لە مافی مرۆڤ (لە ئێران ) (واحی‌دەكانی پاریس ) گرونوێیل وییەن بزووتنەوەی دێموكراتیك شۆڕشگێڕانەی زەحمەت كێشانی ئێران كۆمیتەی ناوەندی رێكخراوی فیدای‌یەكانی گەلی ئێرا ن سەردەبیری بلاوكراوەی "فصلی درگلسرخ" بەرەو یەكگرتن (بسوی وحدت)

## سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات

ساڵی 1365، قاسملوو سەفەرێکی پێنج مانگەی بۆ دەرەوەی وڵات کردو سەری لە نۆ وڵاتی دەرەوە دا کە یەکێکیان بـۆ پێرۆ لە ئەمریکای لاتین بوو و ئەوانەی تری بۆ وڵاتانی ئورووپایی بوو.

لەو سەفەرەدا کارەکانی بریتی بوون لە پێ ڕاگەیشتن بە ڕێکخراوەکانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات و بە کارو تێکۆشانی دەفتەری حیزب لە پاریس و پێوەندی گرتن لەگەڵ ڕێکخراوە ئێرانی‌یەکان و ئەو ڕێکخ راوە کوردستانی‌یانە کە نوێنەرایان لە دەرەوەی وڵات هەبوو، هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێن ەرانی دەوڵەت و ڕێکخراوەو شەخسی یەتەکانی بێگانە. لەو سەفەرەدا لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست دا بەشداری کرد و لەگەڵ زۆر ڕۆژنامە و ڕادیۆو تەلەفزیۆن وتووێژی کر د و بیروڕای گشتی جیهانی و ڕێکخراوە دێموکرات و بە شەر دۆستەکانی بۆ لای حیزبی دێموکرات و هەموو گ ەلانی ئێران دژی ڕێژیمی خومەینی ڕاکێشاو داوای پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی لە دۆستەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات کرد کە یەکێك لە داواکانی ناردنی پزیشك و دەرمان لە ڕێکخراوەکانی بەشەر دۆست و وەرگرتنی کەم ئەندام و پێشمەرگەی بریندار بوو . لەو سەفەرەدا پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە ئێرانی‌یەکاندا گرت و تەقریبەن لەگەڵ زۆربەی ئەو هێزانە کە دژی ڕێژیمی خومەینی و شا پەرستیش بوون قسەی کرد کە هەموویان هیوای خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات دەربڕی بوو.

هەر لەو سەفەرەی دا ژمارەیەکی زۆر لە هەو اڵدەرەکانی ڕادیۆ تەلەفیزیۆن و چاپەمەنی‌یەکانی دەروە وەك تەلەفزیۆنی (بی ـ بی ـ سی) بە زمانی ئینگلیسی، بەشی فارسی ڕادیۆ (بی ـ بی ـ سی) تەلەفزیۆنی سوئێدی، ڕۆژنامەکانی تایمزلەند، لیبراسیۆنی فەرانسە، اری اینیر ساتیونگی ئوتریش و

زۆر لە رۆژنامەکانی سوئێد و ولاتی پیرۆ لەگەڵ ئەودا چاوپێکەوتنیان هەبوو و وتووێژی چاپەمەنیان لەگەڵدا رێك خست.

لە وەلامی هەواڵی نووسی رۆژنامەی فەرانسەویی لیبراسیۆن دا کە سەبارەت بە تیرۆر و تیرۆریزم پرسیاری لێکردبوو، دەڵێت : تیرۆریزم تەنیا تەقاندنەوەی بۆمب لە پێتەختی ولاتە رۆژئاوایی یەکان نیە، کوشتاری گوندنشینەکانیش بە هۆی رێژیمی خومەینی یەوە تیرۆریزمە . لە رۆژئاوا بەگشتی بۆمب دانانەوە بە تیرۆریزم ناودەبەن، بەلام جۆرەکانی دیکەی تیرۆریزم ناخەنە بەرچاو . بێجگە لەوەش تیرۆریزم تەنی ا کاری تاقم یا دەستەیەك نیە . هێندێك ولاتیش دەستیان لە تیرۆریزم دا هەیە . ئێران ولاتێکە کە بە رەسمی تیرۆریزمی گەیاندۆتە سەتحی سیاسی ولات . ئەوە مەوزوعێکە کە من وەبیر هێنانەوەی بە پێویست دەزانم.

نوکتەیەکی دیکە ئەوەیە کە تیرۆریزم و بزوتنەوەی رزگاریخوازیی ە نەتەوایەتی یەکان دوو مەسەلەی جیاوازن. شەڕی چەکدارانە یا پارتیزانی بۆ رزگار کردنی نەتەوەیەك پەنابردنی بۆ تیرۆریزمی پێویست نیە ـ بە پێچەوانە من پێم وایە بزوتنەوە بەهێزەکان، ئەو بزوتنەوانەی بە رێگای دێموکراسی دا دەڕۆن و رێنوێنی دەکرێن و لایەنگری و پشتیوانی خە ڵکیان لەگەڵە، پێویستی یان بە پەنابردن بۆ تیرۆریزم نیە . لە بارەی خۆمان دا لە (حیزبی دێموکراتی کوردستان ) دەبێ بڵێم لەگەڵ ئەوەی خومەینی چەند جار دژی ئێمە لە شێوەکانی تیرۆریزم (تیرۆریستی) کەڵکی وەرگرتووە، ئێمە هیچ کاتێك ئەوەمان تەئید نەکردوەو بە پێڕەو کردن لە ئوس ول، بارمتە گرتنمان مەحکووم کردوە . لەساڵی 1979 (1358) دا ئێمە تەنیا حیزبی ئێرانی بووین کە بارمتە گرتنمان لە سەفارەتی ئەمریکا لە ئێران دا

مەحکووم کردو دواتریش هەمیشه تەیارە فراندن و بۆمب دانانەوەمان مەحکووم کردوە.

تیرۆریزم سیاسەتی رەسمی کۆماری ئیسلامی یە کە بەرپرسانی رێژیم چەند ساڵ لەمەو پێش بە ئاشکرا رایانگەیاندوەش، ئێستا چونکە لە نێوخۆی ئێران دا لە هەر لایەکەوە هاواری رەخنە و ئیعتراز بەرز بۆتەوە، رێژیم بێ ئەوەی بە رەسمی قسە لە تیرۆریزم بك ا بە کاری دێنێ، بەڵام فەل سەفەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیەو هەمیشەش ئەوە بو ە کە شۆڕشی ئیسلامی بە هەر شکڵ و شێوەیەك کە ئیمکانی هەبێ با لە رێگای تیرۆریزمیشەوە بێ بۆ دەرەوە بنێرێ. ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ئێران "دکترین" ویلایەتی فقیە ئیدارە دەکرێ. بە پێی ئەو دکترینە ئێستا خومەینی نو ێنەری ئیمامی غایب لە سەر عەرزە و بەو ناوەوە مافی ئەوەی هەیە کە بۆ گەیشتنی بە ئامانج هەموو کارێك بکا.

ئەو "ئایەتووڵڵایانە" ئەمڕۆ دەسەڵاتیان لە ئێراندا بە دەستەوەیە دەزانن کە لە وڵاتانی رۆژئاوا تیرۆریزم دەتوانێ هەڵوێست و تەنان ەت سیاسەتی دەوڵەتەکانیش بگۆڕێ کە بە وردی هەر بەو هۆیەشەوە ئەوان تیرۆریزمیان هەڵبژاردووە.

جیا لەوەش لە بارەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەیگوت : لە رابردوودا دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی گشتی لە پشتیوانی کردن لە ئاکارو کردەوە ی تیرۆریستی خۆیان پاراستو ەو بە دایم لە دڵە خ ورپە دابوون کە نە کا وەك پشتیوان و لایەنگری تیرۆریزم کە ئە و پەڕی قانوونی شکێنی و تێکدانی داب و نەریتی نێونەتەوەیی‌یە ، بناسرێن و بە لایەنگری لە تیرۆریز م تاوانبار بکرێن. بەڵام لە حاڵی حازردا وای لێ هاتو ە کە رێژیمە دیکتاتۆرەکان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان نە تەنیا کردەوەی تیرۆریستی بە خراپ نازانن ،

بەڵکوو بە راشکاوی و بە شێوەی رەسمی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات دا لە رەشە کوژی و شێوە جۆراوجۆرەکانی تیرۆر کەڵك وەردەگرن . ئەم رێژیمانە لە نێوخۆی وڵات دا موخالیفە سیاسیەکانی خۆیان تیرۆر دەکەن و لەو رێگایەوە دەسەڵاتی پا وانخوازی خۆیان بە زۆری بە سەر خەڵکدا دەسەپێنن، لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ کپ کردنی دەنگی هاودەردی و هاوپێوەندی جیهانی و بۆ بەرگری لە لایەنگری لە ئازادیخوازان و بە مەبەستی ناچار کردنی دەوڵەتان بۆ قبووڵی هێندێك مەبەستی تایبەتی و جاروباریش بۆ باج ئەستاندن یا سەپاندنی ئیدئۆلۆژی و بۆچوونی تایبەتیی خۆیان پەنا دەبەنە بەر تیرۆریزم.

لە لایەکی دیکەوە د . قاسملوو دەیگوت : رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆیە بە سەرچاوەی تیرۆریزم دادەنرێ لەبەر ئەوەیە کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دی ناوەندی ناتەباییەیە، ستراتیژی، سیاسی، ئابووری، مەزهەب ی و نەتەوەیی یەکانەو هەتا ئەم ناکۆکیان ە بنەبڕ نەکرێن بوار بۆ کردەوە تیرۆریستی یەکان هەردەمێنێ.

## پاریـــــــس

رۆژەکانی 26و27و28ی مانگی ژانویە ی 1987، بەرامبەر بە 7و8و9ی مانگی رێبەندانی 1365 کە یەکەم کۆنفرانسی نەتەوەیی لە پاریس پێتەختی فەرانسە بە ناوی (مافی مرۆڤ و ئەخلاقی بەشەر دۆستانە ) پێك هات و لە لایەن زانکۆ (دانیشگا)ی حقوقی پاریس و رێکخراوی پزیشکانی جیهانەوە ئامادە کرابوو .و زیاتر لە چوارسەد کەس لە شەخسی یەتی سیاسی و زانستی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تێیدا بەشدار بوون، دوکتور ق اسملووی نەمر بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگهێشتن کرابوو. بەڵام لە بەر کاری زۆری حیزبی لە کوردستان نەیتوانی بچێ ت و بەشداری تێدا بکا ، بەڵام وتاری خۆی بە

ناوی (شەڕی پارتیزانی و زەبرو زەنگ ) بۆ ئەو کۆنفرانسە نارد و لەوێ لە لایەن دوکتور کۆشنێر، بەڕێوەبەرو ڕێکخەر ی کۆنفرانسەکە و سەرۆکی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهانەوە خوێندرایەوەو لەگەڵ پێشوازی گەرمی بەشداربوانی کۆنفرانسەکە بەرەو روو بوو کە هەر بە دوای وتارەکەی قاسملوودا فیلمێکی کورتیش کە لە جووڵانەوەی ئێستا کوردستانی ئێران هەڵگیرابوو، بۆ بەشداربووانی کۆنفرانسەکە نیشان د را. بە جێ یە لێرەدا باسی ئەوە بکرێ کە قاسملووی نەمر لە بارەی شەڕی پارتیزانی دەیگوت : کاتێك لە وڵاتێکدا سەرەڕۆیی دەسەڵاتدار بێ، ئازادی یەکان پێشێل بکرێن و مافە ئینسانی یەکان بایەخیان بۆ دانەنرێ، خەڵکی ئەوینداری رزگاری و عەداڵەت چوونکە بە هۆی بێ هێزیەوە ناتوانن راپەڕینێکی تێکڕایی یان شۆڕشێکی گشتی بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ناوەندی وەڕێ بخەن، ڕێگایەکی دیکەیان بێجگە لە پەنا بردن بۆ شەڕی پارتیزانی نیە.

**وەڵامی چەند پرسیارێك بۆ عاتیفەی گورگین.**

لە کاتێك دا دوکتور قاسملوو کە بە مەبە ستی کاری حیزبی لە دەرەوەی وڵات بوو، عاتیفەی گورگین وتووێژێکی لەگەڵدا کردو کاتێك لە بارەی دوا رۆژی گەلی کورد پرسیاری لێدەکاو دەپرسێ : چلۆن دوا رۆژێك بۆ گەلی کورد پێشبینی دەکەن؟ قاسملوو دەڵێت : ئێمە دوا رۆژی گەلی کورد لە دوا رۆژی گەلانی دیکەی ئێران بە جیا نازنین و دوا رۆژی گەلی کورد پێوەندی هەیە بە رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیەوە . لە سەرتاسەری شەڕی سێ مانگەدا کاتێك چوومە چیاکان هاوڕێیانی حیزبی پرسیاریان لێکردم کە مانەوەی خەباتی ئێمە لە کێوەکان چەندە دەخایێنێ؟ من وەڵامم دایەوە: بیست و پێنج ساڵ، ئەوکات وڵامەکەی من بۆ هێندێك کەس بە گاڵتە دەهاتە بەرچاو.

بە دوای ئەوەدا کە لە بارەی دانیشتن و وتویژ ی حیزب لەگەڵ ریژیمی ئیران پرسیاری لیدەکا، قاسملوو دەڵیت : لە هەل و مەرجی ئیستادا هیچ چەشنە وتوویژیك لە نیوان حیزبی دیموکرات و ریژیم دانیەو نەزەری ئیمە سەبارەت بە ریژیمی کۆماری ئیسلامی هەر ئەوەیە کە زۆر جار وتوومەو ئیستاش دووپاتی دەکەمەوە کە لە چوارچیوەی ریژیمی ئاخوندی دا هیچ کام لە ویستە بنەڕەتیەکانی ئیمە دیموکراسی و خودموختاری وەدی نایەن . با ئەوەش بلیم کە حیزبی دیموکرات وەك ن وینەری خەڵکی کوردستان هەر کات بە پیویستی بزانێ مافی ئەوەی هەیە کە سەبارەت بە داوا رەواکانی گەلی کورد لەگەڵ ئەم یا ئەو ریژیمە وتوویژ بکاو لە ئەسڵدا وتوویژیش بە شیوەیەك لە خەبات دەزانین,

لیرەدا بە جێ یە ئەوە بگوترێ کە قاسملوو دەیگوت : با بە سەراحە تەوە بگوترێ کە ئیمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ناهینین ، بەڵام لە بەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پیویست بوو واز لە دۆستایەتی دەهینین . کەوابوو میحیار بۆ ئیمە قازانجی حیزب و گەلی کورد و گەلانی ئیران و سەربەخۆیی مانەو میحیاری ئەساسی سەربەخۆیی بڕیار دانە ـ دۆستایەتی دەکەین، بەڵام لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی . ئەگەر پیویست بوو دۆستایەتی یەکە فیدای سەربەخۆی دەکەین و بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدایی دۆستایەتی ناکەین.

**بەشداری لە کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسەو تیکۆشانی دیکـــــە**

لە رۆژەکانی 3و4و5ی ئاوریلی 1987 کە کۆنگرەی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە شاری "لیل" پیك هات و بیجگە لە نوینەرانی حیزبی سۆسیالیست کە لە هەموو ئوستانەکانی فەرانسە هەڵبژاردرابوون و ناردرابوونە کۆنگرەو زیاتر لە نەوەدا (90) دەستەی نوینەرایەتی دەرەوەش

لە لایەن حیزبی سۆسیالیست و کۆمۆنیست و دێموکراتیەکان و رێکخراوە رزگاریخوازیەکان و رێکخراوە نێو نەتەوەیی یەکان تێیدا بەشداربوون، د . قاسملوو لە لایەن لی ۆنێل ژوسپەن سکرتێری یەکەمی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە، بۆ بەشداری لەو کۆنگرەدا بانگهێشتن کرابوو.

لە جەریانی ئەو کۆنگرەدا چاوی بە رێبەرانی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسەو زۆر دەستەی نوێنەرایەتی خاریجی کەوت و وتووێژیان لەگەڵدا کرد کە تەنیا رێکخراوەی سیاسی ئ ێران حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەو کۆنگرە دەعوەت کرابوو.

د. قاسملوو هەوڵی دەدا لەگەڵ رێکخراوەکانی ئێرانی، ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات پێوەندی بگرێ تا وەزعێك ئامادە بکەن کە بەڵکو زەمینەی هاوکاری پێك بێ و ئەگەر لەو هاوکاریەدا زۆرتر سەرکەوتوو بن زەمینەی پێك هێنانی جەبهەیەکی بەرینی دێموکراتیك پێك بێنن . لە ماوەی سێ مانگ دا کە لە دەرەوەی وڵات بوو ، دەگەڵ زۆر شەخسیەتەکان و رێکخراوەکانی ئێرانی دا پێوەندی گرت و جگە لەوەش سەفەرێکی هەشت رۆژەی بۆ ئیسپانیا کرد و لە ماوەیەکی کورت کە لە ئیسپانیا بوو، زۆر رۆژنامەی پڕ تیراژی ئیسپانیایی وتووێژیان لەگەڵ کرد کە بڵاو بوونەوەی ئەو وتووێژانە ش وێنەواری بەرچاوی لە ناساندنی بزوتنەوەی کورد و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر مەسەلە گرنگەکانی ئێران و کوردستان دا هەبوو کە ئەو وتووێژانە بریتی بوون لە رۆژنامەی "دیباریووسی سیەس" رۆژنامەی "پا" رۆژنامەی "ئیل ئیس " و لە رۆژەکانی 1987/6/24، 1987/6/25، 1987/6/27، لە ژمارەکانی خۆیاندا بڵاویان کردەوەو جگە لەوەش پێوەندی حیزبی دێموکراتی لەگەڵ ئیسپانیادا دامەزراند.

**مودیریەت** :

دوکتور قاسملوو دەیگوت : لە حیزبی ئێمەدا مودیریەت لە سەر بناخەی پێوەندی زیندوو و رێنوێنی و لە ئاکامدا ئیقناعەو بەرپرسی حیز بی دەبێ تەوزیع بداو ماندوو نەبێ تا ئەو کاتەی تەرەف قانع دەکا . لە بارەی رەفتاری دروستی حیزبی دەیگوت: ئەوەش ئەسڵێکی گرنگ لە مودیریەتەکە بەرپرسی حیزبی دەبێ بزانێ چۆن هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەفرادی سەرەوەو ئۆرگانی سەرەوە بکا و لە هەمان کاتدا چۆن بەر خورد لەگەڵ ئەفرادو ئۆرگانەکانی خوارەوە بکا . شێوەی ئوس‌وڵی ئەوەیە کە نابێ بەزۆر و دەستوور دان و توندوتیژی و کوێخایانە رەفتار لەگەڵ ئۆرگانی خوارەوە دابکەین و لەگەڵ ئۆرگانەکانی سەرەوەش نابێ رەفتارمان چاپلووسی و پێدا هەڵگوتن بێ.

**گوتەی قاسملوو**:

**پێشمەرگە پارێزەری ئەمنی شەرافەت و کەرامەتی خەڵکی کوردستانەو گیان بەختکەری رێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردە**

**پێشمەرگە ئەو ئینسانە بە نرخ و تێکۆشەرەیە کە ئازایانە گیانی لە سەر بەری دەستی داناوە تا لە رێی دێموکراسی و رزگاری دا بیکاتە قووربانی**

**ئەخلاقی سیاسی** :

لە بارەی ئەخ لاقی سیاسی دەیگوت : ئێمە بێ ئوس‌وڵی و جنێو فرۆشی لە سیاسەت دا رەت دەکەینەوەو بۆ جێگیرکردنی ئەخلاق لە سیاسەت دا تێدەکۆشین و یەکەم رێکخراوی ئێرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردوە.

**مەسەلەی ژن** :

لە بارەی مەسەلەی ژنانەوە بە کورتی دەی گوت : لە تێکۆشانی حیزبی سیاسی ئێمەدا دەبێ جێگایەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان کە نیوەی دا نیشتوانی وڵاتەکەمان پێک دێنن .وەك دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرانبەری تەواو

لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بەڵام دانانی ماف لەگەڵ لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریا ن لە بەین دایەو دەبێ ئەو مەودایە بەرە بەرە لە بەین بچێ و بە بیرورِای ح یزبی ئێمە هەرچی ژنان لە کاری کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشداربن ، کۆمەڵ پێشکەوتووترو هەرچی لە بزوتنەوەی سیاسی نەتەوەیەك دا ژنان تێکۆشەرتربن , بزوتنەوەکە پێشکەوتووترەو شانسی سەرکەوتنی زیاترە.

**رەمزی حۆراگری حیزب**:

د. قاسملوو دەیگوت : بۆچی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیویەتی رابوەستێ و ئەوانەی تر نەیانتوانی؟

د. قاسملووی نەمر لە وەڵامی ئەو پرسیارەی خۆیدا دەیگوت : ئەوە سێ هۆی هەیە. یەکەم: سیاسەتی حیزبی دێموکرات سیاسەتێکی دروست ب وە بۆ داخوازەکانی خەڵکی کوردستان کە بریتین لە دێموکراسی و خودموختاری و خەباتی بۆ دەکەین. ئێمە شوعاری خۆراییمان نەداوە، شوعاری توندو تیژمان نەداوە کە بۆمان جێ بەجێ نەکرێن، ئێمە مەسئوولانە هەت ا ئێستا چووینە پێش و وەختی ئاش تی ویستوومانە وتووێژ بکەین و وەختی شەرِ شەرِمان کردوە . دووهەم : خەڵکی کوردستان پشتیوانی ئێمەیە. حیزبی دێموکر ات وەك ماسییەك لە نێو گۆم دایە گۆمەکەش خەڵکە. هێزی حیزبی دێموکرات لەوەدایە کە خەڵك پشتیوانی لێدەکا . سێهەم: مانەوەی خەباتی ئێمە و فیداکاریی پێشمەرگەکانمان بوو.

**قاسملوو چەند ساڵ پێش شەهید بوونی**

**کە بۆ هەواڵنێری بی، بی، سی بێهروز یوسف زادە دەدوێ، دەڵێت**:

مەسەلەیەکی بنەرِەتی بۆ من (لە ژیانم) لابردنی ستەم بوە، بۆ لابردنی هەر چەشنە ستەمێك لە سەرەتای لاوەتیمەوە خەباتم کردو ە. ئەو تایبەتمەندی

یە بنەڕەتی یەم ئالۆگۆڕی بە سەردا ن ەهاتوە. دیارە لە ژیاندا ئەزموونێکی زیاترم وەسەرێك ناوەو بەگشتی واقعبین تر بووم. ئەمن لە ژیانم دا هەمیشە خۆشبین بووم و لە دژوارترین هەل و مەرجیش دا هەمیشە رووحییەی خۆم پاراستوە، ئێستاش هەروام . زۆر ئۆگری خوێندنەوەم، لە کوردستان هەموو گۆڤارو رۆژنامە خاریج ی و ئێرانی یەکان دەخوێنمەوە . زۆر ئۆگری خوێندنەوەی رۆمان و کتێبە زانستی یەکانم، بەلام بۆ خۆم شێعرم زۆر پێ خۆشە. لە کوردستان شەوی شێعر پێك دێنین و من شێعر دەخوێنمەوە . زۆر ئۆگری شێعری کلاسیکی ئێرانم، بۆ وێنە : حافظ، سعدی، خیام، بابا طاهر عریان و فودوسی، دیارە شێعری کوردیش بە تایبەتی (شێعرەکانی) گۆران کە شاعیری سەدەی بیستەمی کوردو ئەحمەدی خانیش کە شاعیری کلاسیکی کوردە لە شاعیرانی نویَ نادر نادر پورو احمد شاملوم بە دڵن، دیوانەکەیانم هەیەو پروین اعتصامی ـ م زۆر بە دڵە، پێم وایە شێعرەکانی زۆر لە ژیانی من نزیکن. لە هەل و مەرجی ئێستادا، وەك دەزانن تێکۆشانی سیاسی بە تایبەتی کاتێك تۆ بەرپرسی بی و شەڕی نێوخۆیش لە گۆڕێ دابێ، گیروگرفتت بۆ دێنێتە پێش کە بە داخەوە تۆ ناتوانی بە شێوەی سیستماتیك و بە ئیشتیای خۆی ئۆگری بە شێعر یا ن موسیقی درێژە بدە ی یەکێك لەو گیروگرفتانەی کە لە ژیانی مندا هەیە، مەسەلەی شەهید بوونی هاوڕێیانی نزیکمن، لە راستی دا ئەوە یەکێك لە گەورەترین نارەحەتی یەکانە کە لە ژیانم دا هەیە . ئەمن ئێستا ئەگەر بمتوانیبایە بۆ خۆم بڕیار بدەم، پێم خۆش بوو خەریکی زانست بام و کارم لە سەر مەسەلە فەرهەنگی و ئەدەبیەکانی ئێران کردبا. بەلام ئێستا لە کوردستان ئەرکم لە سەرشانەو لە بەرامبەر خەڵکی کوردستان و ئێران دا هەست بە بەرپرسایەتی دەکەم.

له پرسیارێکدا که پرسیاری لێدەکرێ پێت وایه 10 یان 15 یان 20 ساڵی دیکه خەریکی چی دەبی و له کوێ دەب ی؟ دەڵێت: ئەمن ناتوانم پێش بینی بکەم، لەم هەل و مەرجەی که ئێمەی تێداین هەر له جێ دا پێش بینی کردن زۆر سەختە. ئەمن پێم خۆشە پاش چەند ساڵی دیکە ئەگەر له دەستم بێ خەریکی نووسین و کاری زانستی بم . ئێستا نزیك به 40 ساڵه له خەبات دا بەشدارم، پێم خۆشە ئەزموونەکانی خۆم بنووسم. بەڵام هەر چۆنێك بێ پێم خۆشە له نێو خەڵك دابم . ئێستا خووم بەم هەل و مەرجە گرت وە (بەڵام) دووری له خەڵکی ئاسایی زۆر گرانەو هیوادارم هەل و مەرجێك بێتە پێش که وڵاتەکەمان ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆو ئارام بێتەوەو لەو هەل و مەرجەدا ئەمن له یەکێك له گوندەکانی کوردستان دا، بۆ وێنە گوندی قاسملوو رەنگە ئێوە نەزانن که گوندێکی ئاوا هەیە، ئێمە ناوی خۆمان لەو گوندە وەرگرتووە، دانیشم و تا ماوم بخوێنمەوەو بنووسم.

**لەو کاتەدا که رێژیم شارەکانی کوردستانی داگیرکردن.**

که شەڕ بەسەر کوردستاندا سەپاو پاش هەموو بەربەرەکانی هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان که رێژیم له ژێر ئاگری هەر ج ۆرە چ ەکێك دا له زەوی و ئاسمانەوە شارو گوندەکانی کوردستانی دەکوتا و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی گیانی خ ەڵکی بێ دیفاع شارەکانی چۆڵکرد دوکتور قاسملوو گوتی : شارەکانی کوردستان پشتی ج ەبهەی دوژمنن کەوابوو له شارەکانی کوردستان دەکرێ زۆر زەربەی باش له دوژمن بدرێ . دەبێ هەموو کارەکانی دوژمن بۆ ئەوەی پشتی ج ەبهەی خۆی به قودرەت نەکا تێك بدەین . دوژمن تداروکاتی له شارەکانە . دوژمن هێزی خۆی له شارەکان کۆدەکاتەوە، دوژمن ئازووقەی لەوێ رادێت. دەبێ کارێکی وابکەین نەك هەر لەدەرەوەی شار که پێشمەرگەی لێ یەو رێگای لێ دەگرێ و زەبری لێ

دەدا، بەڵکوو لە داخیلی شاریش بە ئیبتکاری دانیشتوانی شارەکانی کوردستان دەبێ زەربەی لێبدرێ. نابێ لە بیرمان بچێ کە هەرچەند ئەوان لە شارەکان و هەر چەند بە زاهیر چەکیان پێ نیە، بەڵام پێشمەرگەن وەك پێشمەرگە لە سەنگەردان و دەبێ بۆ تێکدانی نەخشەکانی دوژمن، بۆ گەیاندنی ئەخبار بە پێشمەرگە و بۆ بەربەست کردنی رێگای دوژمن لە هەر رێگایەکەوەو بە هەر شێوەیەکی بتوانن ئەرکی خۆلان جێ بەجێ بکەن.

## پـــــــەیـــــــام

دوکتور قاسملوو لە پەیامێکی خۆی دا بۆ خ ەڵکی ئێران و ئەفکاری جیهانی گوتی: مەسەلەی کورد لە هەموو ئەبعادی خۆی دا بەو شێوەیە کە هەیە لە واقیع دا مەسەلەی 25 میلیۆن کوردە کە دەبێ مەترەح بکرێ . پێم وایە ئەگەر بەو شێوە بچینە پێش سەرکەوتنمان زیاتر دەب ێ، موهیمیش ئەوەیە کە ئەو پەیامە کە لەو وەزعە تازەدا دەینێرین پەیامێك بێ کە باش لە دەرەوە وەربگیرێ . دەبێ بە هەموو ئەو کەسانە کە گوێیان لە قسەکانی ئێمەیە بلێین کە داوای کورد زۆر سادەو رەوایە . کورد مافی نەتەوەیی خۆی دەوێ کە لە بەیاننامەی جیهانی مافی ئا دەمیزاد داهاتوە . واتە شتێکی زیادی نیە، بۆیە مەسەلەی داوای خودموختاری مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە . زۆر لە دەوڵەتان وەك دەوڵەتی ئێران ئەگەر باسی خودموختاری دەکرێ دەڵێن : ئەوە مەسەلەیەکی نێوخۆییە ، کەس حەقی نیە دەستی تێوەردا . کەوابوو خودموختاری مەسەلەیەکی نێوخۆیی نی یە و بەشێکە لە مافی ئادەمیزاد، بۆیەش ئەو دەوڵەت و رێکخراو و شەخس یەتانە کە خۆیان بە لایەنگری مافی ئینسانی دەزانن پێویستە کە لە داوا رەواکانی گەلی کورد پشتیوانی بکەن.

## قاسملوو لە پرسەی شەهیدێك دا

زستانی 1367، لە پرسەو سەرەخۆشی خالیدی عەلیپوو ردا، دوکتۆر قاسملووی نەمر گوتی بووی گەلێك ئازادی بویٚ، ئەبیٚ نرخی ئەو ئازادییەش بدا. هیچ میللەتێك بە بیٚ زەحمەت و تێکۆشان بەبیٚ بەختکردنی رۆڵە بە نرخەکانی خۆی بە ئازادی نەگەیشتو ە. گەلی کوردیش و حیزبی ئێمەش کە پێشڕەوی گەلی کوردە لە مێژە ئەوەی دەزانن کە ئازادی فیداکاریی دەویٚ، خۆبەختکردنی دەویٚ، کاروانی شەهیدانمان درێژە، بەڵام رەنگە لەوەش درێژتر بیٚ.

ئێمە لە رۆژی شەهید بوونی شەهیدەکانمان لەمێژە بڕیارمان داوە ناگرین . لەمێژە بڕیارمان داوە کە تەنیاو تەنیا کارێك کە دەتوانین بکەین و لەبەرچاو و لەبەر بیری شەهیدانمان شەرمەزار نەبین، ئەوەیە کە رێگای ئەوان بەرنەدەین و وەك ئەوان تا سەر ئەو رێگایە بڕۆین، لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەك نەترسین، لە هیچ سەختییەك نە لێشێینەوە. خەباتی ئێمە خەباتێکی رەوایە . خەبات بۆ ئازادیی میللەتێکە، خەبات بۆ دوارۆژی منداڵەکان و نەسلەکانی دیکەیە. ئەگەر ئێمە وەك ئەم نەسڵە ئەرکی خۆمان بە چاکی بەجیٚ بگەیٚنین دەتوانین هیوا داربین کە نەسلی داهاتوومان شەهیدی نەبیٚ. هەروەها ئەگەر نەسڵی رابردوو یا نەسڵەکانی رابردوو بە چاکی ئەرکی خۆیان بەجیٚ هێنابا رەنگ بیٚ ئەو نەسڵەی ئێمە شەهیدی نەدەبوو. بۆیە بیرەوەریی شەهیدەکانمان جارێکی دیکە دەمان هێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بە بیروباوەڕێکی چەسپاو، بە دڵێکی پڕ لە شۆڕش و بە هیوایەکی زۆر، خەباتی خۆمان درێژە پیٚ بدەین. ئەو خەباتە ئاکامی دەبێتە دوو شت: هەم گیانی شەهیدەکانمان شاد دەکاو هەم میللەتەکەمان رزگار دەکا بۆ ئەوە لەدوا رۆژدا شەهیدمان نەبیٚ.

## لەمەر خاوێن بوونی ریزەکانی حیزب

دوکتور قاسملوو دەیگوت : هێندێك كەسی ماندوو، بەزیو، ترسەنۆك، هێزی پێشمەرگەو ریزی حیزب بەجێ ب هێڵن به قازانجی جووڵانەوەکەمانە . هەروەها ئەگەر کەسانی دزو بێ ئەخلاق لە حیزب دەربکرێن هەر بە قازانجی خەباتەکەمانەو بەم جۆرە ریزەکانی حیزبەکەمان پتەوتر و یەکگرتووتر دەبێ و حیزبەکەمان باشتر دەتوانێ بزووتنەوەی میلليی دێموکراتی خەڵكی کوردستان بەرەو سەرکەوتن رێنوێنی بکا.

**بیـــــرەوەری**

28ی گەلاوێژی 1358 کە خومەینی دەستووری جیهادی بۆ سەر کوردستان دەرکرد و هێزەکانی پەلاماری کوردستانیان دا و گەیشتنە ناوچەی رەبەت، پێشمەرگەکانی حیزب لەو مەڵبەندەدا توان ای پێشرەویان لە هێزەکانی خومەینی برِی و لە دەوروبەری جادە و بەرزایی جاتراوێ جێگیر بوون، لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو بۆ سەردانی ئەو ج ەبهە هاتە ئەو مەڵبەندە، بەڵام لە دەشتی خواری سیران , پێشمەرگەکان نەیانهێشت لەو ج ەبهە نزیك ببێتەوەو گەرِایەوە بۆ نێو گوندی هەنداوێ . لەوکاتەدا کە دەیهەویست بە ناو گونددا تێپەرِێ، دیتی ژنێك نانی دەکرد سلاّوی لێکرد و گوتی : بۆ تەنیا تۆ لەو گوندە بەجێ ماوی؟ وەلاّ می دایەوەو گوتی : تەنیا دەمهەوێ نان بۆ پێشمەرگەکان بکەم . لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو بە چاوی پرِ لە خۆشەویستی چاوی لێکردو گوتی : ئەی ئافەرین کچی کورد . بە دوا ئەوەدا سواری جیبێك بوو و بەرەو رەبەت کەوتەرێ.

**ئەنترناسیۆنالیست**

قاسملوو پەیوەندی زۆری لەگەڵ حیزبە سوسیالیست و سوسیال دێموکراتەکانی ئورووپای رۆژئاوادا هەبوو . ساڵی 1976 چوە دەفتەری حیزبی سوسیالیستی فەرانسە و لەوەبەدواش لە کۆنگرەکانی ئەو جیزبەدا

بەشداری کردو سەرئەنجامیش توانی لە رێگای ئەو دۆستانە لە ساڵی 1989دا وەك نوێنەری حیزب و میوان بچێتە کۆنگرە ی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست. کە لە "لیما"ی پێتەختی "پیرۆ" پێك هات، بەدوا ئەوەشدا جارێکی دیکە لەو کۆنگرەدا بەشداری کردو سەرئەنجام پاش خۆی بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو حیزبەکەی لەو کۆنگرەدا بەشداری کردو بە رادەیەکی زۆر دەنگی پێدراو رەسمەن بە ئەندامی نازر لە ئەنتەرناسیۆنالیست دا وەرگیرا.



## سەرکردەی نەمر قاسملوو
## خاکە لێوەی 1365 بنکەی ڕادیۆ لە گەورە دێی باشووری کوردستان

### بەشی سێهەم
### کۆنگرەی هەشت

ڕۆژی 28ی بەفرانباری 1366 کە کۆنگرەی هەشت بەسترا، کێشەیەکی توووند لەو کۆنگرەدا هاتە پێش کە ئەویش شێوەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بوو.

قاسملوو پێی وابوو لەگەڵ هێندێك کەس ناتوانێ لە ڕێبەرایەتی حیزب دا کار بکا . هەر بۆیەش لیستەیەکی بۆ کۆمیتەی ناوەند هێنایە گۆڕێ. بەڵام ئامادەی ئەوەش بوو کە مخالیفانی بۆ خۆیان لیستێك بێنە گۆڕێ و کام لیست زۆرایەتی هێنا ببێتە ڕێبەرایەتی حیزب . بەڵام مخالیفانی ئەو بۆچوونەیان ڕەدکردەوەو دەیانگوت دەبێ قاسملوو لە هەر دوو لیست دا هەبێ ، بەڵام قاسملووش ئەوەی قبووڵ نەبوو کە سەرئەنجام پەنا بۆ دەنگ وەرگرتن براو زیاتر لە نیوەی ئەندامانی کۆنگرە دەنگیان بە لیستی قاسملوو دا. بەڵام شەش کەس لە مخالیفان کە لە لیستی قاسملوودا بوون بە پیی قەراری پێشتریان لەو لیستە کشانەوەو سەرئەنجام بەم جۆرە هەڵبژاردن بۆ وانەی مابوونەوە دەستی پێکراو ئە ندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژا ردران و لە کۆتایش دا قاسملوویان بە سکرتێر هەڵبژا ردەوە، بەڵام سەرئەنجام کار گەیشتە ئەوە کە مخالیفەکان لە 1367/1/1 بەیاننامایەکیان دەرکرد و مەوجوودییەتی خۆیان لە ژێر ناوی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ڕاگەیاند و درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیاندا. بەڵام سەرئەنجام بە خۆشیەوە هەوڵ و ماندووبوونی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەو چەند کەسی دیکە، ئەوانە گەڕانەوە نێو حیزب و

هیچ ناوێك له‌ ڕێبه‌رایه‌تی شۆڕشگێڕ نه‌ماو ئه‌وان بۆ ماوه‌ی یه‌ك دوو ساڵ وازیان له‌ به‌رپرسایه‌تی هێناو بنه‌ماڵه‌ی گه‌وره‌ی حیزب وه‌سه‌ریه‌ك كه‌وته‌وه‌، به‌ڵام پاش نزیك ده‌ساڵ به‌ داخه‌وه‌ ئه‌وانه‌ی كه‌ هه‌ر له‌سه‌ره‌تاو كۆنگ ره‌ی ده‌وه‌ یه‌ك ریزی حیزببان پێ خۆش نه‌بوو پاش چه‌ند س الّ حیزبی دێموكراتیان له‌ت كرد كه‌ نموونه‌ش بۆ ئه‌وه‌ جگه‌ له‌ هه‌موو فه‌رق و جیاوازی‌یه‌ك له‌ نێو ریزه‌كانی حیزب دا، ڕۆژی 13ی خه‌رمانان كاك مسته‌فا هیجری له‌ كۆبوونه‌وه‌یه‌كی گشتی حیزب دا گوتی: ده‌كرێ دوو حیزب بین !!! كه‌ سه‌ر نجام خه‌ونه‌كه‌ی وه‌دی هات و حیزبی دێموكراتی تووشی دووله‌ ت بوون لێودو خه‌ڵكی كوردستانی نائومێد كرد.

**پرسیارێك له‌ هاشمی كه‌ریمی**

كاك هاشمی كه‌ریمی كه‌ ئه‌و كات ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسی حیزبی دێموكرات بوو و یه‌كێك له‌ مخالیفانی لیستی فیكس بوو و ئێستا له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات ده‌ژی، پاش ئه‌و جه‌ریانه‌ كه‌ له‌ باره‌ی كاك دوكتور قاسملوو پرسیاری لێده‌كرێت و ده‌ڵێن له‌ نێو ڕێبه‌رایه‌تی حیزب دا كامیان زۆرتر شوێنیان له‌ سه‌ر داناوی؟ ده‌ڵێت: له‌ نێو ڕێبه‌رانی حیزب دا شه‌هید دوكتور قاسملوو زیاتر له‌ هه‌مووان شوێنی له‌ سه‌ر داناوم . له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی كاتێك چوومه‌ كوردستانی عێراق، هه‌رچه‌ند لیسانسی حقوقیی سیاسیم هه‌بوو و پێشتریش كاری سیاسیم كردبوو. به‌ڵام له‌ واقع دا ئه‌زموونی سیاسی و حیزبی ئه‌وتۆم نه‌بوو. جگه‌ له‌ ڕێبه‌رایه‌تی حیزب له‌ عێراق به‌گشتی شه‌هید دوكتور قاسملوو كه‌ هه‌م مامۆستای زانستگه‌و مرۆڤێكی زاناو هه‌م س اڵه‌ها ئه‌زموونی سیاسی و حیزبی هه‌بوو، بێ گومان شوێنی له‌ سه‌ر هه‌موان "ڕێبه‌رایه‌تی" داناو ئه‌گه‌ر شتێك له‌ حیزبایه‌تی دا فێر بووبم به‌شی زیاتر به‌ر قاسملوو ده‌كه‌وێ.

**كۆمه‌ڵه‌ی كوردستانی باشوور**

پێش لە ساڵی 1983 کۆمەڵەی باشووری کوردستان ناخۆشی نێوخۆیی تێدابوو. ساڵی 1983 ـ 1984 کە کۆنفرانسی سێهەمی کۆمەڵەی باشووری کوردستان بەسترا و نێوان ناخۆشیەکە توونـد بوو، دوکتور قاسملوو کە بۆ ئەو کۆنفرانسە دەعوەت کرابوو بەشداری تێدا کردو تەئسیری باشی لە سەرچارەسەر کردنی ئەو ناخۆشی یەی نێو کۆمەڵە دانا.

## دوو بۆچوونی قاسملوو

تەقریبەن ساڵێك پێش بەستنی پەیمانی ئەلجز یرە لە بارەی عەمەلی مستەفا بارزانی نەمر، دروست لە ئۆکتۆبەری 1973دا، دوکتور قاسملوو دەڵێت : ئەوەی خوێندەواران و سیاسەتمەداران و منیش بەعزە جارێك دەرکمان نەکردبوو ئەوە بوو کە: بارزانی تەنیا کەسێك بوو کە توانی بووی خەڵکی بێ سەودای باشووری کوردستان لە گوندەکاندا کە دەیانبینین لەگەڵ رێبەری جووڵانەوەی کورد پێوەند بدا . بەڵام پاش پەیمانی ئەلجز یرە تەجدیدی نەزەری کردو پێی وابوو کە دەبوایە ئاش بە تاڵ رانەگەێندرابا و پ ێی وابوو گەلی کورد لە باشووری کوردستان دەیتوانی خۆی رابگرێ و دیفاع بکات.

## نامە بۆ دەبیری سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان

چەند مانگ پاش کۆنگرەی هەشت کە خومەی نی بڕیارنامەی 598ی ئەنجوومەنی ئاسایشی بە ناچار قبووڵ کرد و حیزبی دێموکرات بە گەرمی پێشوازی لەو ئاڵوگۆڕی لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێر اقدا کرد. لە رۆژی 1998/8/3 (1367/5/12) دوکتور قاسملوو بەم شێوەی خوارەوە نامەیەکی بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەك ان ناردو لە نۆ ساڵ شەڕی خومەینی لە کوردستان و کوژرانی چل هەزار کەسی بێدیفاع لە خەڵکی کوردستان و هەزاران کەس ئاوارەو وێران کردنی دەیان گوند و دامەزراوە ئابووریەکان و ناردنی دووسەد هەزار چەکدار بۆ کوردستان و سێ هەزار

مۆلگە لە کوردستان و کردنی   بە  پادگانێکی گەورەی نیزامی و بە تەواوی میلیتاریزە کردنی ئاگاداری کرد و لەمەر  داخ وازەکانی گەلی کورد کە مافێکە مەنشووری رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان   بە رەسمی دەیناسێ ئاگاداری کردەوە، بەلاّم هەرچەند پێشوازی لە کۆتایی پێهاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق دا لکرد، رای گەیاند کە شەڕ لە ئێران  دا کۆتایی پێ نەهاتوە و گوتی: کاتێکیش ئاشتی هەموو سنوورەکانی عێراق و ئێران نەگرێتەوە شەڕ کۆتایی پێ نایەت و هەو   ڵەکان لە ناوچە دا مسۆگەر نابن و بوونی چەند هەزارپێشمەرگە لە کیلومترها سنووری کوردستان دەتوانی هەڕەشە  لە ئاشتی بکا  کە مافی نەتەوەکەیان لە بەرچاو نەگیرێ کە           43  ساڵە رۆڵەکانی کوردستان خەباتی بۆ دەکەن . هەروەها گوتی: ئێوە کە  بە  نێوی سکرتێری گشتی رێکخراو ە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی دیفاع لە مافی مرۆڤ و هەروەها دیفاع لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانتان لە سەر شانە          ، دەزانن کە نابێ کۆتایی هاتنی ئەو شەڕە لە سەر حیسابی کورد تەواو بێ، ئێمە رادەگە  ێنین   کە خەڵکی کوردستان بڕیاریان داوە بە هەموو ئیمکاناتیانەوە لە داخوازە رەواکانیان و مەوجوودییەت و مافی خۆیان دیفاع بکەن و ئێوە بۆ دابین کردنی ئاشتی بەردەوام و سەقامگیرکردنی هێمنایەتی لە ناوچەدا دەبێ سەرنج بدەنە مەرجەکانی دابین کردنی ئاشتی لە کوردستانیش،  بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیار نامەی       598، دەبێ مەسەلەی کوردیش لە د  ەستووری وتووێژەکاندا بێ و مەسەلەی کورد لە ئێراندا مەسەلەیەکی ناوخۆیی نیە.

**بیــــــــرەوەری**

زستانی 1367 کە لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو بە مەبەستی کاری حیزب لە دەرەوەی وڵات بوو، دەورەیەکی سیاسی بە مەبەستی پەروەردە کردنی کادر

کە دەورە حەوت بوو ، لە پشتی بۆڵێی باشووری کوردستان لە بناری قەندیل دەستی پێکرا . لە کاتی داب ەشکردنی دەرسەکانی ئەو دەورەیە به سەر ئەندمانی رێبەرایەتیدا، هەر چەند دوکتور قاسملوو لە دەرەوە بوو، گوتنەوەی سیاسەتەکانی حیزب بۆ ئەو دانرابوو. لە کۆتایی دەورەکە دابووین کە کاك دوکتور قاسملوو لە دەرەوەڕا گەڕایەوە سەرکردایەتی حیزب لە بۆڵێ. رۆژی 1367/12/15 کە بەفرێکی یەکجار زۆر باری بوو و زستان زۆر سەخت بوو و رێگای دەبیرخانەش ب ۆو شوێنەی دەرورەکە یەك چارەگە ساعەت بە پێیان دوور بوو و ئەو رۆژەش قەرار بوو کاك دوکتور بێت و دەرسی سیاسەتەکانی حیزب بۆ ئێمە بلێتەوە، پێمان وابوو لە بەر ناخۆشی رۆژەکە نایە . لە دەری ژووری کلاسەکە کە رادەمان 48 کەس بوو و خەریکی تۆپ تۆپێنێ بەفر بووین لە پڕ کاك دوکتور دەرکەوت پۆتینێکی درێژی لە پێ دابوو، پاڵتۆیەکی درێژی لە بەردابوو، هەروەك هەمیشە جامەدانەکەی بە سەرەوە بوو، لە بەر دەرگا بە ریز وەستاین و گەیشتێ و مەرحەبایی کردین و گوتی : پێتان وابوو نایەم؟ نا د ەبێ ئەرك ناس بین، وەخت شناس بین، زۆر سارد بوو سۆبەشمان نەبوو، بۆ ماوەی سێ رۆژ لە سەر سیاسەتەکانی حیزب قسەی بۆ کردین، یەکجار ز ۆر لەگەڵماندا روو خۆش بوو، قەت قیافەو وتەکانی لە یادم ناچێ . یەکێك لە هاوکلاسەکانمان شەهید مراد بوو، زۆر زیرەك بوو، لە کاتی ئەوەدا کە کاك دوکتور پرسیاری لێدەکرد زۆر جوان و زیرەکانە وەڵامی دەدایەوە. لە کلاسێك دا کە پرسیاری لە کاك دوکتور کرد، کاك دوکتور چاوی بە پشتێنە رەشەکەی کەوت کە بەستبوو ی. کاك دوکتور بە عینوانی شۆخی گوتی : من وەڵامی پشتێن رەشان نادەمەوە . بەڵام پاش چەند چرکەیەك گوتی : نا وانیە، بەڵام دەبێ ئەو پشتێنە رەشە دانێی . شەهید مراد گوتی: کاك دوکتور هەر ئەو پشتێنەم هەیە. کاك دوکتور دەستی

بۆ پشتێنەكەی خۆی بردو گوتی : ئەگەر دەورەكەت تەواو بوو، بە دەبیرخانە داوەرە ئەو پشتێنەی خ ۆمت دەدەمێ. بەڵام دەبێ پشتێنەكەی خۆت بۆ من بێنی، مەبەست لەوە ئەوەیە كە قاسمل ووی نەمر شتی رەشی پێ جوان نەبووچونكە بە نیشانەی رەشپۆشی دەزانی و بێزیشی لە رەشپۆش دەكرد . لە هەموو ماوەی پێشمەرگایەتیم دا بە قەت ئەو سێ رۆژە خۆشحاڵ نەبووم . چونكە سەركردەی گەورەمان هێندە سادانە لە گەڵماندا دەدوا . بۆ ماوەی سێ رۆژ كە مامۆستام بوو بە قەدەر دەساڵ پێشمەرگایەتیم لە باری سیاسی و حیزبلیەتی دا لێی فێر بووم.

**چەند رستەیەك لە سەر مامۆستا گۆران** :

دوكتور قاسملوو: مامۆستا گۆران گەورەترین شاعیری كورد لە سەدەی بیستەم دابوو. لە بارەی ئەو شاعیرە بەرزە ئەوكات گوتبوویی گۆران بلیمەت بوو نیشتمانپەروەرێكی دڵسۆزو خەباتگێرێكی كۆڵنەدەر بوو، حەیف لە كیس كورد چوو . زۆر جاران گوتراوە گۆران شاعیرێك بوو بۆ شێعری دڵداری دانرابوو. لەو جۆرە شێعرانە دا گۆیا شێعرەكانی بە راستی بەرزن . بەڵام كە دەگەیشتە شێعری نیشتمانی، شێعرێك كە بیروباوەڕی سیاسی تێدایە، پایەیی شێعرەكانی نزم دەبێتەوە . ئەم قسەیە راست نیە . مومكینە ئەم یان ئەو هەڵبەستی گۆران بە رێكەوت وەك شێعرەكانی تری نەبێ . بەڵام هەڵبەستی گۆران نموونەی كەم وێنەو جوانیی ماناو وشەیە . شێعری ئەژدەهاك "لە دواسەرنج دا" كە دەڵێ: (بۆ قژ زەردی بەر دەرگا لە سەر رێی بەندبخانەما لە موسڵەوە بۆ هەولێر ) بەسە بۆ نموونەی ئەم جۆرە شێعرانەی و شاكارێكی بەرزی ئەدەبی كورد بوو كە مێژوویی كورد شاناز ی پێوە دەكا . چونكە ساحەبی هونەرێكی بێ هاوتا بوو، وڵاتی خۆی دەناسی و لەگەڵی ژیابوو، لە ژیان و خەباتی گەل ئیلهامی وەرگرتبوو.

**بۆچوونی سەرداری کـــــورد** :

دوکتور قاسملوو له سەر ستراتیژی جوولانەوەی کوردو وەزعی داهاتووی ئێران و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وەزعی نێ ونەتەوەیی و مەسەلەی جۆراو جۆری دیکە نەزەری خۆی دەداو دەیگوت: له رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا شەڕێك روودەدا کە سیمای سیاسی و جغرافیایی ناوچەکە دەگۆڕێ و کۆنفدراسیۆنێك پێك دێ کە یەکێك لە فدراتویەکان کوردستان دەبێ.

**ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕ گرنگـــە**:

قاسملوو: بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێك گرنگە، ئەوەیە کە نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆ ی بێ و دەبێ هەردەم بتوانێ ئیدیعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوەو لە دەستی هات وە ، لە پێناو شۆڕش، ئازادی و رزگاری نیشتمانەکەیدا کردوویەتی.

**حیزب بۆچی پێك هاتووە** :

دوکتور قاسملوو: حیزبی دێموکرات بۆ وەدیهێنانی سێ ئامانجی گەورە پێك هاتوە و خەباتیشیان بۆ دەکا. یەکەم: لابردنی ستەمی نەتەوایەتیی، دووهەم: لابردنی ستەمی چینایەتی یانی چەوساندنەوەی ئادەمیزادە. حیزبی ئێمە بۆ لابردنی هەموو چەشنە زۆرداریەك تێدەکۆشێ، چەوساندنەوەش و ستەمی چ ینایەتیش بەشێکە لە زۆرداری. هەر بۆیە ش لە بەرنامەی حیزبی ئێمە داهاتوە کە بۆ لابردنی چەوس اندنەوە خەبات دەکەین. بۆ ئەوە کە هەموو چەوساندنەوەیەك واتە چەوساندنەوەی چینایەتیش لە بەین بچێ. تەنیا نان بۆ ژیان شایستەی ئادەمیزادەکان نیە، دەبێ ئازادیشی لەگەڵ بێ . بۆیە ئێمە لە سەرەتاوە بۆ ئازادی خەبات دەکەین . باشە ئەگەر خەڵك نەچەوسێندرێتەوە، نانی هەبێ، بە زمانی خۆی بخوێنێ . بەڵام ئازادیی نەبێ بەو زمانەی خۆی نەزەری خۆی لە سەر وەزعی وڵاتەکەی دەربڕێ، مانای

ئەوەیە ستەمێك ماوە کە ستەمی نەتەوایەتییە . حیزبی ئێمە خەبا ت دەکا بۆ ئەوە ئە و ستەمە سیاسی یەش نەمێنێ، ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی چینایەتی و ستەمی سیاسی هەرسێکیان {دەبێ} لە نێو بچن . لە بەین بردنی ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی چینایەتی و دابین کردنی دێموکراسی و ئازادی , ئەوەیە : ئەو کۆمەڵەی حیزبی دێموکرات خەباتی بۆ دەکا.

## داوای حکوومەتی عێراق لە حیزب و هەڵوێستی مەسئولانەی قاسملوو

لەو کاتەدا کە زیندانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دۆڵەتوو کەوتە بەر پەلاماری فرۆکەکانی دەوڵەتی عێراق و زەرەرو زیانی گیانی و ماڵی لێکەوتەوەو حیزبی دێموکرات بە دەرکردنی بەیانییەك هێرشی حکومەتی عێراقی بۆ سەر زیندان مەحکوم کرد ، داوایان کرد چاویان بە رێبەرایەتی حیزب بکەوێ.

دوکتور قاسملوو لەگەڵ مامۆستا عبداللە حسن زادە کە ئەو کات بەرپرسی بەشی راگەیاندنی حیزب بوو، بەڵام لەو کاتە کە حیزب دەوڵەتی عێراقی مەحکووم کردبوو لەوێ نەبوو، دەچنە کە رکوك تا چاویان بە بەرپرسانی حکوومەتی عێراق بکەوێ . لەو کاتەدا کە وەژوور دەکەون، قاسملوو پێیان دەڵێ: ئەوەش (مامۆستا عبداللە حسن زادە ) بەرپرسی راگەیاندنی ئێمەیە . لەو کاتەدا روو لە مامۆستا دەکەن و دەپرسن: ئەتۆ بووی ئێمەت مەحکوم کردووە، مامۆستا فریا ناکەوێت هیچ بڵێت کە قاسملوو وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێت: ئەمن بووم، ئەمن. ئێوە حەقتان هەیە زیندانی حیزب بۆمباران بکەن و پێشمەرگەی ئێمە شەهید بکەن. بەڵام ئێمە حەقمان نیە ئێوە مەحکووم بکەین.

## سەفەر بۆ ئورووپا

تەقریبەن مانگ و نیوێك پاش ئەو نامە که بۆ سکرتێر ی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی نارد، لە سەرەتای 1367 دا سەفەرێکی سێ مانگەی بۆ ئورووپا کرد . لەو سەفەرەدا سەری لە وڵاتەکانی فەرانسە، سوئێد، چیك و سلۆواکی و ئیسپانیا دا و لەگەڵ زۆر لە کاربەدەستانی پایە بەرزی دەوڵەت و نوێنەرانی حیزبە سیاسی و رێکخراوە بەشەر دۆستەکان چاوپێکەوتنی کردو لەگەڵ دەیان رۆژنامەنووس و هەواڵدەرو رادیۆ تەلەفزیۆن وتووێژی کرد و لە ئیسپانیاش بە دەعوەتی ئەنیستیتۆی هاودەردی لەگەل ئەمریکای لاتین و ئەفریقا، کۆنفرانسێکی لە سەر تەقەوەستانی عێراق و ئێر ان و شوێنەواری ئەو تەقەوەستانە لە سەر جووڵانەوەی گەلی کورد پێك هێناو زیانەکانی ئەو شەڕەی بە یەك میلیۆن کوژراو و بریندارو سەدان شارو دێی وێران و هەزاران قوتابخانەو بنیادی ئابووری لە کەڵك کەوتوو و بە میلیۆن ئینسانی ئاوارەو بێ ماڵ و حاڵ داناو زیانەکانی ماددی ئەو شەڕەی لە سێ سەد هەتا پێ نج سەد میلیارد دۆلار بەراورد کردو شوێنەواری روانیەکەشی بۆ دەیان ساڵ لەمەو بەدوا پێش بینینی کردو باسی چەکە قەدەغەکراوەکانی کرد کە لەو شەڕەدا کەڵکیان لێ وەرگیرابوو . هەروەها باسی کرد کە ئەو شەڕە بو ە هۆی دوژمنایەتییەکی وا کە لەنێو چوونی لە داهاتووی دوورتریش هەر دەمێنێ و زەبرەکانی رووحی و نەخۆشییەکانی رەوانی و لێك هەڵوەشانی بنەماڵەکانی بە ئاکامێکی دیکەی ئەو شەڕە داناو روونکردنەوەیەکی تێرو تەسەلی لە هەموو بوارەکاندا لە سەر کۆماری ئسلام و ناوچەکە داو لە بارەی مەسەلەی نەتەوەی کوردیشەوە قسەی کرد کە راوەستانی ئەو شەڕە نابێ لە سەر کەولّی کورد بێت و جارێکی دیکە مەسەلەی الجزیرە سەر هەڵداتەوەو باسی ئەوەی کرد کە کۆتایی هاتنی شەڕ لە ناوچەکەدا بێ چارەسەر کردنی مەسەلەی

کورد مسۆگەر نابێ و مەسەلە ی 25 میلیۆن کوردی هێنایە گۆڕێ و داوای پشتیوانی بۆ گەلی کورد لە کۆڕو کۆمەڵە بەشەر دوستەکان کرد.
جەگە لەوەش هەر لەو سەفەرە دا کۆنفرانسێکی چاپەمەنی پێك هینا کە زیاتر لە 70 کەس لە نوێنەرانی رۆژنامەو رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی فەرانسە و وڵاتانی دیکەی تێدا بەشدار بوون و لە سەتحێکی بەربلاودا پوختەی قسەکانی بلاو کرانەوە.
جگە لەوەش لەو کۆنفرانسە دا لەگەڵ گەلێك رێکخراوو شەخسی یەتی کوردستان و ئێرانی چاوپێکەوتنی هەبوو و لەگەڵ یاسرع ەرەفات سەرۆکی بەرزی بەرەی رزگاریخوازی فەلەستینیش چاویان بە یەکتر کەوت و پشتیوانی حیزبی دێموکراتی لەو بزوتنەوەیە کە یاسرعەرەفات رێبەری دەکرد راگەیاند و لە وەلا میش دا یاسرع ەرەفاتیش پشتیوانی بەرەی رزگاریخوانەی عربی فەلەستینی لە خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان راگەیاند.
هەر لەو کاتەشدا رۆژی 23ی دیسامبری 1988، رێکەوتی 2ی بەرفرانباری 1363، چاوی بە ماکسیم گر ۆمێتز سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ح یزبی کۆمۆنیستی فەرانسە و بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەو حیزبە کەوت کە هەر لەو کاتەشدا چاوی بە ژان فات بەرپرسی پێ وەندی یەکانی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە بۆ رۆژهەلاتی نێوەڕاست کەوت . لەو کۆنفرانسەدا داوای لە حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە کرد کە چالاکانە لە خەبا تی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان پشتیو انی بکا کە لەوێدا ماکسیم گرۆمێتز سپاسی قسەکانی کرد.

## داوایـــەك

لە 29ی سیپتامبری 1988، بەرامبەر بە 7ی رەزبەری 1367، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نێویۆرك کۆبوونەوەیەکی خۆی گرت.

لەو کۆبوونەوە جیهانی یەدا کە فەرانسۆ میتران سەرۆك کۆماری ئەو کاتی فەرانسە لەوێدا بەشدار بوو، فەرانسۆمیتران لە سەر داوای قاسملوو لە وتاری خۆیدا کە لە سەر تەقە وەستاندن لە نێوان ئێران و عێراق و ئاشتی راستەقینە و بازسازی ناوچەو هاتووچۆ لە خەلیج و تەنگەی هۆرمز دا قسەی کرد، باسی گەلی کوردی کرد و گوتی : لە وەزعێکی ئاوادا چۆن لە فیکری کەمایەتی‌یەکی وەك خەڵکی کورد دا نەبین کە دووقات زەبری لێدراوە.

**هاینس فیشێر**:

وەزیری فەرهەنگی ئەوکاتەی ئوتریش هانیس فیشێر کە یەکێك لە شارەزایانی بە ناوبانگی مەسەلە کوردە، لە وڵامی ئەو نامەی دوکتور قاسملوو دا کە ن وسخەیەکی لە نامەکەی خۆی کە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ناردبوو، دەنووسێ : کاك دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێز سکرتێری گشتی ! دۆستی خۆشەویست ! نامەکەتان بۆ سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە نوسخەیەکیش بە من گەیشت جێگای تەئیدی منە . من وام بە باش زانی نوسخەیەك لە نامەکەی ئێوە لەگەڵ نامەیەك لە لایەن خۆمەوە بە وەزیری کاروباری دەرەوەی و جێگری سەدری ئەعزەمی کۆماری ئوتریش پێشکەش بکەم. لەگەڵ رێزی تایبەتی هاینس فیشێر.

**نامەی هاینس فیشێر بۆ جێگری سەدری ئەعزەمی ئوتریش**

لە سەر خۆشەویستی دوکتور قاسملوو و نا سراو لە نەزەر ئەفکاری ئاشتی خوازی و لە باربوونی کاری دیپل ۆماسی ئەو گەورە پیاوە، زۆر شەخسی یەتی بە ناوبانگی جیهانی بۆ ناساندنی خەڵکی کوردو حەلی مەسەلەی کورد تێکۆشانیان لە خۆنیشانداوە. ئەمەی لێرەدا دێت، دەقی نامەی هاینس فیشێر بۆ جێگیری سەدری ئەعزەمی ئوتریشە.

بۆ بەڕێز جێگری سەدری ئەعزەم "دوکتور ئالڵدیۆموك" !
ویەن: 1988/9/2
جەنابی جێگری سەدری ئەعزەم ! لە چەند رۆژی رابردوودا هێندێك نامە لە لایەن بەر پرسان و نوێنەرانی گەلی کوردەوە بە دەست گەیشتو ە کە نیشاندەری وەزعی دژوارو داخ هێنەری ئەوان لە ئێران و عێراق دایە.
"عبدالرحمان قاسملوو " سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەی خۆیدا ئیشارە بە 40 هەزار قوربانی بێ دیفاع و سەد هەزار ئاوارەو بریندار دەکا. ئیجازە دەخوازم بە دەلیلی ئینسانی لە جەنابت د اوا بکەم لە لایەن ئوتریشەوە لە ئیمکاناتێك کە دەتوانی لەم پێ یە دا فایدەیەکی هەبێ کەڵك وەربگرە هەتا لە پێوەندی لەگەڵ جەریانی سوڵحی ئێران و عێراقدا وەزعی کوردەکان تا ئەو جێگایە مومکینە لە بەرچاو بگیرێ. سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات عبدالرحمان قاسملوو لە نامەی خۆیدا بۆ سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنووسێ : مەسەلەی کوردەکان لە ناوچەکانی سنووری ئێران و عێراق مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئەو دوو وڵاتە نیە و گەلێك لەوە زیاترەو یانی مەسەلەیەکی ئینسانی و مافی نەتەوایەتی گەلێکە و دەبێ رێزی بۆ دا بنرێ و لە ژێر پێ نەنرێ . بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی یەکی بەردەوام لەو مەڵبەندەدا پێویستە لە جەریانی وتووێژ بۆ ئاشتی هێندێك خ اڵ لە بەرچاو بگیرێ کە لە ناوچەکانی کوردستانیش دا دابین بکەن و ئەم مەسەلەیە لە بەڕێوەبردنی بڕیارنامە 598ی شورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بگونجێ و من بە مەیلێکی تەواو ئامادەیی خۆی رادەگەێنم کە لەو پێوەندی یەدا هاوکاریەك بە پشتیوانی لەو مەسەلەیە پێویست بێ لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش و هەروەها لەگەڵ مەجلیسی ئوتریش ئەنجام بدەم.

**لەگەڵ رێزی زۆر**

**هاوس فیشێر**

## کۆبوونەوەی شوورای ئەنتەر ناسیۆنال سۆسیالیست

رۆژەکانی 6 و 7ی دیسامبری 1988 بەرامبەر 15 و 16ی سەرماوەزی 1367، شوورای ئەنت ێرناسیۆنال سۆسیالیست کە لە پاریس پێتەختی فەرانسە کۆبوونەوەیەکی خۆی بەست و زیاتر لە 70 دەستەی نوێنەرایەتی لە زۆر ناوچەکانی جیهانەوە بۆی چووبوون، قاسملووش بەشداری تێدا کرد.
پاش هێندێك بڕیار لە پێوەندی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا وەزعی ئەمریکای لاتین و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقای جنووبی، لە سەر پێشنیارێك کە باس لە بارەی وەزعی نەتەوەی کورد پاش تەقە وەستان لە نێوان عێراق و ئێران دا خرایە بەر نەزەری شۆراو سەرئەنجامیش پێشنیارەکە یەك دەنگ قبووڵ کرا، دوکتور قاسملوو لە جەریانی ئەو باسەدا لە سەر هەل و مەرجی ئەوکاتی گەلی کورد وتارێکی پێشکەش کرد کە ل ە لایەن بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بە گەرمی پێشوازی لێکرا.
قاسملوو لە وتارەکەیدا گوتی: گەلی کورد لە مافەکانی دێموکراسی، نەتەوەیی، ئینسانی خۆیی بێبەشەو یەکێك لە زۆر لێکراوترین گەلانی جیهانەو پێویستی بە هاوکاری و هاودەردی و پشتیوانی ئەنتێرناسیۆنالیست و هەموو هیزو شەخسیەتە دێموکرات و ئازادیخوازانی جیهان هەیە، پاش ئەو قسانە، ویلی برانت سەدری ئەعزەمی پ ێشووی ئاڵمان و سەرۆکی ئەنت ێرناسیۆنال سۆسیالیست زۆر بە گەرمی تەئیدی قسەکانی دوکتور قاسملووی کردو گوتی : هەل و مەرجی خەباتی گەلی کورد رێگای دوورە، بەڵام ئە نترناسیۆنال سۆسیالیست لە داهاتوودا بۆ دیفاع لە مافە رەواکانی گەلی کورد ئامادەی هەموو چەشنە هاودەردی و هاوکارییە کە . جگە لەوەش هەر لەو سەفەرەدا

شەوی 17ی سەرماوەزی 1367، رادیۆ بی ـ بی ـ سی , وتووێژێکی لەگەڵ کردو بڵاوی کردەوە. هەر لەو سەفەرەدا وتووێژێکی لەگەڵ بڵاوکراوەی "راه ارانی" ئۆرگانی حیزبی دێموکرتیکی خەڵکی ئێران کردو وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە کە دەقی وتووێژەکە لە ژمارە 145ی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب دا هاتووە و بڵاوکراوەتەوە.

## پـــــەیـــــام

دوای گەڕانەوەی قاسملوو لەو سەفەرە بۆ کوردستان . لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی 22ی ڕێبەندانی 1357، ساڵرۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ، پەیامێکی بۆ خەڵکی خەباتگێری کوردستان نارد و سەرکەوتنەکانی گەلی کورد و شکەستەکانی کۆماری ئیسلامی تێدا باس کردن و سەرکەوتنی زیاتری گەلی کوردی بە سەر دوژمناندا بە ئاوات خواست و لە دەنگی کوردستان بڵاو بۆوە.

## نامە بۆ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت

لە مانگی فیوریەی 1989 دا ئیدوار شوارد نادزە، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی سۆڤیەت، سەفەرێکی بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاسرت کرد. قاسملوو لە 20ی فیوریە ( 1ی رەشەممەی 1368 ) نامەیەکی بۆ ناردو بە بۆنەی هاتنی بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەخێرهاتنی پێ گوت و دەورانی گلاسنۆست و پریسترۆیکای بە گۆڕانی گەورە لە سیاسەتی نێوخۆو دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت داناو هیواداری دەربڕی کە یەکەم سەردانی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت کە ببێتە هۆی چارەسەکردنی گیروگرفتەکان و بەرقەراری و ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. هەر لەو نامەدا مەسەلەی 25 میلیۆن کوردی بۆ هێنایە روو و بە یەکێك لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ی داناو وەزعی کوردستانی لە بارەی ئەوە کە لە لایەن چوار وڵاتەوە دەچەوسێتەوە بۆ

نووسی و ئیشارەی بە خۆڕاگری و ئاشتی خوازی گەلی کورد کرد کە بۆ مافە ئینسانیی یەکان تێدەکۆشن کە ئەو مافە لە بەیاننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئیشارەی پێکراوەو گۆنجاوە . بۆ جارێکی دیکەش ئەوەی باسی لێکرد کە بە دوای بریارنامە 598 دا کە تەقە لە نێوان ئێران و عێراق دا راگیراوە شەڕ لە ولاّ تی ئێمەدا تەواو نەبوە و تا وەدیهاتنی دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان هەروا درێژەی دەبێ و شەڕ ئەوکاتە تەواو دەبێ کە داخوازەکانی گەلی کورد سەرنجیان بدرێت ێ و مەسەلەی کورد لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە جێ بەجێ بکرێ کە بێ ئەوە سولّحێکی درێژخایێن لە رۆژهەلاّتی نێوەڕاست دا مومکین نابێ بە تایبەت ئەگەر لە بەرچاو بگرن چونکە پتر لە 500000 کیلۆمتر لە سنووره دەستکردەکانی ئێران و عێراق بە کوردستاندا تێ دەپەڕێ و زۆری لە ژێر کۆنترۆلّی پێشمەرگە دایە، لە کۆتایی نامەکە شدا هیواداری دەربڕی بوو کە لە مەر پشتیوانی لە داخوازەکانی گەلی کورد لە هیچ هەولّ و سفارشیك بە مەب ەستی گەیشتن بە ڕێگا چارەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد درێغی نەکەن.

**بەشداری لە هەژدەهەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دا**

لە رۆژەکانی 22 و 20 ژوئەنیی 1989 30ی جۆزەردان تا 1ی پوشپەڕی 1368 کە هەژدەهەمین کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست کە لە شاری ستۆکهۆلّم پێتەختی سوئێد پێك هات و هاوکات لەگەلّ دووسەدەمین سالّرۆژی شۆڕشی فەرانسەو دروشمەکەی بریتی بوو لە پێشوازی سەدەی تازە و زیاتر لە سەد حیزبی سۆسیالیست و بزووتنەوەی رزگاریخوازانە کە 17 حیزبیان هەریەکەیان لە ولاّتی خۆیاندا حکوومەتیان بە دەستەوە بوو، تێیدا بەشدار بوون، لە سەر بانگهێشتنی پێشووی ئەنت ەرناسیۆنال سۆسیالیست، دەستەی نوێنەرایەتی حیزب بە سەرۆکایەتی قاسملوو وەك میوان لەو کۆنگرەدا

بەشداری کرد. لە ماوەی سێ رۆژ کاری کۆنگرەدا دوکتور قاسملوو لەگەڵ زۆر شەخسیەتی گەورەی سیاسی وەك "ویلی برانت" سەرۆکی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست و "پییەر مۆروا " سکرتێری یەکەمی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە و "ئیگۆوار گارسۆن" سەرۆك وەزیری سوئێدو "ئیستین ئاندرستۆن" وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەو وڵاتەو دوکتور "هاینس فیشێر " وەزیری فێرکردنی بەرزی ئوتریشی و "یکتۆ ویکێن" نوێنەری حیزبی کۆمۆنیستی شورەوی و زۆری دیکە لە نوێنەرانی کۆنگرەکە قسەی کردو وەزعی ئەو کاتی کوردستانی بۆ باس کردن و هەر لەو دەرفەتەشدا لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیدا بەشداری کردو زۆر وتووێژی چاپەمەنیی و رادیۆو تەلەفزیۆنی لەگەل هەواڵدەرانی چاپەمەنیی و رادیۆ تەلەفزیۆنی وڵاتان پێك هێنا . جیا لەوەش هەر لە و سەفەرە دا معصوومەی صلرفەش وتووێژێکی دورودرێژی لەگەڵ پێك هێناو وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

**نیازی سەفەر بۆ ئەمریکا**

دولئتور قاسملوو لەو سەفەرەی دا دەی هەویست بچێتە ئەمریکا . چونکە زۆر رێکخراوی سینفی و پارلمانتار لە کۆشکی سپی بۆ ئەمریکا دەعوەتیان کردبوو. هەربۆیەش رۆژی 8ی ژوئیە پاسانپۆرتی ئەو سەفەرەی بۆ ئەمریکا وەرگرتبوو. قاسملوو دەی هەویست لەو سەفەرەدا بۆ ئەمریکا، لە هەموو جێ یەك بانگی یەکگرتن بداو بڵێ : ئێستا ئیدی کاتی دەست وێکدان و یەکبوونە.

**وتووێژی یەکەم**

پاش قبوولکردنی برِیارنامەی 598ی شوورای ئەمنییەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە زستانی 1367دا، رێژیم لە تەریق مام جەلالەوە داوای وتووێژ کردو حیزبی دێموکراتیش ئامادەیی خۆی دەربرِی و لە زستانی ئەو ساڵەدا سەحرارودی مستەفەوی چوونە وین قاسملوو بە بەشداری مام جەلال

و ئەحمەد بن بلا، سەرۆك کۆماری پێشووی ئەلجزیرە ، لە یەکەم ڕۆژەکانی ساڵی 1989 دا کە ئەندام و لایەنگرانی یەکیەتی نیشتمانی پاریزگاریان لێکرد، لەگەڵ ر ێژیم دەستی بە وتووێژ کرد . بەڵام هەرچەند شتێك لەو وتووێژە وەدەست نەهات دووبارە بۆ جارێکی دیکەش دانیشتەوە بە دوای ئەوەشدا لە 1989/1/19 بەبێ مام جەلال و بە بەشداری ئەنوشێرەوان مستەفا دانیشتەوە .

## وتووێژی دووهەم

لە نێوەراستی بەهاری 1368دا کە دوکتور سا دق شەرەفکەندی لە دەرەوەی وڵات بوو، رێژیم دووبارە داوای وتووێژی کردەوە کە دەوری دووهەمی دانیشتن و وتووێژ دەست پێ دەکاتەوە . دەفتەری سیاسی حیزب پێشنیاری کرد دوکتور سەعید لەو وتووێژەدا بەشداری بکا . بەڵام رێژیم رەدی کردەوە و گوتی: تەنیا لەگەڵ دوکتور قاسم لوو وتووێژ دەکا . ئەوەی جێگەی داخە ، دەفتەر سیاسی لە قسەی رێژیم تێبینی ناکا و بە دوای ئەوەدا لە دوا ڕۆژەکانی لە بەهاری ساڵی 1368 قاسملوو بۆ کاری حیزبی و بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیونال سۆسیالیست چ وە دەرەوەی وڵات. رێژیم لە رێگەی دوکتور فازل مەلا مەحمود داوای درێژە پێدانی وتووێژی لێکردەوە. کە دکتور فاضل لە 1989/6/27 بە تەلەفون قاسملووی لەوە ئاگادار کردو قاسملووش قبووڵی کرد بەڵام کە لە فەرانسە بێ . رێژیم ملی نەداو لە دوایدا قاسملوو قەولی بە فاضل دا کە 11ی ژوئیە بچێتە ئوتریش بەڵام ڕۆژی 1989/6/30 فاضل بۆ خۆی دەچێتە فەرانسە بۆ لای قاسملوو و هەر لەوێش ڕا بزورگیان لە ئامادەبوونی قاسملوو بۆ دانیشتن ئاگادار دەکا . دروست لەو کاتەدا لە 1989/7/6 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕادەگەیێنێ کە ڕۆژی 1989/7/14 ڕۆژی چلەی مەرگی خومەینی یەو ئەگەری کاری

تیرۆریستی هەیە رۆژی 1989/7/10 سەرحرارودی دەچێتە وین و رۆژی دواتر دەچێتە ئەو هوتێلە کە مستەفا ئەجوادی ( مستەفەوی ) لێ جێگیر دەبێ لەو کاتەدا کە قاسملوو دەیهەوێ لە فەرانسە ڕا وەرێ بکەوێ، هێلین ـ ی هاوسەری کە ئاگادرای ئەوەی دەکا بۆچی دە چێ، بە دوکتور قاسملوو دەڵێ‌ت: هەست بە مەترسی ناکەی؟ دوکتور قاسملوو پێی دەڵێت: هەموو تێبینی یەکی ئەمنی‌یەتی کراوەو جێگای نیگەرانی نیە . ئەو قسەیە وادەگەیێنێ کە ئەمنیەتەکە لە لایەن ئوتریشەوە بوو بێ.

رۆژی 11ی ژوئی‌ە قاسمل‌وو دەچێتە وییەن و چاوی بە دوکتور فاضل دەکەوێت و دەچێتە لای ھ اوڕێیانی حیزبی. رۆژی دواتر بێ ئەوەی رێگا بدا هاورێیانی حیزب لە وییەن لەگەڵیدا بچن یا پێیان بڵێ دەچێتە کوێ . لەگەڵ عەبدوڵڵای قادری و دوکتور فازل بە مەبەستی وتووێژ لەگەڵ رێژیم دەکەونە ڕێ و رۆژی 1989/7/12 لەگەڵ پاستارەکانی کۆماری ئیسلامی کە خۆیان خستبوە لیباسی دیپلۆماسی , دەکەوێتە وتووێژ و لە سەرەتادا صحرا روودی قسە دەکا و بە دوا ئەویشدا دوکتور قاسملوو قسە دەکا و جوملەیەکی زۆر باش لە وێدا دێنێ کە ئەوە دەری دەخا چۆن چۆتە ئەو وتووێژە کە ئەویش ئەوەیە: بە صحرا روودی دەڵێ: ئەوە ئێوە نین کە دەتوانن مەسەلەی خەڵکی کورد حەل بکەن . ئەوە ئەوانەن کە لە ناوخۆی وڵات لە نوێژی جمعەدا قسە دەکەن. وتووێژ ھیچی لێ شین نابێ و رۆژی 13ی ژوئیە بۆ پاشماوەی باسەکە دادەنێن . دروست ئەو رۆژە 13 ی ژوئیە سعات چواری پاش نیوەرۆ قاسملوو لە گەڵ عەبدولای قادری لە وین دەچنە وەزارەتی نێوخۆی ئوتریش و چاویان بە سەرۆکی بەڕێوەبەری گشتی ئەو وەزارەتە دەکەوێ و هەر لەوێش ڕا دەچنە شوێنی دانیشتنەکە ئەو رۆژە سەر لەنوێ صحرا روودی دەست پێ دەکاتەوە کە قسەکانی هیچ پێوەندی‌یەکیان بە

وتووێژەکەوە نابێ، بەدوا ئەوەدا حاجی مصطفوی دەست پێ دەکا و وەخت کوژی دەکەن. دیارە لە باسەکاندا هیچیان پێ نابێ و چاوەڕوانی کاتی دیاری کراوی خۆیان دەبن و لە ئاشتی خوازی قاسملوو کەڵکی خراپ وەردەگرن و سەرئەنجام هەڵدەکێشنە چەکی تەیار بە ئامرازی دەنگ کپ کەرو لە سەعات حەوت و بیست دەقیقەی ئێوارەی ئەو ڕۆژە دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دەدەنە بەر دەستڕێژو ناجوانمێرانە شەهیدیان دەکەن ، بەڵام لە کاتی دەست کردنەوەی عبدڵای قادری دا یەکێك لە تیرۆریستەکان بە ناوی جعفر سەحرا ڕوودی جێگری سەرۆکی ئیتلاعاتی نێوخۆیی پاستارانی شۆڕش لە کو ردستان بەر دەستڕێژی خۆیان دەکەوێت و بریندار دەبێ و سەعات حەوت و سی و حەوت دەقیقە پۆلیس دەگاتێ و دەکەوێتە بەر دەستی پۆلیسی ئوتریش و لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی و یەن دا بەستەری دەکرێ . بەڵام ڕۆژی 14 ی ژوئیە بەهۆی فشاری وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش بۆ سەر دادگای ویەن و پۆلیسی ئەو وڵاتە لە لایەن پۆلیسی ئوتریشەوە ئیجازەی هاتنە دەری پێدراو چوە سەفارەتی ئێران لە وییەن و لە 22 ژوئیەدا پاش 7 ڕۆژ دوای ئەو کارەساتە بە هاوکاری دەوڵەتی ئوتریش گەڕێندرایەوە ئێران.

ئوتریش لە شەهید کردنی ئەوانە دا بێ تاوان نەبوو . بۆیەش ملی بۆ ڕاستیەکان نەدا، ئەوەتە مەسحوود محمەمەد دەڵێ دڵنیاتر هۆش و زمانی گیراوە لە بابەت وتووێژ . وتووێژەکان لە سەر کاسێت تۆمار کراون و ئێستا لە دەست بەرپرسانی حیزبی دێموکرات دان. کە ڕۆژنامە ی لۆمندی فەرانسە ڕۆژی 1ی ژانوەی 1991 بڵاو کردەوەو گۆڤاری ئارشیش لە ژمارەی 65ی خۆیدا بڵاوکردەوەو خستیە بەر دیدی خوێنەران.

تەرمی قاسملوو و هاوڕێیانی بۆ پاریس بەرێ کراو 20 ی ژوئیە لە پیرلاشێز بە ئەمانەتی بە خاك سپاردران کە بێرنار کۆشنێر و توماس هامیر بەرۆگ

پلتریك بو دوان له مەراسمی به خاك سپاردنی دا بەشدا ریان كرد . بەدوا ئەوەدا كه هەواڵی شەهیدبوونی بڵاو بۆوه به هەزاران كەس به نامه و تلگراف پێوەندییان به دەفتەری حیزب له پاریس گرت و سەرەخۆشی خۆیان له خەڵكی كوردستان و بنەماڵه ی شەهیدان و ح یزبی دێموكرات كردو زیاتر له سەدان شاعیرو نووسەرو شەخسی‌یەتی سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبی و هونەری و رێكخراوەی سیاسی كوردستانی و ئێرانی و جیهانی به پەیام سەرەخۆشی خۆیان له بنەماڵەو كەس و كارو خەڵكی كورد بەگشتی كردو كردەوەی كۆماری ئیسلامی و هەڵوێستی دەوڵەتی ئوتریشیان مەحكووم كرد . مانگێك پاش شەهید بوونی قاسملوو له 2ی خەرمانانی 1368دا رێبەرایەتی حیزب لەسەر ئەو كارەساتەو بێ هەڵوێست بوونی دەوڵەتی ئوتریش نامەیەكی بۆ سەدر ئەعزەمی ئوتریش نارد كه تاوانباران به بیروڕای گشتی جیهان بناسێنی.

به داوی ئەو جینایەته سامناكەدا، به دژی هەڵوێستی دەوڵەتی ئوتریش و مەحكووم كردنی كۆمار ی ئیسلامی، به هەزاران كەس له خەڵكی ئێران و كوردستان و زۆر له خەڵكی جیهان دەنگیان بەرز كرد و له ك وردستان و وڵاتانی ئورووپایی دا خۆپێشاندانیان وەرێ خستن.



سەرکردەی نەمر قاسملوو

25 ی گەلاویژی 1364

## بەشی چوارەم

### قسەی یەکێك لەو کەسانە کە بە چ اوی خۆی شوێنی رووداوەکەی 13ی ژوئیەی لە وییەن بینیوە

رووداوەکە سەعات 7ی ئێوارەی رۆژی 13ی ژوئیەی 1989، لە وییەن لە ئاپارتومانی ژمارە 12، نهۆمی سێهەمی ساختومانی ژ مارە 5، هەڵکەوتوو لە شەقامی لینکەیان رووی دا.

با لێرەدا سەرنج بدەینە قسەی کەسێك کە بەچاوی خۆی شوێنی رووداوەکەی دیتوەو دەڵێت: لە پێش دا بە منی گوت (یانی قاسملوو پێی دەڵێ ) سەعات 7:15 دەقیقەی دوا نیوەڕۆ بە دوایدا بچم . بەڵام پاشان بڕیارەکەی گۆڕی و گوتی: 7:30 دەقیقەی دوانیوەڕۆ، بە پێی قەرار چووم. دەبوایە کاك دوکتورم بردبایە ماڵی دۆستێك، چونکە هەموو دۆستان لەوێ کۆببوونەوەو قەرار بوو قسەیان بۆ بکا.

نیزیکەی نیو سەعات چاوەڕوانی دوکتورم کرد. کاتێك بوو بە 7:30 دەقیقە، بۆ خۆم بە خۆم گوت : ئەوە ئاسایی نیە . پاش 7:30 دەقیقە، تاڕادەیەك هەستم بە نیگەرانی کرد بۆی سواری ماشێن بووم و وەدوای تەلەفوونی گشتی کەوتم. تەلەفوونم بۆ ماڵی ئەو دۆستە کرد کە بزانم دوکتور لەوێ نیە . دیسان گەڕامەوە بۆ شوێنی قەرارەکەمان . لە رێگای گەڕ انەوە دا بۆ شوێنی قەرارەکەمان، سەیرم کر د خەڵك کۆبوونەوە بینیم پۆلیس شەقامی گرت وە. ماشێنی پۆلیسان سەرانسەر شەقامەکەیان گرتبوو، لە بەر ئەوەی ترافیکێکی گەورە خەریك بوو دروست دەبوو، دەورێکم بە کۆڵانێکدا لێداو دیسان

تەلەفوونم بۆ هاورێکانم کردەوە و پێم گوتن : دوکتور قاسملوو نەگەیشتۆتێ و وەدرەنگی کەو تووە پۆلیس هەموو گەرەکەکەی گرت وەو حەتمەن شتێك روویداوە.
خێرا دوو کەسی لە هاورێکانم وەرێ کەوتن و خۆیان گەیاندە لای من . هەر کە چاویان بەو ساختومانە کەوت کە لە هەر لایەکەوە پۆلیس گەمارۆی داوە، یەکێك لە هاورێکانم بە ناوی "هاوار" گوتی دوکتوریان کوشتووە ئێرە ماڵی فازلە. پاشان خێرا خۆمان ناساند بە پۆلیس. پۆلیس پێی گوتین سێ عەرەب کوژراون و یەکێکیش بریندارە . کارتی پێناسی کاك عەبدوڵڵای قادریمان بە دەستی یەکێك لە پۆلیسەکانەوە دی . ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە ناوبراو یەکێك لە قوربانییەکانە. "هاوار" بۆ ناسینی بریندارەکە چ وە نەخۆشخانە و پۆلیس ئێمەی بردە ناو ساختومانەکەو پاشان چووینە دیتنی ئاپارتومانی سەرەوەو سەرکەوتین. ئاپارتومانەکە تاریك بوو، لە دەرگای ئاپارتوومانەکە رایانگرتین و نەیان هێشت بچینە ژووری دانیشتن . لە بەر ئەو ە نەك بە چوونە ژووری ئێمە بەڵگەو شوێنەواری بەجێ ماو لە نێو بچێ . لە پێش دا ئیجازەیان بە فۆرڤار (**forvar**) دا چاو لە شوێنی رووداوەکە بکا.
دوکتور قاسملوو لە سەر کاناپەیەك دانیشتبوو و لە بەر گەرمای هاوین کۆتەکەی دانابوو. کاك عەبدوڵڵا کۆتی لە بەر دانەبو و. دوکتور قاسملوو لەو جێگایە کە دانیشتبوو بێ ئەوەی جووڵابێ کوژرابوو . کراسە سپییەکەی بە تەواوی سوور هە ڵگەڕابوو . تەنیا قۆڵی چەپی کراسەکەی سپی مابوو، لە مەودایەکی زۆر نزیکەوە رووبەروو تەقەی لێ کرابوو جەنازەکەی بە پشت کاناپەکەدا خوار ببۆوە. عەبدوڵڵا لە نێوەڕاست ژوورەکە کەوتبوە سەر عەرز. فازل لە نزیك دەرگا لە سەر پشت کەوتب وە سەر عەرز . ژوورەکە ئاڵۆزبوو، کەل و پەلی نێو ژوورەکە بریتی بوون لە کاناپەیەك کە دوکتور قاسملوو لە

سەری دانیشتبوو. چەند كورسی و مێزێك كە هەم مێزو هەم كورسیەكان وەرگەڕابوون كە نیشانەی ئەوە بوو تێكهەڵچوون لە نێوان دا رووی دابوو . ئەویش كاك عەبدوڵلای قادری بوو كە دی تبووی قاسملوو شەهید كراوە، دەستی كردبۆوەو لەگەڵیان دەستەویەخە ببوو، چونكە گوللەی زۆری وێ كەوتبوون كە چوار دە گوللەی وێ كەوتبوو. دوكتور قاسملوو سێ گوللەی وێ كووتبوون یەكێكیان وە پاش ملی و دوویان وەسەری كەوتبوون. تەرمی فلزل ـ مان بە باشی نەبینی، بەڵام براكەی خۆی دوایە گ وتی پێنج گوللەی وێ كەوتبوو كە هەمووی لە پشت ەوەڕا لێ درابوون . چەند گوللەش هەڵبەزیبوونەوەو وەدیواری كەوتبوون. بە پێی راپۆرتی پۆلیس گوللەكان لە لایەن كەسانێكەوە هاوێژرابوون كە لە ژوورەكەدا دانیشتبوون و كەس لە دەرەوەڕا نەچووبوو و تەقەی نەكردبوو. لە ژوورەكەدا تەنیا ئەو سێ جەنازە هەبوون و هیچی دیكە ئیجازەیان پێ نەداین كە بە شەكانی دیكەی ئاپارتوومان ببینین سەرۆكی تاقمی دژی تیرۆری پۆلیسی ئوتریش لە نێو ماشێنەكەی خۆیدا لە پێش ساختوو مانەكە بوو پێی گوتین : دەڵێن كە كۆماری ئیسلامی ئێرانە ئەو كوشتارە وەحشیا نەیەیی رێك خستو ەو قاتڵەكانیش بە كرێگیراوانی كۆماری ئیسلامی ئێرانن . سەرۆكی دژی تیرۆری پۆلیسی ئوتریش خێرا لە بەر چاوی ئێمە فەرمانی دا كە سنوورەكانی ئوتریش لە تەواوی ئێرانیەكان بگرن . ناوبراو گوتی : تەنانەت ئەگەر 5000 كەسیش بن دەبێ پێش بە چوونە دەریان بگیرێ كە ئەوەش ئەوە ی باشتر دەر خستبوو كە كۆماری ئیسلامییە و ڕەنگە ئوتریش لەو وتووێژە ئاگادار كرابێ.

**بیرەوەریەكی تــاڵ**

هاوینی ساڵی 1368 کە بە مەبە ستی کاری حیزب لە ناوچەی مەهاباد چۆغەی ڕەبەت بووین شەوی 22ی پوشپەڕ بە مەبەستی تدارکاتی هێزی پێشمەرگە چووینە گوندی کانی سپی لە ناوچەی مەهاباد بەڵام هەر بە گەیشتنی ئێمە بۆ ناو گوند، لەگەڵ جاش و پاسدا رەکانی رێژیم دەرگیر بووین، لە ماوەیەکی کورت دا زۆر لە جاش و پاسدا رەکان کوژران و بریندار بوون و هەشت کەسیش بە دیل گیران و گەراینەوە بۆ کانیە ویشکەڵان لە پشتی چاخانەی قۆڵە سمۆر لە روو بەڕووی گوندی زمزیران کە شوێنێکی زۆر خۆشە.

ئەو کات من ئەندامی کۆمیتەی شارستانی رەبەت بووم، بە یانی کە هەستام هیچ خەبەر نەبوو، بە لام ساعەت 9ی بەیانی کاك مستەفای مەولوودی کە ئەو کات بەرپرسی کومیتەی شارستان ی ڕەبەت بوو، لە دەفتەری سیاسی را پەیامێکی بۆ هاتبوو . بانگی ئەندامانی کومیتەی شارستانی کردو گوتی: دوکتور قاسملوو برینداره ! زۆر نارەحەت بووین نیگەرانی دایگرتین پێشمەرگەکان هەر یەکە لە لایەکەوە خەریکی چا لێنان و نان خواردن بوون، ئاگاداری ئەوە نەبوون دوکتور قاسملوو برین دارە. ساعەت دوازدە و نیوی نیوەڕۆ رادیۆیی دەنگی کوردستانمان گرت . راگەیاندراوی پێ بوو، رای گەیاند دوکتور قاسملوو شەهید بو ە. پێشمەرگەکان دەستیان بە گریان کرد، مات و غەمگین دانیشتبوون و لە فکر راچووبوون. فرمێسك لە چاوانیان دەتکاو جار جاریش دەیان سڕین چادانە ڕەشەکان پڕ لە چا لە سەر کوچکاورەکان سارد ببوونەوە، خورجێنەکان کە بۆ نان خواردن کرابوونەوە کەس نەبوو بیانبەستنەوە. چای رەش بە ئیستکانەکانەوە مەی بوو خۆڵی ئاگرەکان لە چادانە رەشەکان نیشت بوو دنیا لە بەرچاو ان مات و تاریك بوو خەم لە بەرەزایی کوێستانە سەر کەشەکانی چیا دەباری و شەماڵ خەبەری نارەحەتی

سەرکردایەتی حیزبی لە باشووری کوردستان را بۆ دەهێناین پێشمەرگەکان دوو، دوو، سێ، سێ و بە کۆمەڵ دانیشتبوون کەس باوەڕی نەدەک ردو هەموویان بێ دەنگ دانیشتبوون . ئەو ئەسیر انەی پێمان بوون , سەرسام ببوون. زۆر دەترسان بکوژرێن. بەڵام پاش ماوەیەکی چەند ساعەتی لە سەر رێنوینی قاسملووی نەمر کە خۆی دەیگوت : بۆ شەهیدان ناگرین، رەش ناپۆشین، کەمێك هاتینەوە سەرخۆ ئێوارە داهات و چووینە گوندەکانی مێونەو سارتکێ کە واریدی ێەو گوندانە بوو ین هەموو کەس دەگریا کەس نەبوو دڵ خۆشی پێشمەرگەکان بداتەوە ئەوان دڵ خۆشی خەڵکیان دەدایەوە. لەوێ هەر هەشت ئەسیرەکەمان تەحویل شۆرای گوند ی داو ئازادمان کردن ئەوە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە نێو هێزەکانی رێژیم و خەڵکی ناوچەکە دا هەبوو.

بەڵێ ئەو کات و ئێستاش ئێمە لە سەر رێبازی قاسملوو دەرۆین و هەموو رێنوێنێ یەکانی ئەو کەڵە پیاوەمان لە بیرە . بەڵێ رێنوێنێی یەکانی جێ بەجێ دەکرێن. بەڵام ئەو کەسانەی وانازا ن و بە بێ هیچ بەڵگەیەك خەباتگێڕانی 54 ساڵ تا 30 و 25 ساڵ خەبات بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لە دووی رێبازی قاسملوو نارۆن، بمرن باشتر لەوەکە درۆ تەحویلی خەڵك دەدەن.

**دوکتور سەعید ـــ گرینگی سیاسی وتووێژ:**

رقەبەرایەتی سیاسی بیر چەوتی رادیکالیزمی خەڵك هەڵخەڵەتێنەری حاکم بە سەر بەشێك لە فەزای سیاسی ئێراندا، کە ویستیان پێویستی وتووێژ بە خراپ نیشان بدەن و دانیشتنی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تا رادەی سات و سەودای سیاسی بهێنە خوارێ لە تەئیدو گرینگی سیاسی وتووێژدا دەنووسێ: پێم وایە ئەو ئەسڵە ـ ئەسڵێ وتووێژ ، وەك شێوەیەك لە خەبات ئێستاش شتێکی دروست و ئوسوولی یە . هەر شەڕێك و خەباتیك

ئەگەر قەرار بێ رۆژێك بە نەتیجە بگا ئاخرەکەی سوولْح و ئاشتیو وتووێژە. بۆ گەیشتن بە سوولْح و ئاشتی . بێجگە لە لایەنە گشتیەکەی سەبارەت بە وەزعی تایبەتی خۆمان ئەو ئەسلە جێگای دوو دلْی نیەو ئێمە خوازیاری خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندایین. خودموختاری داواکەی زۆر روونەو لەگەلْ سەربەخۆیی کە مانای جیا بوونەوە دەدا فەرقی هەیە. ئەگەر مەسەلە سەربەخۆیی و جیابوونەوە بێ، ئەو دەم دەبێ ئەوەندە شەڕ بکەی هەتا حەریف بە چۆك دادێ و دەشکێ، بەلاْم ئەگەر ئامانج بریتیە لە خودموختاری لە چوارچێوەی ولاْت دا، ئەوە ئاخرەکەی ئەبێ بە رەزایەتی حکوومەتی ئەو ولاْتەو بە شێوەیەکی گشتی تر بە رەزایەتی هەموو ، یان زۆربەی خەلْکی ئەو ولاْتە بێ کە ئەمە لە واقع دا یانی چارەسەر کردنی مەسەلەکە لە رێگای باس و وتووێژو ئاشتی یەوە.

(فرانتز لوی ش ناك راستی یەکان دەدرکێنێ و رۆژنامەی "دێر ئیستاندارد " بلاْویان دەکاتەوە)

کاربەدەستە رەسمی یەکانی ئوتریش سەرئەنجام پاش ماوەیەکی درێژ بێ دەنگی هێندێك راستیان لە پێوەندی لەگەلْ تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوودا ئاشکرا کرد . فرانتز لوی شن اك وەزیری نێوخۆی ئوتریش لە وتووێژێکی لەگەلْ رۆژنامەی "دێر ستاندارد" رای گەیاند کە هەموو نیشانەو بەلْگەکان وانیشان دەدەن کە دوکتور قاسملوو، عەبدوللاْ قادری و فازلْ بە دەستی مەئمووڕانی دەولْەتی ئێران گوژراون.

"دێر ستاندارد " رۆژی ئەوەلْی د یسامبری 1989 لە وتارێك دا دەنووسێ: حووکمی گیرانی قاتلْەکان رۆژی سێ شەممە 21ی نوامبر دەرچ وە، رۆژنامەی ناوبراو پاش هێنانی ناوی تاوانبارەك ان و ئیشارە بەوەکە ئەوان لە کاربە دەستە رەسمی یە دەولْەتی یەکانن گالْتەی بە هەلْوێستی دەولْەتی

ئوتریش کردبوو و نووسیبووی "بزرگیان" لە لایەن پۆلیسەوە کەوتە بەر لێپرسینەوە، بەڵام ڕێگای پێ درا بچێتەوە سەفارەتی ئێران و حاجی مستەفەوی ون بوو. بە تایبەتی لە بارەی صحرا روودی یەوە کاری دەوڵەتی ئوتریش ئابرووچوونێکی تەواوە. چونکە بە خاتری بەرژەوەندییە گرینگەکانی دەوڵەت ڕێگا درا سواری فرۆکە بێ و بگەڕێتەوە ئێران.

## کۆنفرانسی نێونەتەوەیی کورد

لە رۆژەکانی 22 و 23ی رەزبەری 1368 (14 و 15ی ئۆکتۆبری 1989 کۆنفرانسی نێونەتەوەیی کورد، (مافی مرۆڤ و کەسایەتی فەرهەنگی) لە شاری پاریس پێتەختی وڵاتی فەرانسە کە یەکەم کۆنفرانسی نێونەتەوەیی بوو، بە بەشداری سەدان کەس لە نوێنەرانی گەلی کورد و کۆڕو کۆمەڵە بەشەر دۆستەکانی جیهان و بیرورِای گشتی جیهانی بۆ باس لە سەر مەسەلەی کوردو شی کردنەوەی ئەو بێ بەشی و چارە رەشی یەکە لە کۆنەوە تووشی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد کراوە، پێك هات.

دوکتور قاسملوو کە بۆ پێك هێنانی ئەو کۆنفرانسە جیهانی یە هەوڵێکی یەکجار زۆر بە نرخی دابوو بۆ کۆنفرانسەش بانگهێشتن کرابوو. بەڵام مخابن نەگەیشت بەشداری تێدا بکا کە لە کاتی کۆنفرانسەکەدا بیرنارد کۆشنێر دەڵێ: حەیف بۆ دوکتور قاسملوو کە لەو کۆنفرانسەدا جێگای خاڵی یە تا ئەم کۆنفرانسە بخاتە ژێر تەئسیری خۆی. لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا بەشداربووانی کۆنفرانسەکە بە تێکڕای دەنگ کرنفراسەکەیان پ ێشکەش بە یادی دوکتور قاسملوو کردو چەند بڕیار نامەش تایبەت لە سەر شەهیدکرانی قاسملوو بە دەستی پیاو کوژانی کۆماری ئیسلامی ئێران , لەو کۆنفرانسەدا دەرکراون داوایان لە دەوڵەتی ئوتریش کرد عامیلانی تیرۆر کردنی قاسملوو بە بیرورِای کشتی جیهان بناسێنی و داوایان کرد کە ئەو هەڵوێستەی

ئەوتریش قبووڵ نیەو دەبێ ئیمکاناتێکی حکوومەتی قانوون ی وەکار بخاو جینایەتی 13ی ژوئیە روون بێتەوەو جینایەتکاران سزا بدرێن.

## نامەیەك لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ سەدری ئەعزەمی ئوتریش

2ی خەرمانانی 1368 تەقریبەن مانگێك و بیست رۆژ پاش شەهیدبوونی قاسملوو و هاوڕێیانی، کۆمیتەی ناوەندی حیزب نامەیەکی بۆ سەدری ئەعزەمی ئوتریش لە بابەت ئەوە کە دەزگاکانی قەزایی ئوتریش حازر نەبوون عامیلانی ئەو جینایەتە سامناکە بە خەڵکی دنیا بناسێنن، ناردو بە نوێنەرایەتی هەشت میلیۆن کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی لەو رەفتاری غەیرە ئوسووڵی یە، داوای کرد بە مەبەستی رێز دانان بۆ هەق و عەداڵەت، شەخسەن لەو مەسەلەیەدا دخاڵەت بکاو تەرتیبێك بدا کە مەقاماتی قەزایی ئوتریش هەرچی زووتر ئاکامی لێکۆڵینەوە لە تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی رابگەێنێ و تاوانبارانی ئەو جینایەتە دژی ئینسانی یە بە بیروڕای گشتی جیهان بناسێنێ و لەوە زیاتر لایەنگرانی ئاشتی و ئازادی و عەداڵەت لە چاوەڕوانی دا رانەگرێ . هەر لەو نامەیەدا وەبیری هێنایەوە لە لە مانگی فیوریەیی 1989دا کاتێك خومەینی حوکمی ئێعدامی بۆ سەلمان رشدی نووسەری ئینگلیسی دەرکرد، وڵاتەکەی زۆر بەجێ هەڵوێستی گرت کە یەکێك لەو وڵاتانە بوو کە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لەو بارەیەوە، سەفیری خۆیانی لە ئێران بانگ کردەوە . بەڵام لە بابەت یەکێك لە گەورەترین تێکۆشەرانی رێگای ئازادی و دێموکراسی و هاوڕێیانی بە دەستی

بەکرێگیراوانی ئەو رێژیمە کە فەرمانی کوشتنی سەلمان رشدی دەکردبوو، تیرۆر کران و کارەساتەکەش راست لە ولاتی ئەواندا رووی داو بەرپرسانی قەزایی ئوتریش بە ئاشکرا تاوانبارەکانی ئازاد کردو پەردەیان بە سەر جینایەتەکەدا کێشا.

## پەنجاو چوارەمین کۆبوونەوەی جیهانی قەڵەم و هەڵوێستێکی بەجێ

پەنجاو چوارەمین کۆبوونەوەی جیهانی نووسەران کە بە بەشداری سەدان نووسەر، شاعیر و نمایش نووس و مترجم و رۆژنامە نگاری بەنا وبانگ لە ولاتانی جیا جیای جیهان لە شاری "سونترای کانادا" پێك هات و لە ر ۆژی یەك شەممە رەزبەری 1368دا کۆتایی بە کارەکانی هێناو ئەو کۆبوونەوەیە بە کۆنگرەی نێونەتەوەیی قەڵم حیساب کراو مەسەلە جۆراوجۆرەکانی لە بارەی ئازادی و دەسەلات و سانسۆرکردنی نووسەران ، کۆمیتەکان، مەحدوود کردنەوەی ئازادی لە نیزامەکانی مەزهەبی، لە بارەی ژنان تێدا باس کرابوون. لە وێدا سەبارەت بە تیرۆری قاسملوو قەتح نامەیەکیان دەرکرد و هەرلەوێدا بۆ جارێکی دیکە نارەحەتی و نیگەرانی نووسەرانی جیهان بۆ قاسملوو دەربڕاو بەشدارانی کۆنگرەی نێونەتەوەیی قەڵم ئەو قەتح نامەیان بۆ سە دی ئەعزەم و وەزیری دەرەوەو وەزیر ی دا دگوستەری ئوتریش نارد و داوای محاکمە کردنی عامیلانی قەتڵی دوکتور قاسملوویان تێدا راگەیاند.

## فیدراسیۆنی کۆمەڵەی کرێکارانی کوردستان "کۆمکار"و وەفاداریی بۆ قاسملوو و حیزبەکەی

رۆژی 26ی دیسامبری 1989، کۆنگرەی ساڵانەی فیدراسیۆنی کۆمەڵەی کرێکارانی کوردستان "کۆمکار" لە شاری پاریس پێتەختی فەرانسە پێك

هات. له سەر بانگهێشتنی ئەو فیدراسیۆنە، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان (نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات) لەو کۆنگرە بەشداری کرد.
له سەەتای کاری کۆنگرەدا، بۆ رێز گرتن له شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان بە تایبەتی ر ێبەری پایە بەرزی حیزبی دێموکرات دوکتور قاسملوو، دەقیقەیەك بێ دەنگی راگەیاندراو پاشان راپۆرتی هەیئەتی ئیجرایی فیدراسیۆن خوێندرایەوەو لەوێدا بە دوورو درێژی تێکۆشان و خەباتی بێ وچانی دوکتور قاسملوو و لێوەشاوەیی و لێزانیی ئەو نەمرە لە رێبەری کردنی خەبلت بۆ ئازادی و دێموکراسی دا رێزی لێ گیرا.
جگە لەوەش کۆنگرەی کۆمکار وێڕای دەربڕینی پشتیوانی لە خەباتی رەوای گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە رێبەرایەتی ح یزبی دێموکراتی کوردستان، دووپاتی کردەوە کە دوکتور قاسملوو تەنیا هی حیزبی دێموکرات واتە هەشت م یلیۆن خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو، بەڵکوو هی هەموو نەتەوەیی کورد و تەواوی ئەو ئینسانانە بوو کە لە رێگای سەقامگیرکردنی ئازادی و دێموکراسی دا خەبات دەکەن.

**شکـــایـــەت**

دوکتور مانفرێد وایدیگلێر وەکیلی ئوتریشی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ تەعقیبی کارەسا تی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە بارەی ئازاد کردنی پیاو کوژەکان و سەرپۆش دانان لە سەر رووداوی 13ی ژوئیە ی 1989، شکایەتنامەیەکی بە دژی دەوڵەتی ئوتریش تەسلیمی داداگای وییەن کرد.ئەو وەکیلە لە 31 ی ژوئیەی 2003 بێ سەرو شوێن کراو پاش مانگێك و سێ رۆژ رۆژی 13 ی سیپتامبری 2003 لە دەرەوە ویەن تەرمەکەی دۆزرایەوە

**مام جەلال تاڵەبانی** :

لە کاتی تیرۆر کردنی شەرەفکەندی لە ئورووپا بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخووندی لە بیرلینی ئالمان مام جەلال تالەبانی لە ئورووپا بوو.
لەو وەختە دا، رادیۆ بی ـ بی ـ سی، لە بارەی تیرۆر ی شەرەفکەندی وتووێژێکی لەگەڵ پێك هێنا، لە بەشێکی ئەو وتووێژەدا کە ئێس‌تا زەبت کراوەو لە بەر دەست دایە گوتی : ئەوانەی شەرەفکەندیان تیرۆر کرد هەر ئەوانە بوون کە د. قاسملوویان تیرۆر کردو لە باشووری کوردستانیش پاسێکی حیزبی دێموکراتیان تەقاندەوە راست ڤامکی بۆ کۆماری ئیسلامی درێژ کرد .

**کۆنفرانسێکی چاپەمەنی لەمەر کارەساتی وییەن و دەنگ دانەوەی لە راگەیەنە گشتی‌یەکانی ئوتریش دا**

ڕۆژی 12ی فێوریە کۆنفرانسێکی چاپەمەنی بە بەشداری هەواڵنووسانی ئوتریش، فەرانسەیی، ئالمانی و ئیسپانیایی لە وییەن پێك هات.
لەو کۆنفرانسەدا وەکیلە ئوتریشی یەکانی حیزبی دێ موکراتی کوردستان، دوکتور "وایدینگێر" و دوکتور "برادێر" و بەرپرسی کۆمیتە ی حیزب لە ئوتریش و هەروەها شەخسیەتەکانی وەك دوکتور "ئارمین گۆلێسم" وەکیلی ئالمانی، "ئان کارین ژاکویی " وەکیلی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتە ی پشتیوانی لە روون کردنەوەی رووداوی وییەن، فەرانسەیی، دوکتور ناصر پاکدامن مامۆستای زانستگا لە پاریس و ئەندامی کومیتەی پشتیوانی لە روون کردنەوەی رووداوی وییەن، پاتریك بودوان وەکیل و سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێونەتەوەی مافی مرۆڤ لە فەرانسە، دوکتور پێ تیر پایتس نوێنەری سەرزەکاتی ئوتریش لە ئالمان، ژێرار شالیان نووسەرو پشپۆری مێژووی سیاسی لە جیهانی سێهەمدا، فێرناندێس ماس سەر نووسەری رۆژنامەیەکی ئیسپانیایی زمان کە لە ئوتریش دەردەچێ، تێدا بەشداربوون .
پاش ئەوە کە خوشکە نەسرین (هێلین) خێزانی دوکتور قاسملو و

کۆنفرانسەکەی کردەوە، وەکیلی مودافیعەکان نێوەرۆکی شکایەتنامەکەی دژی دەوڵەتی ئوتریش یان شی کردەوەو ئەمجار ئەو شەخسی یەتانەی کە ناویان برا بە درێژی لە سەر شەخسیەتی نێونەتەوەیی دوکتور قاسملوو و گرینگی کارەساتی وییەن قسەیان کرد کە ئێوارەی ئەو رۆژە، رادیۆ ی ئوتریش لە یەکێك لە پڕ گوێگرترین بەرنامە خەبەرییەکان خۆی دا ، چارەگە ساعەتێك لە سەر ئەو کۆنفرانسە چاپەمەنیە قسەی کردو بەشێك لە قسەکانی دوکتور قاسملووی بە دەنگی خۆی بڵاو کردەوەو بۆ رۆژی دواتریش حەوت رۆژنامەی ئوتریش هەواڵی ئەو کۆنفرانسەیان بڵاوکردەوە.

## قاسملوو کرایە کاندیدای خەڵاتی ئاشتی نۆبێل

رۆژی 31ی ئۆکتۆبری 1989، ئەنجوومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئوتریش کە هەواڵدەریەکانی جیهان بلاویان کردەوە، لە کۆبوونەوەی خۆی دا، بە تێکرای دەنگ بڕیاری دا رێبەری شەهیدی حیزبی دێموکرات دوکتور قاسملوو بە ناوی کاندی دای وەرگرتنی خەڵاتی ساڵی 1990 بە کومیتەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بناسێنێ. ئەنجوومەنی دۆستانی گەلی کورد بۆ ئەم مەبەستە کومیتەیەکی دامەزراند کە سەندو بەڵگەی پێویست بۆ ئەو کاندیدا کردنە ئامادە بکا و بیان دا بە کومیتەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل.

کۆمیتەی دیارکراو پاش ئامادە کردنی پێشیارنامەکە دەستی کرد بە پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەو شەخسییەتانە کە بە پێی ئوسوولی پەس ند کراوی خەڵاتی ئاشتی حەقی پشتیوانی کردن لە کاندیدا ـ تۆری کاندیداکانی وەرگرتنی ئەو خەڵاتە جیهانیە یەیان پێ دراوە کە بریتین لە: پرۆفیسۆرەکانی: 1ـ فەلسەفە، مێژوو، زانستە سیاسی یەکان و مافەکانی گەل، 2ـ ئەوانەی بۆ خۆیان خەڵاتی ئاشتی نۆبێلیان وەرگرتووە، 3ـ نوێنەرانی پارلمان، 4ـ ئەندامانی دادگای نێونەتەوەیی. لە ئاکامی پێوەندییەکانی ئەو کۆمیتەیەدا، چەند شخسیەتی

خاوەن س ەلاحیەت لە چەند وڵاتی ئورووپادا پ شتیوانی خۆیان لە پێشنیارکردنی دوکتور قاسملوو بۆ کاندیدا بوونی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل دەربڕی کە بریتی بوون لە : لە ئوتریش پرۆفیسۆر و لە ئیتالیا نوێنەری پارلمان و لە چیکۆسلۆواکی 11 سەناتۆرو نوێنەری پارلمان کە پرۆفیسۆرێکیان نوێنەری پارلمان بوو لە فەرانسە دوو نوێنەری پارلمان، لە ئاڵمانی رۆژئاوا دوو نوێنەری پارلمان و لە ئیسلەند یەك پرۆفیسۆر.

بە دوای ئ ەو پشتیوانی دەربڕینەی ئەو شەخسی یەتانەدا، کومیتەی هەڵبژاردراوی ئەنجوومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئوتریش , تەواوی سەنەدو بەڵگەی پێویستی کە بریتی بوون لە پێشنیارنام ە، ئیمزای ئەوانەی پشتیوانی یان لە پێشنیارەکە کردبوو، ژیاننامەی شەهید دوکتور قاسملوو گوڵبژێرێك لە قسەو نووسراوەکانی دوکتور قاسملوو، لە رۆژی 24ی ژانویەی 1990دا نارد بۆ کۆمیتەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لە نۆرویژ و لە ریزی گارباچۆڤ، دوبچیك و نێلسۆن ماند ێلادا بۆ وەرگرتنی ئەوخەڵاتە جیهانی یە کاندید کرا.

ئەو کاندیدا تۆریەیی دوکتور قاسملوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل ، هەر لەوکاتە دا کە شانازییەکی گەورە بوو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەگشتی بۆ هەموو گەلی کورد لە هەموو کوردستانی دابەشکراو و هەر ئێرانییەکی بەشەرەف و نیشتمانپەروەر، سەنەدێکی ریسوایی بوو بۆ رێژیمی کۆنەپەرست و دژی ئاشتی و ئازادی کۆماری ئیسلامی ئێران.

**سەمپۆزیۆمی نێونەتەوەیی و داوایەکی رەوا بۆ ناساندنی قاتڵەکانی قاسملوو**...

ساڵی 1920 کە پەیمانی سێفر بەستراو مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کوردی بە رەسمی ناسی، بەڵام دوایە لە پەیمانی لۆزان لە 1923 دا لە لایەن هاوپەیمانەکان و دەوڵەتە تازەکەی تورکیە هەڵوەشێندرا، راست لەو شارەو لەو

قەسرەدا، سەمپۆزیۆمی نێونەتەوەیی لە بارەی كورد كە لە لایەن رێكخراوی سویسیی "بزووتنەوە بۆ سویسێكی ئاوالاو دێموكرا ت و هاوپێو ەندی خواز " كە لە سەر بانگەوازی رێكخراوی سویس هەیئەتی حیزبی دێموكراتیش بۆی چوو بوو، بە بەشداری 40 رێكخراوی سویسی كە لە لایەن رێكخراوەكانی لێۆمەك بە پەنابەران، كۆمە ك بە ولاتانی دنیایی سێهەم و مافی مرۆڤ و سەندیكاكانەوە پشتیوانی لێدەكراو زیاتر لە 70 كەس لە كورد و تورك و ئێرانی و عێراقی و شوورەوی تێدا بەشدار بوون و رۆژی 27 و 29ی ئاوریلی 1990 پێك هات و كارەكانی بنەڕەتی بریتی بوو لە لێكۆڵینەوە لە بارەی وەزعی هەركام لە بەشەكانی كوردستان، لەوێدا دوو بڕیارنامەو دوو راگەیاندراوی تێدا پەسند كرا.

یەكێك لە راگەیاندراوەكان لە بارەی شەهید كردنی رێبەری مەزنی گەلی كورد، دوكتور قاسملوو بوو كە لەم راگەیاندراوەدا داوا لە دەولەتی ئوتریش كرا پیاو كوژەكان بە دنیا بناسێنی و س زا بدرێن **كە ئەمەش دەقی راگەیاندراوەكەیە**

نۆ مانگ پاش كوژرانی سێ شەخسییەتی كورد لە وییەن , دوكتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادری، فازل رەسول، دەولەتی ئوتریش هەروا خۆی دەپارێزێ لەوە كە راستییەكە بە دەنگی بەرز رابگەیێنێ.

لە ئاخری مانگی نوامبری 1989دا حوكمی گیرانی (جلب) بۆ 3 نوێنەری ئێرانی كە تیرۆرەكەیان ئەنجام دابوو دەرچوە. چونكە تاوانبار كراو ان كە بەرپرسایەتیی ئەو 3 قەتلەیان لە سەر شانە . سەرەڕای ئەمە هەرچەند دەزگای قەزایی ئوتریش دەزانێ كە جینایەتكارەكان نوێنەری حكوومەتی

ئێرانن، دیسان سەر سەختی دەکا لەوە کە پیلانگێرانی واقیعی جینایەتەکە لە قاو بداو خۆ لادەدا لەوە کە راستییەکە دەربخ.

ئێمە لێرە حازرین قبووڵ ناکەین کە ئەو جینایەتە بێ سزا بمێنێتەوە و داوا دەکەین کە سازماندەرانی ئەو جینایەتە بە بیرورای گشتی و نێونەتەوەیی، بناسێندرێن و دادگایی بکرێن تا عەدالەت بە ئەنجام بگا.

لۆزان 28ی ئاوریلی 1990

## لە یەکەم ساڵیادی شەهیدانی وییەن

بە بۆنەی یەکەمین ساڵرۆژی شەهیدان قاسملوو و هاوڕێیانی، هێزە کوردستانی و ئێرانی و دۆستانی حیزب ی دێموکرات لە فەرانسە، ئاڵمان، ئوتریش، ئینگلیستان، هولەند، دانمارك، نۆرویژ و سوئید بە دژی کۆماری ئیسلامی و هەڵوێستی وڵاتی ئوتریش لە شوێنە جۆراوجۆرەك انی ئەو وڵاتانەدا خۆپێشاندانیان وەڕێ خستن کە دەیان بەیاننامەی ئیعترازی درن بە سەفارەت و کۆنسۆلخانەکانی ئوتریش لە وڵاتانی ئورووپا و چەندین فیلمی کورتیش لە قسەکانی دوکتور قاسملوو لە کۆبوونەوەکاندا کە لە دانشگ اکانی وڵاتانی ئورووپایی دا کران , نیشاندران و سەدان شەخسییەتی جیهانی و ئێرانی و کوردستانی لە سەر شەخسی یەتی قاسملوو قسەیان کردو لە دەست چوونی ئەویان بە خ ەسارەیەکی گەورەی کۆمەڵگای ئاشتی خوازی زانی داناو چەندین مقامی بەرجەستەی ئەو وڵاتا نەش لە خۆپێشاندان و کۆبوونەوەکاندا قسەیان لە سەر شەخسییەتی دوکتور قاسملوو کردو بە داخ بوونی حۆیان بۆ لە دەست چوونی قاسملوو دەربڕی و بە رێزەوە یادیان لێکردەوە . جگە لەوانەش نوێنەرانی زۆر لە رێکخراوە جیهان ی یە بێ

سنوورەکان یادیان لەو کەڵە پیاو ە کردەوەو ئەوییان بە پیاوی ئاشتی خوازو دێموکراسی پەرست دانا. چەندین هونەرمەندی گەورەی کورد یش بە داخ بوونی خۆیان بۆ لە دەست چوونی قاسملوو دووپات کردەوەو زۆر لەوانە چوونە سەر گڵکۆی ئەو نەمرە لە پێرلا شێزی فەرانسەو یادیان لەو رێبەرە بەرزەی کورد کردەوە و چەندین شەخسیەتی فەرهەنگی، ئە دەبی و ........ لەو یاد کردنەوەدا بەشداریان کردو زۆریان لەو یادکردنەوەدا باسی بیرەوەری یەکانی خۆیان لەگەڵ قاسملوو کرد و دەستیان بۆ لە ئەژنۆ دا.

## بڕیارنـــــامە

رۆژی 18ی ژوئیەی 1990 لە ساڵیادی عبدالرحمان قاسملوو دا، ئەنجوومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئوتریش و کومیتەی حیزب ی دێموکرات لەو وڵاتە، رێورەسمێکی گەورەیان بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی وییەن پێك هێنا.
ئەو یادکردنەوە کە چوار ساعە تی خایاند چەندین مامۆستای دانیشگا و چەندین نوێنەری پارلمانی ئوتریش و هەواڵنێرو ژمارەیەك رۆژنامە نووسیش بەشداریان تێدا کرد کە لەوێدا شەهید دوکتور سەعید ی نەمر سکرتێری گشتی ئەو کاتی حیزب قسەی کرد و بەرێزەوە یادیان لە قاسملوو و هاورێیانی کردەوەو یەکێك لە وەکیلەکان کە راستەوخۆ لە رووداوەکەی دەکۆڵییەوە ، راپۆرتێکی بۆ بەشداربووانی رێورەسمەکە خوێندەوە کە بەشداربووان پاش باس و لێدوان لە سەر راپۆرتەکە بڕیارنامەیەکیان لە چوارخاڵ دا پەسند کرد کە گوترا: لە بەر چاوگرتنی قازانجی ئابووری و سیاسی ناتوانی بێتە هۆی ئەوە دەوڵەتێك کە حکوومەتی قانوونە پر ەنسیپەکانی خۆی لە ژێر پێ بنێ و ئەوە کە سەفارەتخانەی ئێران لە ئوتریش قاتڵەکان دەشارێتەوە و ناهێڵێ لێپرسراوان لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکەن، پێچەوانەی هەموو ئوسووڵ ێکی

دیپلۆماسی و نێونەتەوەی یە، شتێك كە دەوڵەتی ئوتریش تەنیا نابێ قبووڵی بكاو بەڵكوو دەتوانێ مەسەلەكە بەرێتە دادگا نێو نەتەوەی یەكان و بە لە بەرچاوگرتنی كە هیچ گومانێك لە تاوانباربوونی ئەو سێ ئێران ی یە كە راستەوخۆی ئەو جینایەتەیان خوڵقاندوە نیە، پێویستە دەوڵەتی ئوتریش داوا لە ئێران بكا سێ كەسەكە بۆ محاكمە ئامادە بكا پێشنیار دەكەین بۆ لێكۆڵینەوە لەم مەسەلەیە كومیسیۆنێك لە پارلمانی ئوتریش پێك بێت و ئەو بەرپرسانەی لەم مەسەلەدا كە هەر چەشنە كەمترخەمیان ك ردوە لێیان بكۆڵدرێتەوە. راپۆرتی ئەو رێورەسمە ش بە بەربلاوی لە چاپەمەنی یەكانی ئوتریش و تەلەفزیۆنی ئەو وڵاتەدا دەنگ و رەنگی دایەوە.

**دركاندنی راستی لە لایەن نوێنەری ئوتریش لە سەر كاناڵی سەرانسەری تەلەفزیۆنی ئاڵمان**

رۆژی 13ی ژوئیە رێكەوتی یەكەمین ساڵرۆژی شەهیدانی وییەن "قاسملوو و هاورێیانی"، لە كاناڵی سەرانسەری تەلەفزیۆنی ئاڵمان لە ستۆدیۆی ژمارە یەكەوە بەرنامەیەكی 45 دەقیقەیی لە سەر كردەوەی تیرۆریستی‌یەكانی كۆماری ئیسلامی لە ساڵی 1368 دا نیشاندرا كە بەشی زۆری لە سەر تیرۆری دوكتور قاسملوو بوو كە نو ێنەرانی دوو دەوڵەتی ئوتریش و سویس لەو بەرنامەدا بەشدار بوون.

پاش بلاوبوونەوەی چەند دیمەنێك لە سەر تیرۆری دوكتور قاسملوو و دوكتور كازم رەجەوی كە بەرێوەبەرانی بەرنامەكە لە سەر تیرۆری ئەوانە پرسیاریان لە نوێنەری ئوتریش كردو پرسیا ن بۆ مقاماتی ئوتریش ئیقدامیان نەكرد؟ گوتی : كاربەدەستە پایە بەرزەكانی دەوڵەت بە ئێمەیان گوت: كۆماری ئیسلامی هەرەشەی كردەوە كە ئەگەر قاتڵەكان زیندانی بكەن پێوەندی ئابووری خۆمان لەگەڵ ئێوەدا دەپچرێنین، كە نوێنەری سویس ـ

یش هەر لەم بارەوە لە بارەی ئازاد کردنی قاتڵەکانی کازم رەجەوی، هەر وەڵامێکی لەو بابەتەی دایەوە.

لە سێزدەی ژوئیەی 1989 دا کە دوکتور قاسملوو لەگەڵ دوو شەخسی یەتی دیکەی کورد لە کاتی وتووێژ بە مەبەستی گەیشتن بە رێگا چارە سەرێکی ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد لە ئێراندا بە دەستی ناردراوانی رەسمی کۆماری ئیسلامی لە بەرگی دیپلۆماسی دا لە وییەن کوژران و دەوڵەتی ئوتریش راستی‌یەکانی ئاشکرا نەکردو لە ئیمکاناتی حکوومەتی کە لە ئیختیاری دابوو کەڵکی وەرنەگرت و عەدڵەت لەو وڵاتەدا ئەرکی خۆی بەجێ نەگەیاند، 41 شەخسی‌یەتی ئێرانی، بیانی و کوردستانی وەك، نووسەر، هەواڵنێر پرۆفیسۆ ر، کارگێڕی سینەما، شاعیر، نوێنەری مەجلیس، وەکیل، مامۆستای زانکۆ، وەرگری خەڵاتی ئاشتی نۆبێڵ، خەڵك ناس، سەرۆك وڵات و سکرتێری فیدراسیۆن، سەرۆکی رێکخراوەکان، وەك : پزیشکانی جیهان، سکرتێر، پزیشکانی نێونەتەوەیی، کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و زۆری دیکە نامەیەکیان بۆ دەوڵەتی ئوتریش نووسی و هەر یەکەیان بە ناوی خۆیانەوە ئیمزایان کردو هەڵوێستی دەوڵەتی ئوتریشیان لەمەر ئەو رووداوە مەحکووم کردو داوایان کرد ئەو مەسەلەیە روون ببێتەوە و لێ پرسینەوە بە ئاگاداری هەموو لایەك بگات و بەرێوەبەرانی ئەو جینایەتە بە بیرورِ ای گشتی جیهان بناسرێن کە دەقی ناوەکان لە رۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان داهاتوە.

**کۆنفرانسی ئستکهۆڵم و هەڵوێستێکی بەجێ بەرانبەر بە وڵاتی ئوتریش لەمەر شەهیدانی وییەن**

رۆژەکانی 15 و 16 و 17ی مارسی 1991ی زاینی لە ئستکهۆڵم، پێتەختی سوئید، کۆنفراسێك بە ناوی کۆنفرانسی بە رەسمی ناسینی مافەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێك هات.

لەو کۆنفرانسەدا، بەیاننامەیەکی 13 خاڵی بڵاو کرایەوە کە لە خاڵی 13ی دا، کۆنفرانسەکەی لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵای قادر دا، بڕ یاری دا نامەیەك بۆ دەوڵەتی ئوتریش بنووسرێ و لەو دەوڵەتە داوا بکرێ وەك دەوڵەتێك کە ئەو کارەساتە لە وڵاتەکەیدا قەوماوە، بیروڕای گشتی جیهان و خەڵکی کوردستان لە جوزئییاتی تیرۆری دوکتور قاسملوو هاوڕێیانی کە بە ئاشکرا لە ژێر پێ نانی ئوسوولی ئەخلاقی و ن یۆنەتەوەیی ئاگادار بکا.

## هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەو پشتگرتنی خەڵکی کورد لەمەر تیرۆری قاسملوو

رۆژی 15ی مانگی مارسی 1991ی زاینی، نوێنەرانی سەر بە حیزبی سوسیال دێموکرات، حیزبی دێموکرات مەسیحی، حیزبی سەوزەکان و حیزبی ئازادیی ئوتریش لە پارلمانی ئوتریش دا، بە تێکرای دەنگ لە سەر مەسەلەی کورد، پێشنیار نامەیەکیان بە تایبەتی لە پێوەندی لە سەر مەسەلەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی ، دا بە دەوڵەتی ئوتریش و رایانگەیاند کە تا روونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە، دەست لە کاری پارلمان دەکێشنەوە.

## سەفەری والدهایم بۆ ئێران و سوژدە بردنی بۆ قەبری خومێنی، بۆچی و، چی لێ کەوتەوە؟

لێرەدا بەجێیە باسی ئەوە بکرێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ وڵاتی ئوتریشی بۆ بەڕێوەبردنی پیلانەکانی هەڵبژاردبوو؟

دەوڵەتی ئوتریش لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق دا بە دژی بیروڕای گشتیی وڵاتەکەی و بە خیلافی قانوونی ئوتریش چەك و چۆڵی بە ئاخووندەکان فرۆشتبوو کە بەو هۆیەوە نوقتە زەعفی لە دەست ئاخووندەکاندا بوو. بە دوای تیرۆری دوکتور قاسملوودا، دەوڵەتی ئوتریش لە جیاتی ناساندنی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بە جیهانیان، هیچ شتێکی لە خۆ نیشان نەداو قازانج ی ئابووری و بازرگانیەکانی خۆی زۆر لە پرستیژو پرەنسیپە سیاسی و قەزاییەکانی ئوتریش بە لاوە گرنگتر دانا .
لە درێژەی ئەو سات و سەودایەدا کە سەدان و هەزاران دەربڕینی نارەزایەتی لە دەوڵەتی ئوتریش لە مەر کارەساتی وییەن و لە ژێر پێ نانی ئوسوولی ئینسانی بە دواوە بوو ، رۆژی 18ی جۆزەردانی 1370ی هەتاوی "کورت والدهایم" سەرۆك کۆماری ئەو کاتی ئوتریش بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێکی ئابووری و بازرگانیی ئوتریش بە سەردانێکی رەسمی چو ە ئێران و لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیەوە پێشوازی لێکرا کە گرینگترین مەبەستی بەهێز کردنی پێوەندی ئابووری و بازرگانی بوو لە نێوان ئوتریش و ئاخووندەکان و هەوڵدان بۆ ئازاد کردنی ئەو بارمتە رۆژئاواییانە کە لە مێژ بوو گیرۆدەی دەستەو تاقمە تیرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی بوون.
ئامانجی بنەڕەتی "والد هایم" لە وەدی هێنانی ئەو مەبەستانەی باسکران ئەوە بوو کە لە نێو بیرڕای گشتی رۆژئاواو ئوتریش دا سیمایەکی مەتلووب بۆ خۆی وەدەست بێنێ بۆ ئەوەی شان سی سەرکەوتنی خۆی لە هەڵبژاردنی داهاتوویی ئەو کاتی دا، وەدەست بێنێ.
بەڵێ، کەسێکی وەك "کورت والد هایم " کە دەڵێن لە ئەرتەشی هیتلەری دا خزمەتی کردبوو و گوایا شەریکی جینایەتی نازیەکان بوو، هەر ئەوە لەوی چاوەڕوان دەکرا کە پشت لە مافەی ئینسانیەکان بکاو رووی دۆستایەتی لە

تیرۆریستان بکا و دەستی دۆستایەتی بۆ دەستی تیرۆریستانی کۆما ری ئیسلامی درێژ بکا، وەك کردی.

سەرەڕای ئەوەش کە چووە تاران، لە جیاتی ناساندنی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە دوکتو ر قاسملوویان تیرۆر کرد , چ وە سەر قەبری خومەینی و چەپکە گوڵێکی لە سەر گۆڕەکەی داناو سوژدەی بۆ بارگای ئەو دیکتاتۆرە برد. بەڵام کاتێك فیلمی ئەو سوژدە بردنە لە شاشەی تەلەفزیۆنی ئوتریش بڵاو کرایەوە، لە لایەن بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئوتریش ئەو کارەی "والد هایم" بە تەوهین بە غروور و شەخسیەتی میللی خەڵکی ئوتریش لە قەڵەم درا کە هەر لەجێ دا ئەو سەفەرە لە سەر ئەو زۆر گر ان کەوت و سەفەرەکەی بۆ ئێران بوە بێزاری حیزب و رێکخراوە سیاسی یەکانی ئێران و بیروڕای گشتیی ئوتریش و مەحکوومکراو بە دەیان رۆژنامە و گۆڤا رو رادیۆو تەلەفزیۆن لەو بارە وە وتاریان بڵاو کردەوە و سەفارەتخانەکانی ئوتریش لە وڵاتانی ئورووپایی دا چەندین نامەو تەلگرافی ئیعترازیان بۆ چوو کە کار گەیشتە جێگەیەك کە لە نێوخۆی دەوڵەتی ئوتریش دەنگی نارەزایەتی سەبارەت بە سەفەری "والد هایم" بۆ ئێران بەرز بۆوە.

**لە دووهەمین ساڵیادی قاسملوو و هاوڕێیانی**

لە دووهەمین ساڵیادی شەهید قاسملوو و هاوڕێیانی 13ی ژوئیەی 1991 لە پیرلاشێزی پاریس لە وڵاتی فەرانسە و ئاڵمان و شاری ژینۆی سویس و وییەن پێتەختی ئوتریش , رێورەسمی یاد کردنەوە بەڕێوە چوون کە دوو رێکخراوی (M.BM.A.MT)و نوێنەری ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس و ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی سوسیالیستی سویس و بەرپرسی کومیسیۆنی هاوپێوەندی نێونەتەوەیی و دوکتور وایدێنگێر وەکیلی ئوتریشی ح یزبی دێموکراتی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆری قاسملوو و هاوڕێیانی و بەرەی

كوردستانی و كۆمەڵەی خوێندكاران (k.ss-f)و حیزبی كاوە لە كوردستانی توركی یە و مەڵبەندی كوردی لە ئوتریش و كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستانی سوورییە لە ئوتریش و رێكخراوی فیدائییانی گەلی ئێران (اكثریی) و حیزبی دێموكراتی خەڵكی ئێران و بەرادەیەكی زۆر لە لایەنگرانی حیزبی دێموكراتی كوردستان تێ یاندا بەشدار بوون، بەرێزەوە لەو پیاوە گەورە یاد كرایەوەو هەر كام لە لایەنەكانیش بە و بۆنەوە پەیامی خۆیان خوێندەوە. جگە لەوەش لە دووهەمین ساڵرۆژی تیرۆری قاسملوو و هاورێیانی دا , لە شارو شارۆچكەكانی باشوور ی كوردستان ئەو یادە كرایەوە كە لە شارەكانی رانیە، چوارقورنەو دیانان بە شێوەیەكی تایبەتی بوو.

**پرۆفیسۆر پـــــۆل** :

"پۆل" كە یەكێك لەو دوكتورە ئینساندۆستانەیە و چەندین جار كورسی دەرس گوتنەوەی زانستگەی بەج ێ هێشتبوو و ها تە كوردستان بۆ خزمەت كردن بە خەڵكی كورد و هەر لە كوردستانیشدا زیاتر لە 150 حەمەلی جەراحی بە سەركەوتنەوە ئەنجامدا ، لە وتووێژێكدا كە "كوردستان" ئۆرگانی ح.د.ك ، لەگەڵی كردبوو بەم جۆرەی خوارەوە وەڵامی "كوردستان" دەداتەوە.

"كوردستان": جەنابت: (پۆل) دوكتور قاسملووت دیتبوو؟ نەزەرت لە سەر كەسایەتی ئەو مرۆڤە چی یە ؟

پۆل: ئەمن چەند جاران دوكتور قاسملووم دیوەو لەگەڵی دانیشتووم، بەڕاستی مرۆڤێكی تایبەتی بوو كە وێنەی لە كەم شوێندا دەبینراو لە ژیانم دا كەم كەسی وەك ئەوم دیوە كە زوو ئینسانی خستبێتە ژێر تەئسیری قسەكانی خۆیەوە.

مرۆڤێکی بەرزو ئینساندۆست بوو، بە تەواوی شارەزای مەسائیلی نێونەتەوەیی بوو، ئەمن بەش بە حالّی خۆم لەو بارەوە زۆر شتی لێ فێربووم و بە تەواوی وجوودمەوە خۆشم دەویست و کاتێکیش بە داخێکی گرانەوە لە دەستمان چوو، هەستم کرد دۆستێکی نزیکم لە دەست داوە.

## کۆنگرەی نۆ و خاڵێکی بڕیارنامەی گۆنگرە

کۆنگرەی نۆ، یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بوو . کۆنگرەی نۆ کە ئێوارەی 31ی 1991ی زاینی (30ی سەرماوەزی 1370) راست لە شەوی یەلدا شەوی لە دا یك بوونی قاسملوو نەمردا دەستی بە کاروباری خۆی کرد , پێشکەش بە یادی ئەو سەرداره کوردە کرا و ناوی پڕ لە ناوبانگی قاسملووی لە سەردانراو بە کۆنگرەی قاسملوو ناوبانگی دەرکرد.

لە خاڵێکی بریارنامەی ئەو کۆنگرەدا سیاسەتی کاسبکارانەی دەوڵەتی ئوتریش لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆرکردنی ئەو رێبەرە کوردە و هاوڕێیانی د ا مەحکووم کراو داوا لە هەموو کۆڕو کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان کرا کە فشاری زیاتر بخەنە سەر دەوڵەتی ئوتریش بۆ ئەوەی تیرۆریستەکانی ئاخوندی بێ پەردەو بەڕاشکاوی بە دنیا بناسێنی و عامیلانی ئەسڵی ئەو جینایەتە سامناکە کە بێجگە لە کاربەدەستانی رێژیمی ئاخوندی کەس ی دی نەبوو، لە قاوبدا.

## کۆنفرانسی نێونەتەوەیی و داوای روونکردنەوەی زیاتر

کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لە ژێر ناوی گەلی کورد "داهاتوویەکی بێ مافی ئینسانی" کە بە ئیبتکاری شیرهارد شروێدەر سەرۆك وەزیری دەوڵەتی ناوچەیی "ساکسی خواروو" و بە هاوکاری کومیتەی تێکۆشان بۆ مافی مرۆڤ

لە کوردستان، ڕۆژەکانی 27 و 28ی سێپتامبری 1991 لە شاری "بۆن" پێتەختی ئاڵمان پێك هات و بڕیارنامەیەکی دەرکرد.

خاڵێك لە بڕیارنامەی ئەو کۆنفرانسەدا ئەوە بوو کە : کۆنفرانس لە دەوڵەتی ئوتریشی داوای کرد، لێکۆڵینەوە لە بارەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە ویيەن کە بە دەستی نوێنەرانی ناردراوی ڕەسمی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کران تەواو بکاو وێڕای بڵاو کردنەوەی ئاکامەك انی لێکۆڵینەوە، پیاو کوژەکان بخاتە بەر ڕاودونان (تعقیب) ی قانوونی.

**پارلمانی "بۆلێت کامێرلاندێز"و پرسیار لە بارەی کارەساتی ویيەن** (13ی ژوئیە

لە 3ی فێۆریەی 1990دا، ئەندامی پارلمانی "بۆلێت کامێرلاندێز" لە پرسیار نامەیەکی پارلمان دا سەبارەت بە پێوەندیەکانی ئوتریش و ئێران ئەم پرسیارانەی کرد.

1. هیچ لێکۆڵینەوەیەکی دیکە لە سەر قاتڵەکانی دوکتور قاسملوو کراوە؟

2. ئەو لێکۆڵینەوانە کۆتاییان هاتووە؟

3. ئاکامی لێکۆڵینەوەکان چیە؟

لە وەڵامی ئەو سێ پرسیارەدا، ئاوا گوتراوە . لە کاتی لێکۆڵینەوەکان دا هەر چەشنە نیشانەو بەڵگەیەك کە توانیبێتی یارمەتی بە ڕوون کردنەوەی ڕووداوەکە بکا، کۆکراوەتەوە، لێکۆڵینەوەکە ڕاگیراوە، مەگەر وەزعێکی تازە بێتە پێش، ئەو سێ ئێرانیەیی حوکمی گرتنیان دراوە، گومانیان لێدەکرێت کارەکەیان کردبێ.

4. حوکمی گرتنی صحرا ڕوودی و بزورگیان هەر لە جێی خۆیەتی؟

5. ئایا لە ڕادەی نێونەتەوەیی دا حوکمی گیرانی تاوانبارە ئەسڵیەکان دراوە؟

لە وەڵامی ئەو دوپرسیارەدا، تەنیا ئاوا وەڵام دەدرێتەوە: بەڵێ.

6. ئەگەر لە داهاتوودا رووداوی لەم چەشنە دووپات بێتەوە (هەروەکو کوژرانی سێ نوێنەری حیزبی دێموکرات ) ئامادەن لە لایەن ئوتریش دەوە "ئیقدام"ی ئەمنییەتی ئەنجام بدەن؟

لە وەلامی ئەم پرسیارەش دا، ئاوا وەلام دەدرێتەوە: دەزگای ئەمنییەتی‌یەکانی ئوتریش لە پێك هاتنی ئەو چاوپێکەوتنەو حوزووری کەسانێك کە گیانیان لە مەترسی دابێ، ئاگادار نەبوون، ئەگەر دەزگا ئەمنییەتی یەکانی ئوتریش ئاگادار بکرێن لەو جۆرە حالەتی دا دیارە بە گوێرەی مەترسی‌یەکە هەنگاوی ئەمنییەتی دەنێ.

دوکتور قاسملوو سێ ساعەت و بیست دەقیقە پێش تیرۆرکرانی لەگەڵ عەبدولای قادر و نوێنەری حیزب دەچێتەوە وەزارەتی ئیونۆی ئوتریش لێرەدا ئەوە باش دەردەکەوێت کە دەوڵەتی ئوتریش لەو دانیشتنەی سەرانی کورد و ناردراو انی رێژیم ئاگادار بوەو کورت والدهایم و ....... باش دەیزانی چی روودەدا، هەر بۆیەش دەزگا ئەمنییەتی‌یەکانی ئەو ولاتە ی لەوە ئاگادار نەکردبوو. ئەوتا دەزگای ئەمنییەتی‌یەکانی ئوتریش خۆیان گوتوویانە : ئەگەر شتێکی مەترسی داری لەو بابەتە بێت و ئاگادار ب کرێن، بە گوێرەی مەترسی‌یەکە ئیقدام دەکەن.

سەفەری کورت والدهایم دوای کارەساتی وییەن دەری خست کە لەو کارەساتەدا کەین بەشێك بووە لە خۆرانەبوو لە کاتی چوون ی بۆ تاران سوژدەی بۆ قەبری خومەی‌نی برد کە بە هۆی سیاسەتی غەیرە ئینسانی و پێشێل کردنی عەداڵەت، کەوتە بەر نارەزایەتی زۆر لە خەلکی ولاتی ئوتریش و ئەفکاری ئاشتی‌خوازی جیهانی.

**عەبدوڵلا حەسەن زادە**

**خوازیاری وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی تیرۆری قاسملوو**

رۆژی 1994/4/24ی زاینی، عەبدوڵلا حەسەن زادە، سکرتێری گشتی ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کورستان، لە مەر کارەساتی وییەن، نامەیەکی بۆ "ریکتۆر کلیما" سەرۆکی حیزبی سۆسیال دێموکرات و سەدری ئەعزەمی ئوتریش نووسی و کارەساتی رۆژی 13ی ژوئیەی 1989ی بیر هێنایەوەو داوای لێکرد کە لە تواناو دەسەلاتی حیزبی و دەوڵەتی خۆیانەوە کەڵك وەربگرن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پەروەندەی تیرۆری قاسملوو و هاوڕێ یانی وەگەڕ بخەنەوە تا بەشداربووان و دەستوور دەرانی ئەو تیرۆرە بە جیهان بناسرێن.

**مامۆستا عبداللّه حسن زاده** :

ئەوە کە بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان هەمیشە سروشتیکی ئینسانی و پێشکەوتوانی هەبووە لە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکاندا رێزو ئێعتبارێکی زۆری هەیە ، بە پلەی یەکەم بەرهەمی رێنوێنی زانایانەی دوکتور قاسملوویە. بە راشکاوی دەتوانین بڵێین کە کەمتر رێبەرێك لە نێو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی گەلانی زۆر لێکراودا هەبێ کە بە ئەندازەی قاسملوو خزمەتی بە بەرەو پێش بردنی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەی کردبێ و نەخشێکی وەهای گێڕابێ.

**حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئوتریش و داوای وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی تیرۆری قاسملوو و هاوڕێیانی**

دوای مەحکووم کردنی قاتڵەکانی جینایەتی ریستورانی میکونووس لە سەرووی هەموویانەوە بەرپۆوەبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دادگای برلین دا، مەسەلەی تیرۆر کرانی دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلای قادری هاتەوە گۆڕێ و نوێنەرانی پارلمانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئوتریش داوایان

کرد کە کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوەی پارلمان بۆ پێ راگەیشتنی سەر لە نوێی پەروەندەی تیرۆری قاسملوو و هاوڕێیانی پێك بێت.

لە کاتی ئاخرین بریاری دادگای میکونووس دا، حیزبە سیاسیە مخالیفەکان و چاپەمەنیی ئوتریش، دەوڵەتی ئەو کاتیان تاوانبار کردو داوایان کرد کە کومیسیۆنێکی لێکۆڵینەوەی پارلمانی پێك بێ هەتا پەردە لە سەر هاوکاریی نێوان دەوڵەتی ئوتریش و ئێران و بە تایبەتی ئەو پەروەندە هەڵبداتەوە.

سەرۆکی ئەمنیەتی ئوتریش رای گەیاند کە هەرچەند دەوڵەتی ئێران لە سەر پەروەندەی ئەو تیرۆرە دەوڵەتی ئوتریشی خستە ژێر فشار، بەڵام وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئوتریش سیاسەتێکی گرتەبەر کە ئەو فشارە شوێن لە سەر رەوتی لێکۆڵینەوەکان دانەنێ . بەڵام حیزبە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆن و چاپەمەنیی وڵاتی ئوتریش بەو وەڵامانە رازی نەبوون و لە سەر داواکەیان پێیانداگرت و لە نیوەی دووهەمی مانگی مای 1997 دا حیزبی لیبراڵ، حیزبی ئازادو حیزبی سەوزەکان رایانگەیاند کە بۆ پێ داگوتن لە سەر پێك هاتنی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی پارلمان، هەتا رۆژی 10ی مانگی ژووئەن هەموو کارەکانی پارلمانیی خۆیان هەڵدەپەسێرن.

**چەند رستەیەك لە زمان "پیتر پیلز"**

"پیتر پیلز" یەکێك لە "وکلای دعاوی" ئوتریش و جێگری ئەنجوومەنی شاری وییەن، لە کۆبوونەوەی هاوبەشی یەکیەتی لایەنگرانی مافی مرۆڤ، "ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی کۆنگرەی ئەمریکا"لە رۆژی 10ی ساڵی 1997دا کە لە یەکێك لە ساختوومانەکانی کۆنگرەی ئەمریکا لە واشنگتۆن بەڕێوە چوو، گوتبووی: ئەگەر لە ساڵی 1989 دا ئوتریش ئەو دوو کەسەی لە قاتڵەکانی کوردەکان تەحویل دادگا داباو بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مەحاکمە کرابان، لەوانە بوو کە زنجیری تیرۆریزم بپچراباو لە وانەش بوو

تیرۆری میکونووس و دەیان قەتڵی دیکە لە ئورووپا و دەرەوەی ئورووپا
روویان نەدابا.

## مامۆستاحەسیب قەرەداغی بۆ لە دەست چوونی قاسملوو دوابوو

دوکتور قاسملوو گەلێك گەورە بوو لە کاتی شەهید بوونیدا وەك پێشتر باسی لێکرا، سەدان شاعیر دەستی خۆیان بۆ لە ئەژنۆدا و لە سەر گەورەیی و زانایی و شەخسی یەتی بە زمانی شاعیرانەی خۆیان لێی دوان . ئەوەتا مامۆستای نەمر حەسیب قەرەداغی دەڵێت:

که تۆیان کوشت دەستیان شکێ، دەیانزانی چاوی کوردی؟
دەیانزانی تۆ قەندیلی، پیرەمەگرونیی، هەڵگوردی،
لەم دنیادا چ نەفامی وا تێ دەگات تۆ مردوویت؟!
دوژمن، دوژمنی داخ لە دڵ، چاوکوێرو ئەستۆی وردی،
نە کورد گەلێکی بێ چاوە، نە کێوانیش هەڵدەکەنرێن،
ئەی رابەری تێکۆشەران ! تۆ ئیلهامی دەست و بردی
رۆژێك لە ئاڵای ئازادی ئاسۆی هیوا دەنەخشێنێ
دنیا هەمووی پێ دەزانی ئەی قاسملوو ! تۆ نەمردووی
هۆ گەلی کورد ! بابی خەم ستەمدیدەو زۆر لێ کراوا،
تۆ سیروانی کەف و کوڵی، بوار نادەیت و بێ پردی
هۆ پێشەوا ! هۆ قاسملوو ! هۆ رابەرێکی هەڵکەوتوو
چەمێ ئەشکی شاعیرێکی ئەم میللەتەم بۆ هاوردووی.

## یەکەمین کۆنگرەی مافی مرۆڤ لە کوردستان.

## مەدالیای شەرەفی خۆی بەخشی بە قاسملوو و .......

رۆژی 10ی دیسامبری 1991 (19ی سەرماوەزی 1370)، لە ساڵرۆژی دەرچوونی بەیاننامە جیهانی مافی مرۆڤ دا یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە شاری هەولێر بەرپا کرا.

لەو کۆنگرەدا دوکتور محم وود عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتی بەرەی ئەو کاتی باشووری کوردستان لە وتاری بەرەدا بۆ کۆنگرە، بە درێژی لە سەر شەخسی دوکتور قاسملوو لە مەیدانی دیفاع لە مافی مرۆڤ و هەوڵدانی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردی مافی مرۆڤ و کۆنفرانسی نێونەتەوەیی پاریس قسەی کردو رای گەیاندو گوتی : ئەم کۆنفرانسە بەرهەمی رەنجی دوکتور قاسملووی شەهید کە بە داخەوە دەستی تاوان نەی هێشت بەری ئەو رەنجە ببینێ.

لە بەیاننامەی کۆتایی ئەو کۆنگرەدا هاتووە کە : کۆنگرە نیشانەو مەدالیای شەرەفی خۆ ی بەخشی بە دوکتور قاسملوو و دۆستی گەورەی کورد خاتوو میتران.

## پێشنیاری کۆمیتەی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری قاسملوو و هاوڕێیانی

## حیزبی سەوزەکانی کۆماری خوازی ئوتریشی نوێ، کۆبوونەوەیەکی لەمەڕ پێوەندی نێوان دوو تیرۆری بیرلین و وییەن پێك هێنا.

حیزبی سەوزەکانی کۆماریخوازانی ئوتریشی نوێ، لە سەر دەست پێشخەری کومیتەی وەگەڕخستنەوەی پەروەندی تیرۆری قاسملوو و هاوڕێیانی ، رۆژی 1997/6/16 (26ی جۆزەردانی 1376) کۆبوونەوەیەکی لەمەر پێوەندی نێوان دوو تیرۆری بیرلین و وییەن پێك هێنا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێك حیزب و رێکخراوی دیکەی ئێران و "ئەریگ" وەکیلی بنەماڵەی یەکێك لە قووربانیەکان لە دادگای میکونووس و خانمی دوکتور

"پەترۆویچ" سەرۆكی فراكسیۆنی سەوزەكان لە پارلمان و "اوستن هوف " هەواڵنووسی بە ناوبانگی ئوتریشی لە ویەن تێیدا بەشدار بوون لەو لێكۆبوونەوەدا، پێوەندیەكانی نێوان دوو تیرۆری بیرلین و ویەن و هەروەها سەرپۆشی دانانی دەوڵەتی ئوتریش لە سەر پەروەندەی تیرۆری دوكتور قاسملوو , خرایە بەرباس ؟ رۆژی سێ شەممە 1997/6/17ی زاینی ، هەر بە بەشداری ئەو شەخسیەتانەی ناویان برا، كۆنفرانسێكی چاپەمەنی بۆ ئەو مەبەستانەی باسكران، لە ویەن پێك هات.

**چەند قسەیەكی دادگوستەری ئوتریش لەمەر هاتنەوە گۆڕێی پەروەندەی تیرۆری قاسملوو...**

رۆژی 12ی ژانویە ی 1998ی زاینی، دادگوستەری ئوتریش رایگەیاند كە لێكۆڵینەوە سەبارەت بە تیرۆر كراوەكانی 1989ی زاینی لە ویەن كە جارێكی دیكە هاتۆتەوە گۆڕێ، بە هیچ شێوەیەك نابێ كردەوەی ئیداری پێ بدرێ.

شكایەت دژی سەرۆك كۆماری رابردوو"توماس كلیستیل" و وەزارەتی رابردوو "فورنگیز" لویشتناك رموك مونتەفی دەبێ و لێكۆڵینەوە لە بارەی ئەو سێ ئێرانیە تاوانبارە لەو رابتەدا هەروا بە حاڵی خۆی دەمێنێتەوەو حووكم سەبارەت بە بازاداشتی ئەوان (ملخی خواهد شد) . دەوڵەتی ئوتریش حازر بە قبووڵی داوای پێك هاتنی كومیسیۆنی پارلمان نەبوو بەڵام موافقەتی كرد كە دادگوستەری ئوتریش لە بارەی ئەو پەروەند هەنگلو بنێ و لێكۆڵینەوەی تازە بكا .

**دوكتور پیتر پیلتس راستیەكانی دركاند**

دوكتور پیتر پیلتس لە دەهەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی قاسملوو و هاوڕێیانی دا گوتبووی : ئێمە هیچمان لەگەڵ پیاوك وژەكانی كە پێم وایە چوار كەس

بوون، پێ نەکرا . کەس جوابی کوردەکانی نەدایەوە فەزای سیاسی ئوتریش وای کرد قاتڵەکان بە ئیسکۆرتی پۆلیس چوونە فرۆکە خانەو پەروەندەکە بێ لێکۆڵینەوە داخرا.

چەند ساڵ دواتر دادگایەکی سەربەخۆ، زۆر شتی روون کردەوە و ئێمە توانیمان جارێکی دیکە پەروەندەی قاتڵی دوکتور قاسملوو زیندوو بکەینەوە . توانیمان زۆر شت کە لە بارەی پێش و پاش 13ی ژوئیەوە وەدەر بخەین . بۆمان دەرکەوت کە ئەوەی کراوە لە نەزانی نەبوە و بەڵکوو هەنگاوێکی ئاگایانەی سیاسی بوو کە پێش کاری پۆلیس و دادگای گرتبوو . ئەو کەسەی ئەم تاوانەی پەردە پۆش کرد، ئێستا بازنشتەیە و لە ماڵی خۆی دانیشتووەو هیچ مەحاسبەیەك نەکرا.

## رێزگرتن لە سەرداری کورد قاسملوو

رۆژەکانی 1999/4/26، 1999/6/27، 1999/7/4، 6ی ژوئیەی 1999، 1999/7/13، 17ی ژوئیەی 1999، لە شارەکانی لۆزان لە سویس، ساڵۆنی دانیشگایەکی فرانکفۆری ئاڵمان، ئەسلۆ، وانکۆ وێری کانادا، پریزێین لە ویلایەتی کونینزلەندی ئوسترالیا، ساڵۆنی پارلمانی دانمارك، بێرن پایتەخ تی سویس، واشنگتۆنی ئەمریکا، ئەنستیتۆی کورد لە واشنگتۆن، وییەن، رێورەسم و رێ پێوان و کۆڕ بە بۆنەی شەهیدانی وییەن کە لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و کوردەکانی نیشتەجێ لەو شارانەو نوێنەرانی پارتە سیاسیەکان وەك یەکیەتی نیشتمانی، پارتی دێ موکرات، پ .ك.ك، کۆمەڵە، راهی کا رگەر، رێکخراوە فیدائییان، شەخسی یەتە کوردەکان، نوێنەرانی رێکخراوە کوردەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە ئەمریکا بەرێوە چوون کە شەخسییەتەکانی وەك دوکتور نجم الدین کریمی سەرۆکی K-N-G لە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان و مامۆستا عومەر دزەیی هونەرمەندی

کورد، ئاغای مایك ئامێتەی سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە واشنگتۆن، دوکتور بەرهەم صالح، مامۆستا عبدالله حەسەن زادە سکرتێری گشتی ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خانمێك کە لە کەسایەتی بەناوبانگی سویس و ئەندامی حیزبی سوسیال دێموکرات و پارلمانی سویس، گ ولرادمرادی و عبدالله عێزەت پوور، پرۆفیسۆر شیرما مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانستگا S-F-N و بەرپرسی رێکخراوە هیندی رەگەزەکانی ئەمریکای شیمال و دوکتور "مهند" ئەندامی کۆمەڵەی بەربەرەکانیی ئەفریقای شیمال لە سویس، مهیدی زانا (هاوسەری خانمی لەیلا زانا)و کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستان کە لە 12 حیزب پێك هاتبوو ، بەشداربوون و هەموو ئەوانە، هەرکامەیان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتانەدا پەیامی خۆیان خوێندەوە کە لە مەراسیمێکیاندا هەیئەتێك چاوی بە سەفیری ئوتریش کەوت و ئیعترازیان لە هەڵوێستی ئوتریش گرت و سەفیری ئوتریش هیلم رت بیرنالیزیش بەڵێنی دا کە ئیعترازی ئەوان بە دەوڵەتی ئوتریش رابگەیێنێ

**لە دەهەمین ساڵیادی شەهیدانی وییەن دا**

لە یادو ب یرەوەری دەساڵەی شەهیدانی 13ی ژوئیە ی 1989دا، لە لایەن کومیتەکانی حیزبی دێموکرات و دۆستان و لا یەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبە کوردستانی و ئێرانی یەکان و زۆر شەخسیەتی جیهانی ، لە وڵاتەکانی سویس، ئاڵمان، کانادا، ئوستڕالیا، دانمارك، ئەمریکا، بەرێز و حورمەتەوە یاد لە سەرکردەی کورد و هاورێیانی کرایەوە کە زۆر شەخسیەت پەیامی هاودەردیان لە جیا جیادا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نارد.

**د. بیرنارد کۆشنێر** :

لە نەمانی تۆدا، وەك مرۆڤێکی رەخنەگر، قەسە خۆش، خاوەنی فەرهەنگێکی قووڵ و پێکەنینێکی شوێن دانەر  هەست بە کەمایەتی دەکەم . تۆ ژیانت لە رێگای گەلی کورد و لە پێناوی دێموکراسی دنیا داگردا بەخشی.
لەگەڵ ئەوە کە دۆستت بووین، هەست بە شانازی دەکەم . دەبێ هەوڵ بدەین لێوەشاوەیی و هەوڵ و تێکۆشان لە پێناوی بەدیهێنانی بیرو بۆچوون و ئامانجەکانی تۆمان هەبێ . بەڵێ خەباتی تۆ خەباتی ئێمەش بوو، هەر خەباتی ئێمەش دەبێ و گەلەکەت سەرئەنجام رۆژێك بە ئازادی دەگا.
قاسملوو، لە رۆژی بە خاك سپاردنت لە پێرلاشێز  ( درێژەدەرانی رێگاکەت و دۆستان و لایەنگرانی رێبازەکەت  ) بۆت گریان تا  بە فرمێسکی ئاوی چاوی خۆیان بە خاکی رێگای تۆ قورێك بۆ سەری دوژمنانی ئازادی بگرنەوە.

## ئسکۆت بەرو تاران

پیتر پیلتس، کتێبێکی بە ناوی  "ئیسکۆت بەرەو تاران "  لە بارەی رووداوی تیرۆری دوکتور قاسملوو، نووسی و رۆژی چوارشەممەی 1997/10/29 (9ی خەزەڵوەری 1376) لە دەرەوەی وڵات بڵاوی کردەوە.
لەو کتێبە دا سەرەتایەك لە بارەی مێژووی کورد  باس کراوەو باسێکیش لە سەر شەخسیەتی دوکتور قاسملوو و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا نو وسراوە و بەشی زۆریشی تەرخان کرد  وە بۆ چۆنیەتی، چوونی تیرۆریستەکان بۆ وڵاتی ئوتریش و رووداوی 13ی ژوئەی 1989 کە دوکتور قاسملووی تێدا تیرۆر کرا.

**مامۆستا عبداللە حسن زادە** :

دوکتور قاسملوو تەنیا رێبەری قارەما  نی گەورە بۆ هەموو کوردان نەبوو، بەڵکوو سەرچاوەیەکی مەعنەوی سەر شار بوو بۆ هەموو بەشەرییەت . ئەوە

نیە دەبینین پر ەنسیپەكانی ئەو لە بارەی دێموكراسی و پاراستنی حقووقی ئینسانەكان، حەتا لە كاتی شەڕ، ئەمڕۆ لە لایەن زۆران وەك سەرمەشق بە كار دەبرێ . ئەوە نیە كە س یستمی فیدرالی‌یەك كە ئەو بۆ چارەسەری مەسەلەی خەڵكی كورد و ئێران داوای دەكرد ئەمڕۆ بۆ چارەسەری مەسەلەو موشكلات لە ناوچەكانی دیكەی جیهان كەڵكی لێ وەردەگیرێ و رۆژێك دێتە پێش كە ئەوە لە پێشكەوتن و وەزعی‌یەتی سیاسی كورد لە بارەی كوردستان هەم بەڕێوە بچێ.

**بیرنارد گرانژۆن** :

دوكتور برنارد گرانژن سەرۆكی ئیفتخاری رێكخراو ی پزیشكانی جیهان لە بیرەوەری دوكتور قاسملوو لە یادی خاتراتی خۆی دا كە بە دەعوەتی مەسئولانی رێكخراوی پزیشكانی جیهان لە "ژیناك" هەڵكەوتوو لە ناوچەی "مارسی" فەرانسە كۆبوونەوەیەك بەرپا كرابوو، گوتبووی: نابێ لە بیرمان بچێتەوە كە كەسێك كە ب وە هۆی ئەوەی ئێمە بچینە كوردستان و لەگەڵ خەڵكی كوردستان ئاشنا بین دوكتور قاسملوو بوو.

بە ئیحترامی یادو بیرەوەری ئەو ئینسانە گەورە پێشنیار دەكەم ئەگەر موافق بن ئەو كۆبوونەوە بە نێوی (یادو بیرەوەری دوكتور ق اسملوو و یادێك لە خاتراتی خۆشی كوردستان ) ناوبنرێ كە بە تێكڕای دەنگ تەئید كراو هەر ئەو ناوەشی بۆ دانرا.

"ژنرال لوكوك" لە سەرەتای دەست پێ كردنی شەڕی ئیستعماری لە هیند دا گوتوویەتی: ئەندیشە و مەرام ناتوانێ بە گوللە لە بەین ببرێ و دیتمان كە مێژوو دروستی گوتەی ئەوی بە ئیسپات گەیاند وەو ئەو گوتەیەش سەبارەت بە دوكتور قاسملوو پێش لە هەموو كەسی دیكە دروستی نیشان داوەو

دەرکەوتوە . جگە لەوەش گوتبوو ی: دەبینین کە ئەندیشەکانی قاسملووی نەمر سەبارەت بە تەئمینی ژیانی باشتر بۆ بەشەرییەت ئێمە رێنوێنی دەکا.
دوکتور قاسملوو بۆ ئێمە تەنیا کەسێك نەبوو کە بە باشی ئەو گیروگرفتانەی لە کاتی ئەنجامدانی خزمەتە ئینسانییەکاندا دەهاتنە سەر رێمان دەرکی دەکردین. بەرزتر بوو، ئەو بۆ ئێمە نموونەی مرۆڤدۆستێکی گەورە بوو .
ئەگەر بمەوێ تایبەتمەندی دوکتور قاسملوو باشتر دەربخەم لە و یەك دوو وتانە، هی دوك تور قاسملوو خۆیەتی گوتەیەك کە حەزدەکەم دووپاتی بکەمەوە و پێم وایە هەتاهەتایە، هە تا دوا ساتی ژیانیشم دەیلێمەوە ئەویش ئەوەیە: دەزانی لە نێوان قەناعەت پێ هێنان و داسەپاندن، قەناعەت پێهێنان سەختترەو کات و ماندوو بوونی زیاتر دەوێ . بەڵام سەرئەنجام ئەو کەسە سەردەکەوێ کە لە رێگای قەناعەت پێ هێنانەوە گیروگرفتەکان چارەسەر دەکا.
وتەکەی دیکە هی منداڵێکی هەشت ساڵەی کوردە چەند مانگ دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئەوکات لە ماتەمی لە دەست چوونی شەخسییەتێکی ئاوا گرینگ دابوو، چاوم بە منداڵێك کەوت و لێم پرسی : دوکتور قاسملوو بۆ تۆ سەمبولی چ شتێك بوو؟ ئەو منداڵە لە وەڵامدا گوتی : "دێموکراسی". من پێم وایە ئەو منداڵە هەموو تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملووی بەم یەك وشەیە دەربڕی.

**پییەر مۆروا** :

پییەر مۆروا سەرۆکی ئەو کاتی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە مەراسمی دەهەمین ساڵرۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسلموو و هاورێیانی د ا لە سەر گلکۆی ئەوان لە پێرلاشێزی پاریس پێتەختی فەرانسە دەڵێت: بە ناوی خۆم و بە ناوی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست و 141 رێکخراوی ئەندامەوە، بە یادی دوکتور قاسملووی شەهید سەری رێز دادەنوێنم.

**مادام دانیال میتران** :

مادام دانیال میتران هاوسەری فرانسۆمیتران سەرکۆماری پێشووی فەرانسە , لە دەهەمین ساڵرۆژی تیرۆرکرانی قاسملوودا، لە پە یامی خۆی دا دەڵێت : عبدالرحمن قاسملوو مرۆڤدۆست و لایەنگری ئاشتی بوو و باوەر ێکی قووڵی بە ئاشتی هەبوو کە لە سەر بناخ ەی ئەم باوەرەش بوو کە هەموو هەوڵەکانی بە کار هێنا تا لە رێگای ئاشتی یەوە لەگەڵ دەوڵەت وتوویژ بکا و قەناعەت بەو دەوڵەتە بێنێ کە ئێرانی یەکان و کوردەکان دەتوانن پێکەوە بژین و هەروەها جگە لە کوشتارو قەلاچۆکردن، رێگایەکی دیکە بۆ لێك حاڵی بوون و لێك نزیك بوونەوە هەیە کە راست لە کاتی جێ بەجێ کردنی ئەم مەحموورەتی یە ئاشتیخوازانەیەبوو کە کوژرا و بە کوژرانی ئەو بێزاری و نەفەرەتێکی گەورە دژی کۆماری ئیسلامی پێك هات و بیرورای گشتی داگرت.

**ئالین شینال** :

هەر لە دەهەمین ساڵرۆژی یادکردن ەوەی دوکتور قاسملوودا، ئالین شین ال دەبیری نەتەوەیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە کاروباری مەدیتەرانەدا ، دەڵێت: دوکتور قاسملوو لە هەموو رۆژهەلاتی نیزی ك دا شەخسییەتێك بوو کە ئێمە ها وتایەکمان بۆ ئەو بەد ی نەکرد. دۆستێکی راستەقینە بوو ئێمە متمانەی تەواومان پێێ بوو، روانگەیەکی مۆدێرنی هەبوو بە بڕوای دوکتور قاسملوو هیچ هۆیەك نەیتوانی ئەم مەسەلەیە پاساو بداتەوە کە رۆژهەلاتی

نێوەڕاست لە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنی جیهانی بێبەش وەمێنێ و لەم بارەوە دوکتور قاسملوو ئالاهەلگرو پێشڕەو بوو.

دوکتور قاسملوو وەك دۆستێك هەمیشە یارمەتی دەداین، بۆ وێنە دەتوانم نەخش و هاوکا ریی کاریگەری ئەو لە ئازادکردنی ب ارمەتەکان لە سەرەتای دەیەیی هەشتادا، بیربێنمەوە.

شەخسیەتی دوکتور قاسملوو زۆر لەوە گەورەتر بوو کە لە پاوان کەسێ دابێ، دولئتور قاسملوو لە نێو بنەماڵە ی سوسیال دێموکراتەکاندا زۆر زوو جێگای خۆی دیتەوە و ئەندامەتی لەو بنەماڵەدا پێ خۆش بوو.

**دوکتور بیرنارد کۆشنێر** :

وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی ئەو کاتی فەرانسە دوکتور بێرنارد کۆشنێر لە دەهەمین سالڕۆژی یادکردنەوەی دوکتور قاسمل وودا دەڵێ : قاتلەکان هەر ئەوانە بوون کەسێ دوستی دیکەیان شەرەفەکەند ی، عبدوولی و ئەردەلانیشیان لە 17ی سپتامبری 1992دا لە بیرلین ـ ی ئالمان شەهید کرد. هەموویان بە هۆی بەرپرسانی ولاتی خۆیان واتە ئێران ( دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی ئێران ) کوژران. بەرپرسانێك کە بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆیان بە هەموو نرخێك تیرۆریزمی دەولەتی لە دژی هاونیشتمانانی خۆیان بە دژی ئازادی و لە دژی کەسایەتیەکانی ولاتی خۆیان بە کار دێنن.

**پیرلاشێزی پاریس**

ڕۆژی سێ شەممە، 13ی ژوئیەی سالی 1999ی زاینی ساعەت 1ی پاش نیوەڕۆ بە بۆنەی دەهەمین س الڕۆژی شەهیدانی وییەن , ڕێوڕەسمێك لە پیرلاشێزی پاریس پێك هات.

لەو ڕێوڕەسمەدا جگە لە بابا عەلی مهرپەروەر ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات کاك فەتاحی کاویان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو

كاتی حیزبی دێموكرات كە ژمارەیەكی یەكجار زۆر لە كەسایەتی سەرناس و كۆمەڵایەتی‌یەكان و نوێنەرانی حیزب و رێكخراوەكانی ئێرانی و كورد تێدا بەشدار بوون، گڵكۆی شەهیدەكانیان بە چەپكە گوڵ داپۆشی و ئەمەگناسی خۆیان بەرانبەر بە قاسملوو دەربڕی ئەو یادكردنەوە , هەر لە یەكەم ساڵی شەهید بوونیەوە تا ئێستا , هەموو ساڵێك بەردەوام لە رۆژی 13 ی ژوئیەدا دەكرێتەوە و رێز لە قاسملوو دەگیرێ .

## رێوڕەسمی یادكردنەوە لە زانستگای كوول پینیگ هاوس

ساعەت 6ی ئێوارەی رۆژی سێ شەممە 13ی ژوئی ەی 1999 (12ی پووشپەڕی 1378) لە ساڵۆنی زانستگای "كوول پینیگ هاوس (kolping Hwasc) بەبۆنەی دەهەمین ساڵی شەهیدان دوكتور قاسملوو و هاوڕێكانی مەراسمێكی بەرپاكراو بە وتاری كورتی بەخێرهاتن لە لایەن نوێنەری پێوەندی‌یەكانی حیزبی دێموكرات لە ئوتریش دەستی پێ كردو دوای دەقیقەیەك بێ دەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی شەهیدان، مامۆستا عبدالله حەسەن زادە سكرتێری گشتی ئەو كاتی حیزب قسەی كردو پاش سپاس بۆ بەشدارانی ئەو مراسمە، هاتە سەر باسی كارەساتی 13ی ژوئیەی لە وییەن كە لە درێژەی باسەكەی دا گوتی : شتێكی باری ئەو كارەساتەی لە سەر دڵی رێبورانی رێگای حەق و حەداڵەت قورستر كرد ئەوە بوو كە ئەو قەتڵە سیاسی‌یە لە ولاتێكی پێشكەوتووی ئورووپایی رووی داو جینایەتكارانیش بە ئاسانی توانیان لە چەنگی عەداڵەت رزگاربن.

زۆر جێگای داخە و هەر لەو كاتەدا سەرسوڕمان بوو كە لە كاتێك دا تیرۆریستەكان بە جل و بەرگی خوێناوی‌یەوە كەوتبوونە بەر دەستی پۆلیسی ئوتریش، ئیجازە بە دەزگای قەزایی نەدرا ئەوەندە رایان بگرێ تا لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ بكاو چەندو چۆنی كارەساتە كە روون بكاتەوە.

## کۆنفرانسی چاپەمەنیی لە پاریس

حەوتەیەك پاش تیرۆری "میکونووس" بۆ بەشداری لە ك ۆنفرانسێکی چاپەمەنی لە پاریس، "یوئاخیم ئیرێك" وەکیلی بنەماڵەی قوربانی یەکانی تیرۆری میکۆنووس بانگهێشتن دەکرێ و لەو کۆنفرانسەدا بۆ یەکەمجار چاوی بە خێزانی دوکتور قاسملوو (هێلین قاسملوو) دەکەوێت و لەگەڵی ئاشنا دەبێ.
هێلین (خێزانی قاسملوو) پێی دەڵێ: هەر لە کاتی بۆ شوێن پێ هەڵگرتن و مەحکووم کردنی ئەو کەسانە ی فەرمانی قەتڵەکانیان داوە هیچ ئاکامێکی بە دواوە نەبوە. چونکە دەوڵەتی ئوتریش لە بە دوا دا چوونی قاتڵە کان و مەحکووم کردنی دەستوور دەرانی قە تڵەکان خۆ دەپارێزن، هیوادارم مەسەلەی ئەو قەتڵانەی لە بیرلەن روویان داوە وەکوو وییەنی لێ نەیە.
"ئیرێك" بە دڵنیایی قەولی پێ دەدا کە هەموو توانای خۆ ی وەگەڕبخا و هیوادرای دەدەبرێ بوو لێکۆڵینەوە لە قاتڵی شەرەفەکەندو عەبدوولی و . هومایون لە بیرلین و پێوەندی نێوان تیرۆرەکانی وییەن و بیرلین بۆ خەڵکی جیهان ئاشکرا بکا . کە دیترا کارەکەی وەڕاست گەڕاو دادگای میکۆنووس لە ساڵی 1993وە تا 1997 درێژەی کێشاو لە ماوەی موحاکەمە کردنەکەدا کە 247 رۆژی خایەندو دادگا گوێی لە شاهید دانی زیاتر لە 150 شاهید و پسپۆڕ راگرت و هەر لە یەکەم لاپەڕەکانی حووکمی نووسراوی دادگادا یەکەم هەنگاوی مێژوویی بە م ەبەستی سەلماندنی درێژەی تیرۆریزم ی دەوڵەتی ئێران دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان خرابوونە بە ر لێکۆڵینەوە، ئەو قەتڵانەی لە وییەن و بیرلین دا روویان دا لە راستی دا پێوەندییان پێکەوە هەبوو. ئەمیان (شەهیدبوونی دوکتور سەعید) درێژەی ئەوەی دیکە یان بوو.
دادگای بیرلین نە تەنیا کارێکی وەهای کرد کە خەتاو کەمتەرخەمی یەکانی دەزگاکانی دەزگای قەزایی ئوتریش دووبارە نەبنەوە، بەڵکوو نیشانی دا کە

تایبەتمەندیەکانی ئەو قەتلانە کە لە وییەن دا روویان دابوو وەکوو ئاڵقەیەکی گرینگ لە زنجیرەی ئەو هۆکارانە بە حی ساب بێن کە نیشانی ان دابوو دەستووردەرانی هەردوو قە تڵەکە لە بەرزترین پلەی دەوڵەتی ئێران دابوون.

دادگای بێرلین لە ماوەی کاری چەند ساڵەی خۆیدا سەرە ڕای ئەوەی کە دەوڵەتی ئوتریش قە تڵەکانی تا بەر دەرگای فرۆکە بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران بەڕێ کردن، توانی دەستو وردەرانی قاتڵی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە وییەن ـ یش مەحکووم بکا.

**بۆوابوو ؟ یەکەم تاوانباری کێ بوو ؟**

وەزیری دادگوستەری ئوتریش لە کۆبوونەوەیەکی گشتی دا پێی لەوەنابوو کە بۆ چی مەسەلەکە لە لای ەن کاربەدەستانی ئوتریشەوە پەردە پۆش کراوەو ئەو ئامانجانەی کە لە پشت ئەو بڕیارەبوون چ بوون . دیارە ئامانجی ئابووری بوون، بە پێچەوانەی ئەوە کە گوترابوو ترسی لە تیرۆریزمی ئێران بو و، بەڵکوو ئامانجی ئابووری بوو کە جارێکی دیکەش دیترابوو کە ئوتریش بۆ قازانجی ئابووری ئەو جۆرە رەفتارەی کردبوو. هەموو کەس دەیزانی ئوتریش تاوانبارە لە کارەساتی 13ی ژوئیەی 1989دا پۆلیس، دادگا، وەزیری دەرەوە دەبوو قازانجی ئوتریش فیدا بکەن، بەڵام حازر نەبوون وابکەن گرینگترین کەسی ئەوانە کە ئیجازەیان دا قاتڵەکان دەرباز بن سەرکۆماری ئەو کات بوو کە جوابێکیشی نەداوە.

**وەزیری دادگوستەری** :

وەزیری دادگوستەری هەر ئەو کات دەڵێ: زۆرمان حەول دا کە لە پارلمان دا ئەو جەریانە روون بکەینەوە بەلاّم موخالیفەت کرا. نەیان هێشت لە سەکۆمار بپرسرێ. کاتێك لە 13ی ژوئیەدا تەلەفۆنێکی بۆ کرا ئەو هیچ ئیقدامێکی نەکرد !!!

"پلێقس" پێی وایە پێش رووداوەکە تەلەفۆنێك کراوە کە 3 کوردی ئێرانی لە مەترسی تیرۆر دان.

ئەو کات هەموو بەرپرسەکان گوتیان حاڵەتێکی "اصطراری" (نائاسایی) بوو، هەر دەبوو بەو جۆرە رەفتار بکرێ. نەمان دەتوانی تیرۆریستەکان راگرین لە دادگای میکۆنووس "هیلموت شیمێت" گوتبووی: ئێمە دەبێ دیفاع لە قانوون بلکەین نە ك لە دەوڵەت ئەمرۆ ترسنۆکیی سیاسی بۆتە گەورەترین کۆسپی سەر رێگای ئێوەو دۆستانتان لە کوردستان. بەلاّم شتێك گۆڕاوە، هەموو کەس مەسەلەی کورد دەناسێ، خەڵك لە مەسەلەی کوردو رۆژهەلاّتی نێوەڕاست ئاگادارن و دەزانن کە کوردەکان لە ئێران و تورکیەو عێراق و سوورییە دەژین، دەزانن کە شاری ئەستەمبووڵ بە تەنیا چوار میلیۆن کوردی لێ یە و لە ئاڵمان نیو میلیۆن کورد هەیە . ئێستا کەس ناتوانێ مەسەلەی کورد بشارێتەوە، کەس نازانی تورکیە و یەکەکە چۆن دەچنە پێش، وادیارە تورکیە هەلۆێستی خۆی ناگۆڕێ، ئەمە دەتوانی ئەمنییەتی ئورووپاش بشێوێنێ.

بە نەزەری من ئوتریش دەبێ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد تێ بکۆشێ . دەمەوێ بە هەمووان سابیت بکەم کە پێویستە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بۆ مەسەلەی کورد پێك بێ. تورکیە بەشدار دەبێ یانا؟ پرسیارێکە، بەلاّم دەبێ دیالۆك دەست پێ بکا. دەبێ یەکەلەکەش بەشداربێ.

## لە دەهەمین ساڵرۆژی شەهیدانی ڤییەن، قاسملوو و هاوڕێیانی

لەو یادکردنەوەدا پەیامی یەکیەتی نیشتمانی راهی کاریگەرو پە یامی هاوبەشی چریکەکان و کۆماری خوازانی میللی ئێران و حیزبی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران خوێندرایەوەو بە دوا ئەوانەشدا پەیامی پارتی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە پێشکەش کرا . لەوێدا گوترا: ئەو رۆژەی ئێمە کوردەکان دەمان هەویست جەنازەی دوکتور قاسملوو تا فرۆکەخانە بە درەقە بکەین دەوڵەتی ئوتریش پێشی پێ گرتین و نەی هێشت. بەڵام بۆ خۆی تیرۆریستەکانی ئێرانی بە درەقە کردن.

بە دوای ئەو ەش دا پەیامی بنەماڵەی شەهید فازل رەسووڵ لە لایەن یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەکەی پێشکەش کراو بە دوای ئەویش دا بۆ ماوەی 15 دەقیقە پشوودرا. بە دوای ئەو پشوودانەدا دوکتور فیشێر سەرۆکی پارلمانی ئوتریش قسەی کرد و ناوبراو لە قسەکانی دا گوتی : هاتنم بۆ ئەم یادکردنەوە نیشانەی ئەوەیە کە دەمەوێ دۆستایەتیی خۆم لەگەڵ کورد و کوردەکانی دانیشتووی ئوتریش نیشان بدەم . کە تەماشای تەقویمی ساڵانی رابردوو دەکەم دەبینم کە ساعەت 10ی رۆژی 14ی ژوئیەی 1989 قەراری چاو پێکەوتنم لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەبوو . بەڵام سەری نەگرت، چونکە رۆژی پێشتر تیرۆرکرابوو . دوکتور قاسملوو، فازل رەسووڵ و بنەماڵەکەیم دەناسی. لە ماڵی ناوبراو لەگەڵ ئەحمەد بن بلا دانیشتبووین بۆ ئەوەی لە بارەی دۆستە کوردەکانمانەوە نەك هەر لە ئێران بەڵکوو لە هەموو کوردستان بیروڕا بگۆڕینەوە. ئەمن دوکتور قاسملووم و ەك سۆسیال دێموکرات دەناسی. ئەوم لە ستۆکهۆڵم لە دیدارێکی هاوبەشی لەگەڵ ویلی برانت دا بۆ وەدەرکەوت. قاسملوو ئینسانێکی ئ ازادو دێموکرات بوو، بۆی گرنگ بوو مەسەلەی کورد بە رێگای سیاسی و ئاشتیخوازانەدا چارەسەر بکرێ، هەموو وەخت خەباتی چەکدارانەی بە شتێکی ناچار و داسەپاو دادەنا . دوکتور

قاسملوو نەمردوە ئەو کەسە مردوە کە کەس یادی ناکاتەوە. بەڵێ جیگای داخ بوو کە زۆرینەی پارلمان ڕێگای نەدا کارەساتی وییەن بۆ جیهانیان هەر چەند ئەو کات روون بوو، روونتر بێتەوە و قاتڵەکان سزا بدرێن .جێگای داخە تا ئێستا عەداڵەت و دادپەروەری لەو بارەوە بەڕێوە نەچوە.

**خانمی دوکتور مادلێن پیترۆڤیج و...:**

بە دوای ئەوەشدا "خانمی دوکتور مادلین پیترۆڤیج " سەرۆکی سەوزەکان پەیامی خۆی خوێندەوەو لە پەیامەکەی دا گوتی : زۆر جێی داخە کە ئەم کارەساتە لە ئوتریش رووی داوەو ئەکەسەرییەتی پارلمان رێگ ای نەدا روون بێتەوەو قاتڵەکان سزا بدرێن.

دوای ئەویش هێلین خێزانی دوکتور قاسملوو و دوکتور وریا رەواندزی شەخسییەتی بەناوبانگی کوردی باشووری کوردستانی عێراق قسەیان کردو نەسرین قاسملووش (هێلین) گوتی: بەڕێزان !

دە ساڵ لە کوژرانی عبدالرحمن قاسملوو و ها وڕێیانی بە هۆی ئەو تیرۆریستانەی کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی و سەرکۆماری ئەوکات رەفسنجانی‌یەوە نێردرابوون، تێ دەپەڕێ . بە داخەوە تا ئێستا عەداڵەت و دادپەروەری لەم بارەیەوە بەڕێوە نەچ وە ئێستا کە ئێمە لەم رۆژەدا رێز لە یادو بیرەوەریان دەگرین زۆر گرنگە کە نەهێڵین ئەو مەسەلە لە بیر بکرێ، من نازانم و بۆم ناچێتەوە سەر یەك کە دوکتور قاسملوویان بۆ شەهید کرد . ئێستا کە مەسەلەی کۆسۆڤۆ و یوگوسلاوی هاتۆتە گۆڕێ و ناتۆ لە دژی دیکتاتۆری بۆ دابین کردنی دێموکراسی هەنگاوی هەڵێناوەتەوە، داخوا ناکرێ پاش دەساڵ کە تیرۆریستەکانیان ئازاد کردو ناردیاننەوە ئێران، کارێك بکەن؟ چ کەسانێك لەو کارەدا بەرپرس بوون؟ چ کەسانێك نەیان هێشت عەداڵەت بەڕێوە بچێ؟ ئەمڕۆ پیترپیلتس و خەڵکی دیکەو بیروڕای گشتی هاواری

بەڕێوە بردنی عەدالەت دەکەن . نابێ لەو ز یاتر مەسەلە ئابووری ەکان کۆسپی سەر ڕێگای بەڕێوەچوونی عەدالەت بن . ئەگەر چی تا ئێستا و پاش دە ساڵ ئەو مەسەلە چارەسەر نەکراوە، بەڵام دڵنیام کە سەرئەنجام ڕۆژێك ڕاستی دەردەکەوێ و عەدالەت بەڕێوە دەچێ.

لە بەشی دوایی مەراسمەکەدا، پەیامی پارتی دێموکراتی کور دستان و حیزبی توودە ڕاگەیاندراو ئەمجار شێعرێکی نیشتمانی لەو پێوەندیەدا لە لایەن کاك ئازاد کە کوردێکی باشووری کوردستان بوو، خوێندرایەوە . دواتر پەیامی پەکەکە پێشکەش کراو بە دوا ئەویش دا پەیامی چریکی ئەقەلیەت خوێندرایەوە کە لەوێ دا ئیشارە بە شەخسییەتی دوکتور قاسملوو و نێوەرۆکی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی و قازانج پەرستی دەوڵەتی ئوتریش کرا. ئەمجار پەیامی سازمانی یەکیەتی فەدائیان پێشکەش کراو تێیدا هاتبوو یادی ئینسانێك دەکەین کە یەکێك لە گەورەترین سیاسەتمەدارا نی دەوری ئێمە بوو سیاسەتمەدارێك بوو کە لە باری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی یەوە , پلەیەکی بەرزی هەبوو بە تەئکید یەکێك لەو سیاسەتمەدارانە بوو کە هەموو لایەنەکانی سیاسەتی ئێرانی لە بەر چاو بوو، نەخشی قاسملوو نەك لە مەسایلی ئێران، بەڵکوو لە بارەی نێونەتەوەیی یەوە گەورە بوو . زۆری هەول دا بەرەیەکی دێموکراتی پێك بێنێ کە لە لایەن خەڵکی کوردستان و ئێرانەوە بایەخی پێ دەدرا . ئێران نەی دەویست مافەکانی کورد بدا لەشکری ناردە کو ردستان کە کورد قەت لە بیری ناچێ قاسملوو ڕێبەرێکی خەبات و بەربەرەکانی بە دژی ئەو هێرش و لشکرکێشی یە بوو. ئەو دەی یەویست لە ڕێگای ئاشتی یەوە مەسەلەی کورد حەل بکا کە تاقمێکیان تیرۆریست بۆ ناردو کوشتیان. بە لە دەست چوونی قاسملوو کورد زەبری وێ کەوت، بەڵام ئەو زەبرە خەباتەکەی نەوەستاندو هەروا درێژەی هەیە.

ئاخرین پەیامیش لە لایەن مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی ویەنەوە پێشکەش کراو مەراسمەکە بە پا رچە موسیقایەکی بەسۆز کە لە لایەن هونەرمەند رزگار خۆشناو بە عود پێشکەش کرابوو کۆتایی پێ هات.

**دیدار لەگەڵ "دوکتور فۆلکێرکلیر"و "خانم مادلین پیترۆڤیچ"**

رۆژی 14ی پووشپەڕی 1378ی هەتاوی لە پارلمان دیدارێك لەگەڵ "دوکتور فۆلکێرکلێر" (Voler Kler) سەرۆکی پارلمانی حیزبی لیبڕاڵ و جێگ ری سەرۆکی ئەو حیزبەو خانم مادلین پیترۆڤیچ (**Madleime Petvovie**) جێگری سەرۆکی حیزبی سەوزەکان و سەرۆکی گرووپی پارلمانیی سەوزەکان پێك هات کە هەردووکیان بەڵێنیان دا بۆ زیندوو کردنەوەی پەروەندەی قەتڵی دوکتور قاسملوو و، بۆ پێکهێنای کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لە سەر مەسەلەی کورد کار بکەن و لە هەموو بارێکەوە پشتیوانی داخوازە رەواکان و خەباتی خەڵکی کوردستان بن.

**سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە بروکسیل** :

رۆژی 13ی ژوئیەی 1999ی زاینی لە بروکسێل، دەرویش فەرهموو سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە بروکسێل لە پەیامی خۆی بۆ ح یزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی دەهەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە رۆژی 13ی ژوئیەی 1989ی زاینی لە وییەن , دەنووسێ:

دەساڵ لەمەوبەر، لەم رۆژەدا دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی ئینسانکوژەکانی رێژیمی ئیسلام ی ئێران شەهید کران . دوکتور قاسملوو لە کاتێك دا بەر گولله درا کە بە نیازپاکی و سەداقەتەوە بە دوای ئاشتی یەوە بوو.

دوژمنانی کورد و د وژمنانی ئاشتی بەم کارە نە تەنیا نێوەڕۆکی وەحشیانەی خۆیان ئاشکرا کرد بەڵکوو بە خەڵکی جیهانیان نیشان دا کە بەڕاستی

دوژمنی تەبایی و ئاشتین. بەڵام ڕێژیم زۆر لە هەڵە دابوو، چونکە نەی توانی ویست و ئیرادەی گەل بۆ گەیشتن بە ئاشتی و ئازادی لە نێو گەلی ئێمە دا تەواو بکاو بە کەڵك وەرگرتن لە ڕێنوێنیيەکانی زانایانەی دوکتور قاسملوو، درێژە بە ڕێگاکەی دەدرێ و درەنگ یا زوو بە ئامانجە لە مێژینەکانی خۆی دەکا.

یادو بیرەوەری ئەو هەمیشە زیندووە و ئ ەو ئامۆژگارییانەی بە ئێمە دان هەمیشە وەك مەشخ ەڵێکی ڕووناك , ڕوونلەرەوەی ڕێگای خەباتی گەلەکەمانن. لە هەل و مەرجی ناسکی ئەمڕۆدا نەبوونی ڕێبەرێکی زاناو لێ هاتووی وەك دوکتور قاسملوو , بۆ جووڵانەوەی کوردەکان زیاتر لە هەموو کاتێکی دیکە هەستی پێدەکری، مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی ئێران و بەکرێگیراوەکانی کە ئینسانێکی ئاوا گەورەیان شەهید کرد . قاسملوو لە یادو بیرماندا هەمیشە زیند ووە، مەرگو نەمان بۆ ئەو ڕێژیمە دڕەندەو زۆردارە . گەلی ئێمە زیندو وەو درێژە بە خەباتی خۆی دەداو سەرئەنجام بە ئامانجی دکتۆر قاسملوو کە ئازادی گەلی کوردە، دەگات.

**حەسەن ئەیوب زادە** :

حەسەن ئەیوب زادە : ئەو کات کە یەکەم نامەی قاسملوو لە لایەن جەعفەر حامیدیيەوە لە شاری بۆکان پێ گەیشت , گوڕو تینی لاویم لە کزی نەدابوو. خوێندنم تەواو کردبوو. قازی بووم دڵ کەیلی ئاوات و سەر لپاولپ بە هەستی ئازادی گەل سەر مەست بوو . دوکتور قاسملوو لە نامەکەدا نووسیبووی: برای بەڕێزم گەلی کورد بۆ رزگاری و گەیشتن بە ئامانجەکانی چاوی بڕیوەتە تێکۆشانی لا وە بە ئەزموون و پێگەیشتوەکانی ... وەڵامدانەوەش بەو داخوازییە ئەرکی ئێمەیە

یەکەم دیداری دوکتور قاسملوو بۆ من شادی بزوێن بوو ، هیوای بە دوا رۆژی رووناکی خەباتی کورد بوو ئەزموونی سیاسی و زانستی هەموو لایەنەی سەرنجراکێش بوون . رەخنەگرتن و نوکتەوێژیّ کی شاد هێنەرو توانای سەلمێندنی بیرو بۆچوونەکانی زۆر بو و. لە یەك وتەدا سیاسەتوانێکی شارەزا بوو بە تایبەتمەندی بەرزی مرۆڤێکی ئەم سەدەیەوە.

دوکتور قاسملوو بۆ کورد پەروەری ئەستێرەیەکی گەشی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

**جوناتان راندالّ** :

## قاسملوو لەگەڵ هەموو رێبەرانی دیکەی کورد جیاوازی هەبوو

راندالّ رۆژنامەوانی ئەمریکایی سەبارەت بە قاسملوو، دەڵێت : قاسملوو تا ئەو کاتەی مابوو، بەردەوام منی تووشی سەر سوڕمان دەکرد . قاسملوو تەنیا کوردێك بوو کە ئازایەتیی رێکەوتنی لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە هەبوو کە بۆ رێکەوتن دەچوونە لای . تێگەیشتن لە گارگێرانی جیهانی و پێوەندیی دۆستانەی بە سیاسەتوان، رۆژنامەوان و زانیارانەوە لە ئورووپا، رێگەیان دابوو کە بگاتە تروپکی پراگماتیی واتە ناسینی جیهانی راستییەکان کە بارزانی، ئۆجەلان، تاڵەبانی و پالمانتارە پێگەیشتوەکانی کورد لە تورکیا نەیانبوو.

تاقمێك لە کوردان لەو باوەڕە قایمەدان کە ئەگە ر قاسملوو مابایە، مەسەلەی گشتی کورد سەرکەوتنی زیاتری دەبوو، بەڵام ئەو ئەمڕۆ ئیدی شەهیدێکی دیکەی کوردە.

**قاسملوو** :

ساڵی 1965 قاسملوو دەنووسێ: ڕێبەرایەتی كردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد لە ژێر دەسەڵاتی خاوەن ملكە گەورەكان و دەسلاتی ئەواندا كارەساتێكی گەورەیە.

**دوكتور عەلی ڕەزا نووری زادە**:

لە ماوەی ژیانمدا چوار جار د . قاسملووم دیوە و شەش حەوت جا ریش بە تەلەفوون قسەم لەگەڵ كرد وە وتووێژەكەم لەگەڵ ئەو كە لە گۆڤاری "الدستور"دا بلاّو بۆوە، حەوتوویێك بەر لە كارەساتی وییەن ئەنجام درابوو . هەموو جارێ كە لە كوردستان را دەهات، تەلەفوونی دەكردو دەیگوت: دەستت نەڕزێ. ئیمام و جەماعەتەكەی چاك دەهەژێنی، ئەویش بە عەرەبی . منیش یەك بە دوای یەك دا هەواڵی نیشتمانم لێدەپرسی : داخوا ئیستاش پاسداری ئەردەبیلی لە ئیدارەی رادیۆ تەلەفزیۆنی سنە هەر وا رێ لە عاشقان دەگرێ؟ چووبوومە وییەن هەتا بۆ دواجار بیبینم و ئەمجارەیان بەرامبەری رابوەستم و بلێم: ماڵ ئاوا سەرۆك ! بەلاّم بزیشكی قانوونیی وییەن ڕێگای نەدا كە بۆ ماڵ ئاوایی لە د. قاسملوو بچینە ساردخانە لۆنەكەی ئەو شارە.

لەم بەختیارییە بێ بەش بووین كە چاومان پێی بكەوێ . شەو بوو، رێگامان دەبڕی، فرمێسك دەرەتانی قسە كردنی پێ نەدایین، تەنیا بە شوێن شوێنەوارەكانی دا دەگەڕاین . رقم لە خۆم بوو دەتگوت: راوەستاوم تا هاوڕێیەكم نوقمی خوێن بكرێ یان دڵی لە حەسرەت نی شتمانی باب و باپیرانی دا بوەستێ جا منیش دەست بكەم بە لاواندنەوەو "مرثیە"ی بۆ بنووسم.

هەواڵەكە زۆر تاڵ بوو . لەو هەوالاّنە بوو كە بە بیستنیان لە پڕ هەست دەكرێ تەنانەت تۆزقاڵێك هێز لە بەدەندا نەماوە هەتا هاوار بكەی بۆچی؟

سەرەتای بەیانیی 14ی ژوئیە بوو کە پەیتا، پەیتا خەبەر دەهات و زانیمان کە د. قاسملوویان بە یەکجاری لێ ئەستاندووین و ئەو باسانەی ساڵێ جارێك پێکەوە دەمانبوو، بۆ هەمیشە کۆتاییان پێ هاتووە. لە قووڵایی دڵمەوە خۆشم دەویست. مەگەر دەکرا قاسملوو بناسی و دەرگای دڵتی بۆ نەکەیەوە.

**شێخ عزالدین حوسێنی:**

تیرۆرو شەهید بوونی قاسملوو، رێبەری ناودارو دەبیری کوللی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی جێی داخ و کەسەرێکی زۆر گەورەیە کە ئینسان دەخاتە بوهتوو حەیرەتەوە . ئەمن لە ناکاو کوردی مەزن هەمزاغای مەنگورم هاتەوە بیر کە چۆن عەجەمان بە فێڵ و کەڵەك کوشتیان . دیارە باسی شەخسیەتی د. قاسملوو زۆری دەوێ. من لەم نامەدا نامەوێ بچمە ناو ئەو باسە. بەڵام ویستم وەك کوردێك بە بۆنەی شەهید بوونی د . قاسملوو و هاورێیانی هاودەردی خۆم بە ئێوەی بەڕێز کادرو ئەندامان و پێشمەرگەو هەوادارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان رابگەیێنم.

هەرچەند هەدەف لەم جینایەتە زەبر لێدان لە بزووتنەوەی گەلی بەشخوراوی کوردە، بەڵام خوێنی ئەم شەهیدە مەزنانە، د . قاسملوو و هاوڕێیانی کڵپی ئاوری شۆڕش خۆشتر دەکاو هەموو کوردێکی بەشەرەف ورەی بەرز دەبێ و قین و توانی تۆڵەی شۆڕشگێرانەی بە تین تر دەبێ.

**مێریلا گاڵیتی** (**رۆژنامە نووس و کورد ناسی ئیتالیایی**):

رۆژو مانگ کوژران، بەڵام تاقی ئاسمان و دڵەکانمان هەتا یە رووناك دەکەن. بژی کوردستان !

**هلا اشلومبرگر** (**رۆژنامە نووس و نووسەر و لیکۆڵەری ئاڵمانی مونیخ**:

ماتەمبار هەر وەك ئێوە (بەگشتی حیزب و خەڵکی کورد ) داماو لە بەیانی هەستی خۆم سەبارەت بە هەواڵی دوور لە باوەڕ ی مەرگی قاسملوو و دوو

كەس لە یارانی لە "ویيەن" لە حالێك دا چاوم فرمێسكی تێگەڕاوە، هەمووی ئێوە لە باوەش دەگرم.

**گۆڤاری "ئۆزگۆڕ گەلەجەك" ئەنكەرە** :

خەبەری دلتەزێنی هاوڕێی بەڕێز سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان و ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حی زب و بەرپرسی تەشكیلاتی دەرەوەی ولات، كاك عبدوللای قادری ئازەر، مەشخەلدارانی ئازادی بە دەستی دوژمنانی گەل، بە كرێگیراوانی رێژیمی پاشكەوتووی ئاخووندەكانی ئێران ـ مان بیست . ئەم خەبەرە تالە هەموو هەلسووڕێنەران و خوێن ەران و نووسەرانی گۆڤاری {ئۆزگۆڕ گەلەجەك}ی خستە نێو ماتەم و پەژارەیەكی گەورەوە.

**جەوهەر كرمانج** :

ئەی شابازی ولاتی كەو
تۆش وەك سمكۆ
لە سەر سفرە و خوانی میوانیا كوژرای
وەك تریفە، مانگە شەو
لە سەر رێی جلەوكێشی تیشكی دەمەو بەیانیا كوژرای
بە كوشتنت
ویستیان جارێكی دیكە سابلاغ !
لە خەم و خوێن هەل بكێشن
ویستیان بووكی كوردستان قژ خەناویم
بە كەزی و بسكان راكێشن
كوژرای چونكە دەیانزانی
هەموو دەمەو گرنگانێك وەكو بەوری تووڕەو

برسی
بە چنگە کڕێ بە شێوێ
بە روویان هەڵدەگەڕێی
بۆ پڕشنگی خۆی دەروانی
دەیانزانی
سەری بەرزت وەکو لووتکە
تیشك دێنێ بۆ وڵاتێ
کە نوقمی تاریکە شەو بوو و
دەستی رووناکی نایگاتێ
دەیانزانی
وەکو قەڵای دم دم سەختی و
دەست بە زنجیر دانایێی
دەیانزانی
ئەگەر هەموو لەشکری شاو سوڵتانەکان
دەوری بگرن
قەت بۆیان نایێتە رایێی
"تۆ دم دم قەڵای زێرین لەپی"
"لەشکری چەند شای پێ حەپی"
"هەتا خوێن لە جەستە گەڕا"
"بە پێوەما دانەتەپێ"

**مێهدی خانبابا تێهرانی** :

بزووتنەوەی کوردستان بۆ زۆر لە دەستکەوتەکانی خۆی قەرزدرای زانایی و زیرەکی سیاسی قاسملوویە . بەڕاستی دەتوانم بڵێم کە قاسملوو یەکێك لە لێوەشاوەترین سیاسەتمەدارانی ئێران بوو . ئەوەی لە کاتی مانەوەم لە کوردستاندا، شوێنی لە سەداناوم، ئەوەیەکە : دەمدی لە پێوەندی ئینسانیی نێوان رێبەران و کەسانی سادەو پێشمەرگەکانی حیزب ی دێموکرات دا هیچ فەرق و جیاوازیيەك نەبوو . پێشمەرگەکان بە رۆژ دەچوونە عەمەلیاتی نیزامی و شەوانەش لە دەوری یەك کۆدەبوو نەوەو بە سازو گۆرانی هەڵدەپەڕین و شادیان دەکردو قاسملووش دەیگوت : شۆڕش خەم خواردنی ناوێ، ئینسان شۆڕشی بۆ شەهید بوون ناوێ و شەهید بوونیش هەر لە جێ دا ئامانج نیە . ئینسان دەبێ هەوڵ بدا تا لە مەیدانی خەبات دا بیر لە ژیان بکاتەوە. ئەگەر شەهیدیش بوو، ئەوە شتێکە لە خەبات دا دێتە پێش . بەڵام مەبەست لە هەوڵ و تێکۆشانی ئینسان، ژیانێکی باشترەو هەمیشە دەبێ بیر لە ژیان بکرێتەوە . دەمهەوێ بڵێم : ئەم چەشنە بیر کردنەوەیەیی ئەو (قاسملوو) بردوویە نێو بزووتنەوەی کوردستان، بیر کردنەوەیەکی نوێ کە بە سەرنج دان بە دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان گرنگیيەکی دووقاتی هەیە. لایەنی دیکەی ئەم شێوە بیر کردنەوەیە، پێك هاتنی دەرەتان بۆ لەگەڵ یەك بەرەوڕوو بوونەوەی ئازادانەی بیروبۆچوون و روانگەکانە کە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەیەو نەك هەر بوونی موخالیفان ی تەحەموول دەکرێ، بەڵکوو هەر کەس دەتوانێ بە ئازادی بۆچوون و بیروڕای خۆی دەربڕێ . بە بڕوای من ئەوە لەو دەسکەوتانەیە کە قاسملوو لە پێکهێنانیاندا نەخشی زۆر بەرچاوی هەبوو . گرتنە پێشی ئەم سیاسەتە بوو بە هۆی ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبێتە دیلی سیاسەتە

سوونەتی‌یەكان، ئەو سیاسەتانەی كە پەیڕەوی لە یەك ئۆلگوی تایبەتی دەكەن و یان لە روانگەی ئۆلگویەكی دیاریكراوەوە دەڕواننە شۆڕش و سەركەوتنی خۆیان لە گرەوی پشتیوانی دەسەڵاتێكی خاریجی دا دەبینن.

**مەسعوو مەحمد** :

قاسملوو شەرەفی شەهادەت بە شوێنیەوەو گوڵاو پرژێنی (بۆن پرژێن) هەمووو مەودای عەمری تێپەڕێوی كرد وە. قاسملوو و هاوتاكانی، هەر یەكەیان زاوای نەمری بووكی وەك خاتوو زینێكن كە داستانی سەدان ساڵی كوردەواری ئاگر بە جەرگی گوێگرەوە دەنێ.

**تۆماس هامبر بێرگ** :

قاسملوو بۆ ئێمە پیاوێكی دەوڵەت (دولتمرد) بوو كە لە رادەی نێونەتەوەیی دا رێزی بۆ دادەنرا و توانایەكی دیپلۆماسی هەبوو كە رەنگە ئەمڕۆ هیچ رێبەرێكی دیكەی كورد نەیبێ . ئەو هەم وەك رێبەر ، هەم وەك رێكخەرو خاوەن نەزەرێك ، بایەخێكی زۆری بە مەسەلەی كوردستان دەدا . پیاوێكی گەرم و مێهرەبان و زۆر لە سەرخۆ بوو . بۆ ئێمە لە سوئێد ئەو لە خەباتی سیاسی و خەبات بۆ مافە ئینسانی‌یەكان و ئاشتی لە نووختە جۆراوجۆرەكانی دنیادا نموونە بوو . لە راستی دا ئەو بۆ ئێمە باوك بوو كە لە كارەكانماندا ئیلهامی دەداینێ.

**باتریك بوودان** :

دەم و ساتی وا هەن كە دیتنەوەی وشە بۆ قسە كردن دژوارە ئەو كاتانە كە وتار پێشكەش كردنیش تا رادەیەك وەك شتێكی بێ مانا دەچێ.

دەبێ بگوترێ كە لە دەم و ساتێكی ئاوادا تەنانەت بۆ ئەو كەسانەش كە لە مێژ ساڵە لە پێناوی مافی كوردەكاندا خەبات دەكەن كەمێك دڵساردی و نائومێدی پێوەیە . ئێستا جارێكی د یكە دوو خەباتگێڕ لە گەورەترین

خەباتگێڕانی ڕێگای ئامانجەکانی گەلی کورد بە شێوەیەکی ناجوانمێرانە شەهید کراون.

**جەلیل گادانی** :

لە شەوی یەڵدا شەو زستانی 1385، لە شوێنی کۆبوونەوە گشتی یەکان ناوەندی دووی کوردستان لە دەشتی کۆیە ، بە بۆنەی ڕۆژی لە دایك بو ونی قاسملوو، ڕێوڕەسمێك پێك هات . لەو شەوەدا جیا لە چەندین بەشی دیکەی ئەو مەراسمە، کاك جەلیل گادانی گوتی : قاسملوو کەسێکە کە هەتا، هەتایە نەتەوەی کورد شانازی پێوە دەکا و ئاشنایەتی منیش (جەلیل گادانی) لەگەڵ ئەودا بۆ ساڵی 1332 دەگەڕێتەوە.

قاسملوو ساڵێ 1332 لە مەهاباد لە ماڵی سولێمانی موعێنی کلاسێکی سیاسی کردەوە کە من و عەبدوڵڵا ئیسحاق و سولێمان موعێنی و قاسم ناوێك و چەندین مامۆستای دەبیرستان وەك : عومرانی زادە کە دەبیری زمانی فەرانسەوی بوو، محمدی ولایی کە دەبیری جغرافیا بوو , بزورگمەنیش و..... کە دەبیری علوومی ئیجتماعی و علوومی تەبیعی بوو ن لەو کلاسە دا بەشداریان کرد کە لە دوایشدا بە وردی تاقیکاری لە سەر هەمووان بەجێ گەیاند.

ئەو کلاسەی کە د . قاسملوو کردییەوە، یەکەم ئەزموونی ئامووزشی سیاسی بوو لە باوەشی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا.

بە دوا ئەوەدا کە حکوومەتی موسەدیق تێك چوو و زۆر لە کادرەکانی حیزبی دێموکرات یا گیران یا ئاوارە بوون قاسملوو نامەیەکی کە بە نێوی مستەعاری "شادی" ئیمزا کرابوو، بۆ ناردم کە هەموو ڕێکخراوەکانی شار بە هەموو چین و توێژەکانی و ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان، بازسازی بکەم . بە دوای ئەوەشدا

کە لە ناوچەی لاجان، کۆنفرانسێکی حیزبی دێموکرات پێك هات لەوێدا ئیسراری لە سەر پاراستنی سەربەخۆیی حیزبی دێموکرات کرد.

**پیێر مۆروا** :

دوکتور قاسملوو رێزێکی تایبەتی و یەکجار زۆری لای دێموکراتەکانی سەرانسەری جیهان بە تایبەتی سوسیال دێموکراتەکان هەبوو. ئەو سەمبوولی خەبات لە رێگای ئازادی و دێموکراسی و داد پەروەری بۆ زۆر لێکراوان بوو.

**حوسێن حداد** :

سلاوت لێ ئەی پیرلاشێز
قارەمانت گرتە ئامێز
وەك بیستوومە دەورو بەرت
راست و چەپ و خوارو سەرت
پڕە لە مرۆڤی ناودار
ئەدیب، شاعیرو خەباتکار
بەلام ئەی خاکی پیرلاشێز
ئەوەی تازەت هاتنە ئامێز
دوو قارەمان دوو خەباتکار
دوو گولە جەرگەی کوردی هەژار
یەك سەرداری دێموکراسی
مامۆستای بەرزی رێناسی
زانای فەلسەفەو ئابووری
نموونەی پاکی و روو سووری
هەم رێبەرو هەم پێشمەرگە
چل و چەند ساڵ ئەو بە چەرگە

خزمەتی گەلی کوردی کرد
بێ هەدادان  بە دەست برد
ئەو گەلی بە دونیا ناساند
دوژمنی ئەو گەلەی تاساند
دۆستی بۆ کوردان پەیدا کرد
دوژمنی کوردی رسوا کرد
دۆستی گەلانی ژێر دەست بوو
داشداری گەلی بێ دەست بوو
سەری لە رێی گەل دانا
هەرگیز بۆ دوژمن نەچەما
دەزانی کێیە قاسملوو
ئەوەی دوژمن نەترەی لێ چوو
ئەو رۆڵە کوردەی نیشتمان
لە هەر چوار پارچەی کوردستان
شەهید بوونی لە ناکاوی
خەبەری مەرگی بە تاوی
گەلی کوردی خستە ماتەم
خەبەری دەڕۆیی دەم بە دەم
ئەی پێرلاشێز هەرچەند دووری
تۆ لە پشت چەندین سنووری
بۆم دەست نادا بێمە بانت
ماچ کەم کێلی قەبرەکانت
دڵ و مێشکم چاو دەگێڕێ

ڕۆژو مانگت پێ دەسپێرێ

نامەو سڵاوم نارد لە بۆت

لە گیانی پاكی گشت گڵكۆت

گەلی كوردیش هاوار دەكات

ئازیزمان وا ناردە لات

بیانگرە ئامێزی گەرمت

لە ناو خاكی هێدی و نەرمت

ئەمانەتی گەلی كوردن

لە ڕێی سەربەستی كورد مردن

بە نامەردی شەهید كران

ڕێڕەوی ڕێگەی پێشەوان

تا كوردستان دەبێ سەربەست

باڵای تۆبن بە ئامانەت

كە گەلی كوردمان ئازاد بوو

بە وڵات و زێدی شاد بوو

دێن بۆ زیارەت سەرت دەدەن

تاجەگوڵت پێشكەش دەكەن

بۆڵێ/ 1368/5/12

## داواکاری‌یەکی بەجێ

پاش ئەوە کە تاقمێك لە کا ربەدەستانی رێژیمی ئاخووندی، کە گوایە یەکێك لە قاتڵەکانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، بە ناوی جەعفەر س ەحرا روودی ـ شیان لەگەڵدا بوو لە لایەن هێزەکانی ئەمریکا لە هەولێری پێ تەختی باشووری کوردستان گیران زیاتر لە شەست کەس لە کەسایەتی ئێرانی پێك هاتوو لە چالاکی سیاسی، نووسەر، رۆژنامەوان , تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤ، مامۆستای زانستگە، ئابووریزان، لێکۆڵەر و هونەرمەند و ئیدی نامەیەکی سەر ئاواڵەیان بۆ دەوڵەتی ئوتریش ناردو داوا یان لێکرد هەرچی زووتر هەنگاوی پێویست بۆ وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی جەعفەر سەحرا روودی، هەڵبگرێ.

## سەرچاوەكان :

1. كوردستان، ژمارە 124 لاپەڕەكانی (1. 2. 15. 20)
2. كوردستان، ژمارە 126 لاپەرەكانی (1. 16)
3. كوردستان، ژمارە 144 لاپەڕەكانی (11. 12. 15. 16. 17)
4. كوردستان، ژمارە 147 لاپەڕەكانی (12. 13)
5. كوردستان، ژمارە 162 لاپەرەكانی (4. 5. 6. 7. 8. 9)
6. كوردستان، ژمارە 152 لاپەرەكانی (11. 12. 13. 14. 15. 16. 20. 23. 24. 25. 26. 27. 28. 29. 31. 32. 33. 34. 35)
7. كوردستان، ژمارە 153 لاپەڕەكانی (21. 22)
8. كوردستان، ژمارە 155 لاپەڕەكانی (12. 20)
9. كوردستان، ژمارە 154 لاپەڕەكانی (12. 13)
10. كوردستان، ژمارە 157 لاپەڕەكانی (22. 23)
11. كوردستان، ژمارە 158 لاپەڕەكانی (1. 2)
12. كوردستان، ژمارە 273 لاپەڕەكانی (10. 11)
13. كوردستان، ژمارە 161 لاپەڕەكانی (1. 20)
14. كوردستان، ژمارە 187 لاپەڕەكانی (6. 7. 8. 12)
15. كوردستان، ژمارە 272 لاپەڕەكانی (8. 9. 16)
16. كوردستان، ژمارە 152 لاپەڕەكانی (1. 5. 8. 18. 19)
17. كوردستان، ژمارە 273 لاپەڕە (4)
18. كوردستان، ژمارە 164 لاپەڕەكانی (8. 9. 10. 12. 13. 14. 29. 18. 21. 24)
19. كوردستان، ژمارە 171 لاپەڕە (18)
20. كوردستان، ژمارە 145 لاپەڕە (18)

21ـ کوردستان، ژمارە 175 لاپەڕەکانی (22ـ 23ـ 28)
22ـ کوردستان، ژمارە 106 لاپەڕە (19)
23ـ کوردستان، ژمارە 96 لاپەڕە (25)
24ـ کوردستان، ژمارە 102 لاپەڕە (37)
25ـ کوردستان، ژمارە 178 لاپەڕەکانی (20ـ 21ـ 24)
26ـ کوردستان، ژمارە 179 لاپەڕەکانی (20ـ 22)
27ـ کوردستان، ژمارە 180 لاپەڕە (16)
28ـ کوردستان، ژمارە 181 لاپەڕەکانی (11ـ 12ـ 13)
29ـ کوردستان، ژمارە 187 لاپەڕەکانی (1ـ 2ـ 5ـ 6ـ 7ـ 8ـ 12ـ 13ـ 20ـ 21)
30ـ کوردستان، ژمارە 211 لاپەڕەکانی (1ـ 3ـ 4ـ 16ـ 17ـ 20)
31ـ کوردستان، ژمارە 272 لاپەڕەکانی (2ـ 3ـ 5ـ 6ـ 7ـ 8ـ 9ـ 10ـ 11ـ 12ـ 16ـ 17ـ 18ـ 19ـ 21ـ 26ـ 27)
32ـ کوردستان، ژمارە 317 لاپەڕەکانی (4ـ 5)
33ـ کوردستان، ژمارە 163 لاپەڕەکانی (6ـ 7ـ 8ـ 9ـ 10ـ 11ـ 12ـ 13ـ 14ـ 17ـ 18ـ 19ـ 21ـ 22ـ 23ـ 24ـ 25ـ 26ـ 27ـ 28ـ 29ـ 30ـ 32)
34ـ کوردستان، ژمارە 151 لاپەڕەکانی (5ـ 6ـ 10)
35ـ کوردستان، ژمارە 143 لاپەڕەکانی (1ـ 4)
36ـ کوردستان و کوردی (شەهید دوکتور قاسملوو) لاپەڕەکانی (3ـ 4ـ 5)
37ـ کوردستان، ژمارە 163 لاپەڕەکانی (4ـ 5)
38ـ کوردستان، ژمارە 103 لاپەڕەکانی (37ـ 38ـ 35)
39ـ کوردستان، ژمارە 106 لاپەڕە (16)
40ـ کوردستان، ژمارە 109 لاپەڕە (10)

41. کوردستان، ژمارە 112 لاپەڕە (6)

42. کوردستان، ژمارە 120 لاپەڕەکانی (1ـ 2ـ 6ـ 8)

43. کوردستان، ژمارە 369 لاپەڕەی (2)

44. تیشك، ژمارە 4 لاپەڕەکانی (42ـ 43، 44، 45ـ 46ـ 47ـ 48ـ 49ـ 50)

45. لاوان، ژمارە 37 لاپەڕەکانی (3ـ 4ـ 5ـ 6)

46. چل ساڵ خەبات، لاپەڕەکانی (61ـ 62)

47. لاوان ژمارە 27

48. نیوسەدە تێکۆشان ـ نووسینی مامۆستا عەبدالله حسن زادە

49. رەنگین، ژمارە 39 لاپەڕەی (10)

50. نیوسەدە تێکۆشانی نووسینی کاك جەلیل گادانی، لاپەڕەکانی (100ـ 121ـ 162ـ 165ـ 173ـ 174ـ 175ـ 176ـ 181ـ 201ـ 202ـ 203ـ 205ـ 344ـ 248ـ 249ـ 263ـ 270ـ 271ـ 272)

51. پەنجەکان یەکتر دەشکێنن، نووسینی کاك نەوشیروان مستەفا

52. تێکۆشەر، ژمارە 76 لاپەڕە (43) دەوری دوو، جۆزەردانی 1383

53ت خەبات خوازی کورد, نووسینی کریس کۆچێرا، وەرگێر، ئاسۆی حەسەن زادە 1999

54. ئیسکۆرت بەرەو تاران نووسینی پیتێر پلیتس .

55- قاسملوو لە رێبازدا زیندووە , نووسینی قادر وریا .



**سەرکردەی نەمر قاسملوو**

**لەگەڵ پێشمەرگەکانی لقی سێ ی هێزی موعێنی لە بنکەی سکرتاریەت**

**لە باشووری کوردستان**

1364 / 5 / 1